# وارڤین

گۆڤاریکی ژنانەیە دەزگای (وارڤین) 15 ڕۆژ جاریک دەری دەکات
ساڵی یەکەم/ ژمارەی بیست و سێ / 68 لاپەڕە/1500 دینار/١٦ـی جولای ٢٠١٠



## بەڕێوەبەری بانکێک دەستدرێژی سێکسی کردە سەر فەرمانبەرەکەی

---

## لەشەوانی عەنکاوە کێ کچە ئەسیوپییەکان دەباتەوە؟

## د.بەڵقیس: ئەگەر جاران ئەنتەرنێت هەبووایە شەوانە مێردێکم دەکرد

## عێراق زیاتر لە ٣ ژنە وەزیری دەبێت

# لە هەولێر بە ئاشکرا لەشفرۆشی دەکرێت

WARVIN.ORG



ئەفغانستان- کابول ٢٠١٠  ژنێکی ئەفغانی بە منداڵەکەیەوە لە نووسینگەی دەنگدان ناوی تۆمار دەکات.


ئیسماعیل بێشکچی بۆ وارڤین: دەوڵەتی تورکیا گوێ لــــە کــورد ناگرێت 10

چیرۆکی مێرمنداڵێکی کورد: لە کۆڵانەکانی زاخۆ بۆ بەهێزترین مافیاکانی نۆرویژ 14

ڕێبوار پاش کوشتنی براکەی چی لە براژنەکەی کرد؟ 25

ژنانی کوردستانیش سەیری مۆندیالیان کرد 37

شەهرام عەلیدی روفاتی ئەنفالی لە تابوت دەرهێنا 60



**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**ڕاوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید

**ڕاوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**هونەری:** ڕۆشنە عومەر roshnawarvin@yahoo.com

warvin.press@yahoo.com

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**

ڕێباز عەبدوڵڵا

07504624506

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813


www.netewe.com



## شارەدارێکی پارتی دادوگەشەپێدان سووکایەتی بە ژنی کورد دەکات

وارڤـیـن – ئـامـەد: شـارەدارێـکـی سـەر بە پارتی دادوگشەپێدان لە تورکیا رایگەیاندووە کە بۆ چارەسەری پرسی کورد پێویستە تورک ژنی کورد وەک ژنی دووهەم و سێهەم لەخۆیان مارە بکەن. لەبەرامبەر ئەو قسانەی شارەداری ئاکاپەیی رەزیە خەلیل دا بەپرسی لقی ئامەدی کۆمەڵەی ژنانی کەسک (فاتمە کیوجو) بە (وارڤین)ی راگەیاند کە رەزیە، بەو قسانەی خۆی ئاشکرای کردووە کە ژن وەک غەنیمەی شەڕەو سووکایەتییەکی گەورەی بە ژنی کـورد کـردووە. فاتیمە گوتی:»ئەو قسانەی رەزیـە، لە نەژادپەرستییەوە سەرچاوە دەگـرن و سووکایەتییەکی گەورەیە بەرامبەر بە ژنی کورد، بۆیە ئێمە لێیخۆش نابین و دەیدەینە دادگا». گوتیشی، بەداخەوە تائێستا بەرپرسانی حکوومەت هەڵوێستێکی ئەوتۆیان بەرامبەر بەو قسانەی رەزیە نەبووە.

**دیلار سەولەدار**

## کەرکووک: لەماوەی شەش مانگدا تەرمی ٧ ژن دۆزراوەتەوە

وارڤین: بەپێی ئامارێکی سەنتەری هەماهەنگی پۆلیسی کەرکووک، دەرکەوتووە، لەماوەی شەش مانگی سەرەتایی ساڵی ٢٠١٠ دا لە سنووری پارێزگای کەرکووک، تەرمی ٧ ژن بە کوژراوی دۆزراونەتەوە. بەپێی ئەو ئامارە، تەمەنی ژنەکان لەنێوان ٢٢ بۆ ٤٦ ساڵیدابووەو لە چەند شوێنێکی جیاجیای سنووری پارێزگای کەرکووکدا دۆزراونـەتـەوە. ئەو ئامارە ئەوەش دەردەخات کە هەموو ئەو ژنانە بە فیشەک کوژراون وهەروەها لەهەموو نەتەوەکانی کەرکووکی تێدابووە، بەڵام سی کەس لەو ژنانە بەرەگەز عەرەب بوون.

لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ بەبەراوورد لەگەڵ ٢٠٠٩دا رێژەی کوشتن لە کەرکووک زیادی کردووە. لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی٢٠٠٩ دا پێنچ ژن کوژراوە.

**سنور محەمەد**



## لە سەرەتای تەمووزەوە تائێستا شەش ژن سووتاوە

وارڤین – هەولێر: بەپێی ئەو ئامارانەی کە دەست وارڤین کەوتووە، لەسەرەتای مانگی تەمووزە تائێستا لەسنووری پارێزگای هەولێر شەش ژن سووتاوە. رۆژی ١٠-٧-٢٠١٠ لە کۆمەڵگەی دارەتوو ژنێک بەناوی ئامینە محەممەد بەهۆی خراپی هەڵسووکەوتی مێردەکەی ئاگری لەجەستەی بـەرداو پاش دوو رۆژ لەنەخۆشخانە گیانی سـپـارد. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی قـەزای دەشتی هەولێر بە وارڤینی راگەیاند:»پاش وەرگرتنی ئیفادەی ئامینە بۆمان دەرکەوت کە مێردەکەی لەگەڵی خراپ بووە، بۆیە بەبڕیاری دادگاو بەپێی ماددەی ٤٠٨ مێردەکەی دەستگیر کرا». لەلایەکی دیکەوە لەرۆژی ٦ تەمووز، ژنێک شارەدێی رزگاری سەر بە قەزای خەبات ئاگری لەخۆی بەرداوە، بەڵام نەمردووە. هەروەها لە بەشە ناوخۆیی کچانەی لەیلا قاسم، لە سۆران، لەگەڕەکی گوڵانی هەولێر و لەهەڤاڵانیش ٤ ژن سووتاون و رێژەی سووتانەکەشیان بەرزە.

**ئاڤان فارس**

## لەماوەی شەش مانگدا لەسنووری سلێمانی ٦٠ کەس گیانیان لەدەست داوە

وارڤین– سلێمانی: لەماوەی شەش مانگدا لەسنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە ٦١ کەس خۆیان کوشتووە یان کوژراون. بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانیش دەڵێ، رێـژەی خۆکوشتن لەسنووری پارێزگای سلێمانی زیادیکردووەو بەشێکی زۆری ئەو رووداوانەش بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە.

لەئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانیدا هاتووە کە رێژەی خۆکوشتن و کوژران لەسنووری پارێزگای سلێمانی زیادیکردووە، بەجۆرێک کەلە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، ٦١ کـەس بەشێوازی جیاواز گیانیان لەدەستداوە، کە ٢٨ کەس خۆیان کوشتووە لەوانە ١٤ـیان مێ ١٤ـەکەیتر لەرەگەزی نێرە، هەروەها ٣١ کەسیتر بەشێوازی جۆراو جۆر کوژراون، کە ٢٧ کەس لەوانە پیاون و ٤ـەکەیتر ژنن، هەروەها ٢ کەسیش بەهەڵە کوژراون.

لەوبارەیەوە بەڕێوبەری پۆلیسی سلێمانی عەمید نەجمەدین قادر، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین گوتی»کێشە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکی ئەو رووداوانەن».



www.netewe.com



### پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە(فائیزە عوبەیدی) بۆ وارڤین:

# لەحکوومەتی نوێدا زیاتر لە ٣ وەزارەت بۆ ژن دەبێت

بەغداد

فائیزە عوبەیدی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی ئەلعراقیە، ئاشکرای کرد کە رێژەی بەشداریکردنی ژنان لەپێکهێنانی وەزارەتەکان و پۆستە باڵاکانی حکوومەتی داهاتووی عێراقدا زیاتر لە٢٥٪ دەبێت. ئەو هەروەها باس لەهەوڵەکانیان بۆ پێکهێنانی لۆبییەکی سیاسی ژنان دەکات تا لەپەرلەمانی داهاتوودا بۆ بەرگریکردن و بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان وەک کارتێکی گوشار بێت.

ئەم چالاکوانەی بواری ژنان لەوتووێژێکدا لەگەڵ وارڤین گوتی:»هاوبەندی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی نوێنەرایەتی دەکات، لەهەمبەر ئەو دانووستانانەی کە دەکرێت لەنێوان کوتلە هەڵبژێردراوەکاندا وەک بەردێکی چەقیو بووەتە بەربەستێک». فائیزە، هەروەها دەڵێ کە لیستی ئەلعراقیە هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ سەندنەوەی هەموو ئەو مافە دەستوورییانەی کە گرنگە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ». هەروەها گوتی:»هەموو ئەو دانووستانانەی کە دەکرێت لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان سەبارەت بەپرسە گرنگ و چارەنووسسازەکانی وەک مادەی ١٤٠و کەرکوک، رەنگە بگەنە چارەسەرێک، بەڵام ئێستا ئەوەی کە گرنگە پێکهێنانی حکوومەتی نوێیە».

فائیزە عوبەیدی، دەڵێ:»ئەو ئاستەنگەی کە ئاراستەی رێککەوتنی لیستەکانی بەلاڕێدابردووە تائێستا پێکهێنانی حکوومەتی نوێی دواخستووە. ئەمەش بەهۆی پێداگیری دەوڵەتی یاساوە بووە. کە تارادەیەک کەشوهەوای دانووستانەکانی نالەبار کردووە. ئەمەش لەکاتێکدایە لیستی ئەلعراقیە لەدانووستانەکانیدا لەگەڵ هاوبەندی نیشتیمانی بەشێوەیەکی گشتی و رەوتی سەدر و لیستی کوردستانی بەتایبەتی گەیشتە قۆناغێکی باش، بەڵام جارێکیتر لیستی دەوڵەتی قانوون بووەتە لەمپەر لەبەرامبەر رێککەوتنی لیستەکان».

ئەم ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زۆر بەتوندی ئاماژەبەوە دەکات کە لیستەکەی سوورە لەسەر پێکهێنانی حکوومەتی نوێ و ئەگەر بێت و دەرفەتی تەواوی پێبدرێت، بەڵام وەک گوتی تائێستا هیچ دەرفەتێکی وا بۆ لیستەکەی نەرەخساوە. لەکاتێکدا بەپێی مافێکی دەستووری لیستی ئەلعراقیە داوای کاتێکی دیاریکراو دەکات، ئەوەش بەمافی شەرعی خۆی دەزانێت و ئامادەنییە سازشی لەسەر بکات.

فائیزە، لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی، ئەگەر بێت و لیستەکەی نەیتوانی لەو ماوە دیاریکراوەدا حکوومەت پێکبهێنێت، ئەوا لیستەکەیان دەرفەت دەداتە لیستی دوای ئەو، هاوکات دەبێتە هاوکاری هەرلیستێک کە توانای پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوپەیمانی نیشتیمانی هەبێت.

عوبەیدی، رایگەیاند کە ئەوان دەتوانن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد دا سەبارەت بەمادەی ١٤٠ کە تایبەتە بە کەرکوک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بگەنە رێککەوتن و پرسە هەڵواسراوەکانیش چارەسەر بکەن. «بەڕای من ئەوەی کە ئێستا گرنگە پێکهێنانی حکوومەتەو دەکرێت ئەم پرسانە بگوازرێنەوە بۆ قۆناغێکیتر و دەبێ بخرێنە ئەستۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو».

سەبارەت بەجیاوازی بیروبۆچوونەکان لەنێوان هاوپەیمانی نیشتیمانی و لیستی ئەلعراقیە، کە ئایا کامیان لیستی گەورەترە، فائیزە دەڵێ:»ئەم پرسە تایبەتە بەدادگای فیدرالی و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، چونکە دادگا تۆپەکەی خستووەتە گۆڕەپانی کۆمسیۆن. پرسی یەکگرتن و هاوپەیمانی لیستەکان هەنگاوێکە بەرلە هەڵبژاردن بڕیاری لەسەردەدرێت، نەک دوای هەڵبژاردنەکان و دادگای فیدراڵی لەدەرەوەی گۆڕەپانەکەیەو هاوکات کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کە لیستی ئەلعراقیە گەورەترین لیستی نوێنەرایەتییە، لێرەوە هیچ کێشەیەکی دەستوریمان نییە، ئەلعراقیە خاوەن هەموو مافەکانەو لەسەر مافە دەستورییەکانی خۆی پێدادەگرێت».

دواتر ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر لیستی ئەلعراقیە بەپێی مافە دەستوورییەکان نەیتوانی حکوومەت پێکبهێنێ، ئەوە چەند بڕیارێک رادەگەیەنێت و بڕیارەکانیش لەبەرژەوەندی گەلی عێراقدا دەبن، نەک لە بەرژەوەندی کوتلە سیاسییەکان.»بەڕای من ئەمەش گرنگە چونکە لیستی ئەلعراقیە نایەوێت پۆستەکان لەسەر بنەمای پشکپشکێنە دابەشبکرێن. ئەمە لەبەرنامەی لیستەکەدا نییە، ئامانجی سەرەکی ئەم لیستە بریتییەلە پێکهێنانی حکوومەتێکی راستەقینە کە نوێنەرایەتی هاوپەیمانێتی نیشتیمانی بکات نەک هاوپەیمانییەتێکی بێسوود وەک ئەوەی لەحکوومەتی پێشوودا بینیمان. لەحکوومەتی پێشوودا کوتلەی عێراقی پشگوێخرابوو و هاوکات هاوپەیمانی کوردستانیش چەندین کێشەی جۆراوجۆری لەگەڵ حکوومەت و سەدرییەکان هەبوو. بۆیە بەڕێوەبردنی پۆستی سەرۆکوەزیران سەرکەوتوو نەبوو».

سەبارەت بەرۆڵی سیاسی ژنان، ئەم ئەندامەی لیستی ئەلعراقیە ئاماژەی بەوەکرد کە رۆڵی ژن لەقۆناغی رابردوودا لەئاستێکی لاوازدا بووە، وەزارەتی ژنان چەندین پرۆژەو پلانی جۆراوجۆری دارِشتووە کەلە ئەرزی واقیعدا بوونیان نەبووەو تەنانەت لەم ماوەیەدا تەنیا ١٠٪ی ئەم پرۆژانە جێبەجێکران و تەنانەت لە ٤ ساڵی رابردوودا وەزارەتی ژنان لەچوارچێوەی پرۆژەکانیدا نەیتوانی بڕیارێکی جیدی دەربکات کە ئاستی ژیانی ژنان بەرزکاتەوە. من بەش بەحاڵی خۆم لەئەدای ژنە ئەندام پەرلەمانەکانی پێشوو رازینەبووم و ئەوەی کە کراوە لەدەرەوەی کاری پەرلەمان بووە، لەلایەن چەند ژنێک کەلە ئەندام پەرلەمانەکان زۆر ئازاتربوون».

ئەو هیوایەکی زۆری بەپەرلەمانی داهاتوو هەیە کە ژنانی پەرلەمانتار بتوانن بۆ بەرزکردنەوەی واقیعی ژنان لۆبییەکی سیاسی بەهێز دروست بکەن کە کاریگەری لەسەر پەرلەمان هەبێت»پەرلەمانتارە ژنەکانی پێشوو زۆرجار دەکەوتنە ژێر فشاری حزبەکانیان و رۆڵێکی سنووردارییان هەبوو لەبڕیاردانی سیاسی، ئەمە جگە لەناسەقامگیری باری ئەمنی کە ئەویش هۆکارێک بوو. بەڕای من پێویستە لەپەرلەمانی داهاتوودا رۆڵی ژنان کاریگەرتربێت و دەبێ ئاستی رۆشنبیری تا ئەورادەیە بێت، ئەگەر کەسێک نەیتوانی کارەکانی خۆی جێبەجێبکات دەست لەکاربکێشێتەوە».

سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا بۆچی ژنان هیچ رۆڵێکیان نییە لەدانووستانەکانی نێوان کوتلە سیاسییەکان و لەشاندەکاندا هیچ ئافرەتێک بەدیناکرێت. عوبەیدی دەڵێ:»رۆڵی ژن رۆڵێکی بەرچاوبووە بەتایبەت بەرلە هەڵبژاردن لەچەندین لیژنەی دانووستاندا بەشداریمان کردووە بۆ رێککەوتن لەسەر بڕیارەکان و تەنانەت دوای هەڵبژاردن لیژنەیەکی هەماهەنگیمان لەناو کوتلەی سیاسییەکاندا. لەکاتێکدا دەگەینە بڕیارێک سەبارەت بەهەر پرسێک سەرۆکی شاندەکە رادەسپێرین بۆ ئەوەی کارەکان جێبەجێ بکات. ئێمە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و حکوومەت لەقۆناغی داهاتوودا رۆڵێکی گرنگمان دەبێت و داوای کۆتا دەکەین لەپێکهێنانی وەزارەتەکان و دەبێت بەشداری ژنان لەپێکهێنانی وەزارەتەکان لە ٣ تا ٤ وەزارەت کەمترنەبێت. پێویستە رۆڵی ژن لەبڕیاری سیاسیدا رۆڵێکی گرنگ بێ بەتایبەتی لەناو کوتلەکەی خۆمدا واتە ئەلعراقیە».

سەبارەت بە پلانی ژنان لەقۆناغی داهاتوودا عوبەیدی دەڵێ:»من ئەندامم لە کۆڕبەندێکی ژنان بەناوی «کەوکەزی ژنانی عێراق» لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوەو لە چەند ژنێکی بەرپرس لە نووسینگەی ئەحزابی سیاسی پێکهاتووە. لەم کۆڕبەندەدا چەند حزبێکی جیاواز کار دەکەن و تەنانەت لەچوارچێوە حزبییەکەی دەرچووەو ئێستا لەچوارچێوەیەکی نیشتیمانیدا کار دەکات. ئێمە پێش چوونمان بۆ پەرلەمان بووین بەهۆکارێک بۆ دروستبوونی فشار لەسەر پەرلەمانتارە ژنەکان. لەرێگای پێشکەشکردنی داواکارییەکانی ژنان و گرنگیدان بەچەند پرسێکی گرنگ. ئێمە هیوامان وابوو ٥ ئەندامی ئەم کۆڕبەندە لە پەرلەماندا دەنگ بهێنێت، بەڵام بەداخەوە جگە لە من کەسیتر دەرنەچوو. بڕیارە لەپەرلەمانی داهاتوودا نوێنەرایەتی ژنان بکەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و دەبێ کارەکانمان لەپێشوو باشتر بێت. ئەویش لەرێگای دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە خزمەتی توێژی ژنان دەکات و ئاستی ژیانیان باشتر دەکات، بەتایبەت ئەو یاسایانەی کە تایبەتە بەسەفەرکردن و یاسای باری کەسێتی».

عوبەیدی، هەروەها روونیکردەوە»ئامانجان لە پەرلەمانی نوێدا کارکردنە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خێزانی عێراقی، چونکە دوای ٢٠٠٥ لەبارێکی ناهەمواردا دەژین. چونکە ئاستی حکوومەت و باری ئەمنی و خزمەتگوزارییەکان لەپاشەکشەدایەو باری ئابووری خێزانی عێراقی لەحاڵەتێکی کارەساتاویدایە.



حەلا ناسر ئەلباوی




خۆپیشاندانی ژنانی ئەرژەنتین بۆ سۆراخی منداڵەکانیان

# دایکانی پلازا دومایۆ: ئەو دایکانـــەی کە ڕۆڵەی منداڵەکانی خۆیانن

دایکانی پلازا دومایۆ، لە ئەرژەنتین لە جەنگەی سەرکوتە بێبەزەییەکانی دەوڵەتی سەربازیی ئەو کاتدا، دەستیان کرد بەچالاکی بەمەبەستی سەر و سۆراغ و دۆزینەوەی شوێن و نیشانێک لە ڕۆڵە شوێنبزرکراوەکانیان. دایکان، لەماوەی ٣٠ ساڵ هەوڵدانی ماندوونەناسانەیاندا نەک هەر کۆمەڵگای مەدەنییان بووژاندەوە، بەڵکو بۆ سەقامگیرکردنی دادپەروەری و دیموکراسی لە ئەرژەنتیندا، گرووپێکی چالاک و هەڵسووڕاوی داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤیشیان پێکهێنا.

ئـەوان، حکوومەتیان ناچار کرد ئەو یاسایانە هەڵوەشێنێتەوە کە داموودەزگا سەربازییەکانی لە لێپرسینەوە دەپاراست و هەروەها ئەو فایل و دۆسیەگەلەش بخاتەوەگەڕ کە پەیوەندییان بەو بەرهەڵستکارە سیاسییانەوە هەیە وا لە جەنگەی شەڕە دزێوەکەدا گیانیان لێ سەندراوە. ئێستا ئەوان بوونەتە دایکی تەواوی ئەوکەسانەی کە بەهۆی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە بوونەتە قوربانی. ئەوانە دایکانێکن کە دەیانـەوێ بۆ چارەسـەری کێشەکانی ئاواتی ژیـان و حەزی چالاکی سیاسی لەدڵی گەنجانی وڵاتەکەیاندا بچێنن. ئەو بابەتە دەڕوانێتە شێوەی پێکهاتنی ئەو گرووپەو چالاکییەکانیان و ستراتیژی و ئەو سەرکەوتنانەی کە لەماوەی چالاکبوونیاندا نەک بۆ خۆیان بەڵکوو بۆ کۆمەڵگای ئەرژەنتینیان دەستەبەر کردوون.

### دەستپێکی شەڕە دزێوەکە

لەمێژووی وڵاتی ئەرژەنتین دا، ڕۆژی ٢٤ی مارسی ١٩٧٦ لەو ڕۆژانەیە کەلەبیر ناکرێت. ئەو ڕۆژەی کە بەکودەتایەکی سەربازی دژی حکوومەت (ئیزابێل پرۆن)یان لەسەر تەختی سەرۆککۆماری هێنایانە خـوارەوەو لەدەسەڵات دووریان خستەوە. دوای ئەو ڕووداوە بۆ ماوەی حەوت ساڵان ئەو وڵاتە لە خوێن گەوزێندرا کە تێیدا ٣٠ هەزار بەرهەڵستکاری سیاسی شوێنبزر کران و منداڵان بەبەرچاوی دایک و باوکانەوە ئەشکەنجە کران. خەڵکێکی بێتاوان کوژران و تەرمەکانیان لەکردەوەیەکی سەربازیدا بەناوی»فڕینەکانی مەرگ« فڕیدرانە نێو ئاوە ساردەکانی ئانتلانتیکەوە. کـوڕان و کچان و خوشکەزا و برازا و منداڵانی هەمووان شوێنبزر کران. هەندێکیان سووتێندران و هەندێکی دیکە لەسێدارەدران و لەجلووبەرگی سەربازییەوە پێچران و بەناوی بریندارانی شەڕەوە وازیان لێیانهێنا. تەنانەت ژنانی دووگیانیش کوژران و منداڵەکانیان درانە بنەماڵە چەکدارانی حکوومەت.

لەساڵانی ١٩٣٠ تـا ١٩٤٣ بـــەردەوام سوپاو داموودەزگا سەربازییەکانی ئەرژەنتین دەستیان لەکاروباری حکوومی و سیاسی وەرداوە. بەهۆی کودەتا یەک بەدوای یەکە سەربازییەکاندا دژی سەرۆککۆمارەکان، بەرپرسانی وڵات گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە بۆ مانەوەیان لەسەر تەختی دەسەڵات دەبێ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سوپادا ڕێکخەن. ساڵی ١٩٤٦ جان دۆمینگۆ پـرۆن، کە خۆی کەسێکی سەربازی بوو، بوو بەسەرۆککۆمار. ئەو بۆ دووهەمینجار ئەو پۆستەی وەرگرت، بەڵام هێزە چەکدارەکان لەتەختی دەسەڵات هێنایانەخوارەوەو دووریان خستەوەو حزبی پرۆنیستیش بەحزبێکی نایاسایی لەقەڵەمدرا. جان پرۆن کەسایەتییەکی کاریزماتیک بـوو کەلەنێو گـەلـەکـەیـدا زۆر خۆشەویست بـوو. ئـەو لـەمـاوەی دەسەڵاتیدا لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی داهاتەکان، پشتیوانی لەڕێکخستنەکانی کرێکاری و ئابوورییەکی بەهێزی نیشتمانی زۆر هەوڵیدا. دوای پرۆن، لەماوەی ساڵانی ١٩٥٥ و ١٩٧٣ دا ١٠ دەوڵەت هاتنەسەر کار کە هەندێکیان هەر سێ مانگ لەدەسەڵاتدا مانەوە. ئەگەرچی لەوماوەیەدا دەوڵەتە جیاجیاکان لەهەوڵی ئەوەدابوون کە کاریگەری سیاسەتە پرۆنیستییەکان کـەم بکەنەوە، بـەڵام گەنجە تازە پێگەیشتووەکان کە لایەنگری پرۆن، بوون لەپشت پەردەی سیاسی وڵاتەوە بۆ پەرەپێدان و کاریگەری سیاسەتەکانی پرۆن هەوڵیاندەدا.

سـاڵـی١٩٦٦ ژەنـــەراڵ جـان کـارولـز ئەنکانیا، دەسەڵاتی گرتەدەست. دروشمی ئەو پرۆنیزمی بەبێ پرۆن بوو. ئەو نووسینگەی هەموو حزبە سیاسییەکانی داخست و چالاکی لێ قەدەغە کردن. دەستی لەزانکۆکانیش وەرداو خوێندکارە کۆمۆنیستەکانی وەدەر ناو ڕێگەی لەهەرچەشنە چالاکییەکی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بەست. بەدوای ئەو قەدەغەکرانانەدا، خوێندکار و شۆفیر تەکسییەکان لەمانگی مەی ١٩٦٩دا ڕاپەڕین و خۆپێشاندانیان ساز کرد. ئـەوەش بووە هۆی دەستگیرکردن و بەندکرانی زۆربەی هەرەزۆریان. ئەو سەرهەڵدانە بووە هۆی پەرەگرتن و بەهێزبوونی کۆمەڵێک خەباتی توندوتیژانەی گرووپە چەپەکانی وڵات. گرووپەکانی لایەنگری پرۆن و هەروەها گرووپێکی چەپئاژۆ بەناوی مۆنترۆس دەستیان کردەوە بەناڕەزایەتی دەربڕین. دەوڵەت دەستی کرد بەکۆمەڵێک هەوڵی بەربڵاو بۆ سـزادان و قەدەغەکردنی چالاکی گرووپە چەپئاژۆکان و بەشوێن ئەو ڕووداوانەدا لەماوەی ساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٨٣دا، ئەو وڵاتە تووشی قەیرانی توندوتیژانەی ئەو کەسانە بۆوە کە لایەنگری دەسەڵات بوون. شەڕە دزێوەکە ئەشکەنجەو دەستبەسەرکرانی نایاسایی و ئیعدامی سەرەڕۆیانەو شوێنبزرکردنی بەرهەڵستکارانی سیاسی دەوڵەتی لێکەوتەوە.

### دایکان چۆن یەکیانگرت؟

بـەهـۆی ئـەو کەشە پـڕ لـەتـرس، تـۆقـانـدن و داڵەڕاوکێیەی بەسەر کۆمەڵگای ئەرژەنتیندا زاڵ بوو، چاوەڕواندەکرا بنەماڵەی گیانبەختکردووان هـەروا لەماڵەکانیاندا چـاوەڕوانـی هاتنەوەی ڕۆڵەکانیان بن و لەسەر سفرەی نانخواردن دانیشن. بەڵام دایکە جەرگسووتاوەکان، بەردەوام لەئاسایشەوە دەچوونە ناوەندەسەربازییەکان، نەخۆشخانەکان و بـەردەوامـیش گوێیان لەو وەڵامـە دەبـوو، کە هیچکەس چاوی بەڕۆڵەی ئـەوان نەکەوتووە. پێیاندەگوترا، ڕۆڵەکانیان بـەهـۆی چـالاکـی تـێـکـدەرانـەوە یـان خۆیان شاردۆتەوە ورایانکردووەو چوونەتە دەرەوەی وڵات یـان ئـەوەی کە دوورخـراونـەتـەوە. زۆر کەس پێشنیاریان پێیاندەکرد کە واز لەگەڕان و سۆراغکردنی منداڵەکانیان بێنن، ئەگینا خۆیشیان دەخرێنە بەندیخانەوە. تەنانەت هەندێک لەخزم و کەسەکانیشیان پشتیان تێیان کرد. وردەوردە بڕیاریاندا لەماڵی یەکتری یان لە کڵێسەکاندا چاویان بە یەکتر بکەوێت. یەکێک هەر لەو دایکانە کە ١٤ کەس دەبوون، بەناوی ئازوسینا پێشنیاری کرد بەنووسراوێکی فەرمی داوا لەدەوڵەت بکەن کە ڕێگەیان بـدەن بۆ دۆزیـنـەوەی ڕۆڵەکانیان سەردانی ناوەندە حکوومییەکان بکەن. لەیەکێک لـەڕۆژەکـانـی هەینی مانگی ئەپریلی١٩٧٧، لەشەقامی پلازادۆمایۆی بۆینۆس ئایرێس ئەوانە لەبەردەم بارەگای سەرۆککۆماریدا کۆبوونەوەو داوایەکیان پێشکەشی سەرۆککۆمار کردو دوای دوو هەفتە چاویان بەسەرۆککۆمار کەوت، بەڵام بەنائومێدی گەڕانەوە. سەرۆککۆمار گوتبووی کە ڕۆڵەکانی ئەوان هەموویان لەوڵات چوونەتە دەرەوە. دوای ئەو ڕووداوە دایکان بڕیاریاندا تا ئەو دەمەی سۆراغێکی منداڵەکانیان دەزانن درێـژە بەڕێپێوانی هێمنانەی خۆیان بدەن. لەوکاتەدا کە دەوڵەت هەرچەشنە کۆبوونەوەیەکی سیاسی قەدەغە کردبوو، ئەو ژنانە کۆبوونەوە بۆئەوەی داوای زانیاری و بەڵگەی پەیوەندیدار بەشوێنبزربوونی ڕۆڵەکانیان بکەن. دایک و نەنکی ئەو شوێنبزرکراوانە، لەگۆڕەپانی پلازا دو مایۆ کۆبوونەوەو وێنەی ڕۆڵـە شوێنبزربووەکانیان بەسنگیانەوەنابوو. دەوڵەت سەرەتا هیچ بایەخ

و گرنگییەکی بەو هەوڵە نەداو بزووتنەوەکەیان بەهێند وەرنەگرت. بۆیە، سەرەتا هیچ رێگەیەکی لەکۆبوونەوەکەیان نەگرت. بەڵام وردەوردە کە دەوریان پڕ بوو، هەستی بەمەترسی کرد.
پۆلیس هەموو پێنج شەممەکان لەسەر پێ بوون و نەیاندەهێشت لەشوێنێک کۆببنەوەو یان ئەوەی کە بەئاو و باتۆن و سپرای خۆپێشاندانەکانی پەرشوبڵاو دەکرد.
بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە گوشارەکان زیادیان دەکرد، دایکانیش تۆوی پێویستبوونی خەبات دژی هەوڵی سەرکوتکەرانەی دەوڵەتیان لەدڵیاندا پەروەردە دەکردو یەکگرتوویی و یەکبوونی خۆیانیان بۆ دەرکەوت. ژمارەی ئەوان وردەوردە زیادی دەکردو پۆلیس نەیدەزانی چییان لەگەڵدا بکات. ئەگەر پۆلیس داوای ناسنامەی لەیەکێکیان کردبایە، هەمووان داوایان دەکرد کە ناسنامەی ئەوانیش وەربگرێت، یان ئەگەر پۆلیس ویستبای یەکێکیان دەستبەسەر بکات هەمووان لەگەڵیدا بەرەوە بەندیخانە دەکەوتنە رێ و جاری وابوو زیاتر لە ٦٠ ـ ٧٠ دایک بەویستی خۆیان سواری ئۆتۆمبیلی پۆلیس دەبوون و لەبەرامبەر هەر پرسیارێکدا کە لێیاندەکرا لەبری وەڵامدانەوە تەنیا داوای سەر و سۆراغی منداڵەکانی خۆیانیان دەکردەوە.

## هەوڵی دایکانی پلازا دۆمایۆ

دایکان وردەوردە خۆیان رێکخست. گرووپی کارییان پێکهێناو ئەو زانیارییانەی کەلەسەر کەسەکان و شوێنەکان و هەروەها رێکەوتەکان بەدەستیان هێنابوون، کردیاننە بەڵگە. ئیتر ئەوان خۆیانیان وەک گرووپێک کە بەشوێن منداڵەکانیاندا دەگەڕێن سەیر نەدەکرد، بەڵکو ئەوان خوازیاری ئەوە بوون بکوژەکان و بڕیاردەرەکان سزا بدرێن.
لەسیپتەمبەری ئەو ساڵەدا بەپشتیوانی کلیسای کاسۆلیک، رێپێوانێکی ئایینی لەژێرناوی»ئاشتی لە ۆینووس ئایرێس»ـەوە تا شاری»لۆجان» وەڕێخراو ئەوەش بوو بەدەرفەتێک کە ئەو ژنانە بەلەچکی سپی خۆیانەوە لەنێو ئاپۆڕەی لەژمارەنەهاتووی رێپێوانەکەدا ئامادەبن و سەرەڕای هەوڵەکانی پۆلیس بۆ رێلێگرتنیان، ناسنامەی گرووپەکەی خۆیان بەرنە ناوچەکانی دەرەوەی شاری بۆینۆس ئایرێس و بیناسێنن. سەرەڕای بەتەوژمبوونی گوشارەکانی پۆلیس، دەستبەسەرکران و گرتنی زۆربەی ئەوان و هەروەها ترسی خەڵک لەهاریکارییان، ئەوان دیسانیش نەوەستان و هەر بەردەوام بوون. ئەگەرچی هەواڵەکانی ئەو دایکانە لەراگەیاندنەکاندا سانسۆر دەکران، بەڵام میدیا نێودەوڵەتییەکان چالاکییەکانیانی دەخستە ژێر تێشیکی خۆیەوەو دەوڵەتیش نەیدتوانی رێیان لێبگرێت.
ساڵی ١٩٧٨ـ وڵاتی ئەرژەنتین، بوو بەمیواندار و خانەخوێی کێبڕکێکانی مۆندیال. دایکان دیسانیش ئەو دەرفەتەیان قۆزتەوەو هاتنەبەردەم میدیاو گەشتیارەکان و گوتیان:»ئێمە هەر منداڵەکانمان دەوێتەوەو دەوڵەت دەبێ پێمانبڵێ ئەوان لەکوێن». بەوشێوەیە دایکانی پلازا دەنگی خۆیانیان گەیاندنە هەموو خەڵکی جیهان.
زۆری نەبرد کە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، گرنگی زۆری دا بەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. ئەوان ئابڕووی تاکتیکە سەرکووتکەرییەکانی دەوڵەتیان بردو ویست و داخوازییەکانی خۆیانیان لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا هێنایە گۆڕێ. هەنووکە بەسەرنجدان بەوەیکە گرووپی دایکانی پلازادۆمایۆ لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بەجوانی ناسراون، تاکە گرووپێکن کە بەرەنگاری سنوورەکان و ئاستەنگە سیاسییەکانیان دەبنەوە. ئەو ئاستەنگانەی کە دەوڵەت بۆ چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ و بەرهەڵستکارانی سیاسی سازدەکات. زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە گرووپی دایکان رۆڵێکی زۆر هەستیاریان لەبووژاندنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی ئەرژەنتیندا گێڕا. ئێستا دایکانی پلازادۆمایۆ، وەک گرووپێکی چالاکی داکۆکیکار لە افەکانی مرۆڤ ناوی تۆمار کراوەو لەشاری بۆینۆس ئایرێس، نووسینگەی هەیە.
دوای خوێنڕێژییە بێبەزەییانەو دڵڕەقانەکانی ئەو سەردەمەی کە بەشەڕی درزێو ناسراو بەهۆی هەوڵی بێوچانی دایکانی پلازادۆمایۆ، کاتێک دەوڵەتێکی دیموکراتیک لەئەرژەنتیندا هاتەسەرکار، ئەو رووداوانە پشتڕاست کرانەوە. دەوڵەتە نوێیەکە ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ٣٠هەزار کەس لەو سەروبەندەدا دەستبەسەر و شوێنبزر کران و کەس بەسەر وسۆراغی نەزانین. لانیکەم ٥٠٠ منداڵ لەدایکەکانیان سەندران و درانە دەست بنەماڵەی ئەفسەرەکانی سوپا. ٣٥٠ بەندیخانەو گرتووخانەی گەورەو بچووک لەوڵاتدا دۆزرانەوە کە شوێنی ئەشکەنجەدان و کوشتن بوون و زیاتر لە ١٠٠٠ ئەفسەری سەربازییش لەئەشکەنجەو سزادانی بەرهەڵستکاراندا بەپێی فەرمانی دەوڵەت دەجووڵانەوەو هەمووی ئەو رووداوانەش لەژێر کاریگەری رێککەوتنی ئیمپراتۆریای ئیسپانیاو کلێساو دەوڵەتدا بەسەر بەرهەڵستکارانی سیاسی هاتن. بەهۆی ئەو پێداگرییانەش بوو کە دوای تێپەڕینی ٢٠ ساڵ، لە ٢٠٠٥دا دیوانی بەرزی دادوەری وڵات بڕیاریدا ئەو یاسایانە لابدات کە ناهێڵن لەو ئەفسەرە سەربازییانە بپێچنەوەو لێیانبکۆڵرێتەوە کە بەپێشێلکردنی وەحشییانەی مافەکانی مرۆڤ تۆمەتبارن. لە٣٠مین ساڵوەگەڕی شەڕە درزێوەکەدا سەرۆککۆمار نستۆر کرچنەر گوتی:»شتی وا هەرگیز دووبارە نابێتەوە»و ئەو یاسایانەی بەفەرمی هەڵوەشاندەوە کەلە تاوانی ئەفسەرە پایەبەرزە سەربازییەکان خۆشدەبێ و لێبوردنەکانی سەرکۆماریشی بۆ ئەو ئەفسەرانەی لەساڵی ١٩٨٥دا دادگاییکراون، هەڵوەشاندەوە. دوای ئەو راگەیاندنە فەرمییە بوو کە بڕیاردرا دۆسیەی هەموو تاوانبارانی ئەو رووداوە بخرێنەوەگەڕ و سەرلەنوێ تاوتوێ بکرێنەوە. ئەگەرچی ئەو هەوڵانەی دەوڵەت بۆ دڵنەوایی دایکانی جەرگسووتاو، رۆڵەکانیان بۆ ناگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو دایکە جەرگبڕاوانە هیوادارن رۆڵەکانی داهاتووی ئەو وڵاتە ئیتر تووشی کارەسات و جینایەتی لەو چەشنە نەبنەوە.
ئێستا ئەو دایکانە قسە بۆ کەسانێک دەکەن کە ئیتر ناتوانن قسە بکەن و ئیتر دەنگیان نابیسترێ و تەنیا مێژوو دەتوانێت دادوەری بکات کە ئاخۆ دادپەروەری بەتەواوەتی بەڕێوەدەچێت یان نا.

### پەیامێک بۆ هەموو ژنانی جیهان

دایکانی پلازادۆمایۆ بەهۆی بەردەوامبوون و نەبەزینیان، خەڵاتە نێودەوڵەتییەکانی رێکخراوگەلی وەک یۆنسکۆ و پەرلەمانی ئەورووپایان وەرگرت. ئەگەرچی سێ ئەندامی دامەزرێنەری رێکخراوەکەو باقی ئەندامەکانی دیکەش زۆرجاران هەڕەشەیان لێکراوەو نووسینگەکەیان لەبۆینۆس ئایرێس داخراوە، بەڵام ئەو گوشارانە نەبوونەتە کۆسپێک لەبەردەم چالاکییەکانیاندا. ئەوان هەروا سوورن لەسەر داواکانیان لەپەیوەندی لەگەڵ کوژرانی کوڕەکانیاندا. ئێستا بەتێپەڕینی ئەو هەموو ساڵە یەکێک لەگەلاڵەکانی ئەو رێکخراوەیە ئەوەیە کە زانکۆیەکی گشتی لە نووسینگەکانیاندا دابنرێت. مەبەست و ئامانج لەو زانکۆیە پەروەردەی ئەو گەنجانەیە کە خەریکی چالاکی سیاسین. یەکێک لەدایکەکان گوتوویەتی»دەمانەوێ گەنجان فێری ئەوە بکەین کە چۆن ژیان و خەڵکیان خۆشبوێت و هاوکات لەگەڵ خەباتی سیاسیدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خەڵکی هەوڵبدەن».






خۆپیشاندانی ژنانی ئەرژەنتین بۆ سۆراخی منداڵەکانیان

خاڵی گرنگی چالاکییەکانی دایکانی پلازادۆمایۆ و هەولأ و بەردەوامبوونیان لەماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵدا ئەوەیە کە چالاکییەکانیان نەک هەر پشتیوانی نێودەوڵەتیشی بەرەو خۆی راکێشاوە، بەڵکوو کاری کردۆتە سەر بیچمگرتنی چالاکی هاوشێوە لەزۆر شوێنی جیهانداو بەتایبەتی کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی ژنانیش هەبووە. بۆ نموونە، لەئەمریکا لەشاری نیویۆرک دایکی شوێنبزربووانی ئەیالەتی نیویۆرک کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن دژی یاساکانی مادەی هۆشبەری راکفلێری نیویۆرک و هەلومەرجە نامرۆییانەکەی دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجەو سزادان کەلەو یاسایەدا دیاریکراون. ئەوان داوایانکردووە یان پێیدابچنەوە یان هەڵیوەشێننەوە. لەنامەیەکدا کە دایکانی پلازادۆمایۆ بۆ ئەو گرووپەی دایکانیان نووسیبوو گوتبوویان، دایکانی پلازا دۆ مایۆ گرووپێکە کەلە بەرژەوەندی ژیاندا پێکهاتووە. بەڵام ٢٧ ساڵ بۆ مێژوو، حەقیقەت و دادپەروەری لەوڵاتەکەماندا تێکۆشاوین. لەو نامەیەدا وێڕای هاوخەمی و هاوخەباتی لەگەڵ دایکانی نیویۆرکدا، داوایان لەقایمقامی ئەو ئەیالەتە کردووە کە بەرپرسیارێتی نادادپەروەرییەکانی نێو بەندیخانەکانی ئەو وڵاتە بەئەستۆ بگرێت و یاساکانی راکفلێر پووچەڵ بکەنەوە. ئەو دایکانە بەشێکن لەئەندامانی زیاتر لەئەو ٢٠ هەزار کەسەن کە بەپێی ئەو یاسایە سزادراون.
ئێستا دایکانی پلازادۆمایۆ، بوونەتە رێکخراوێکی گرنگی پێکهاتوو لەژنانی ئەرژەنتینی کەلە بواری داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤدا چالاکن. ژنانی ئەندامی ئەو رێکخراوەیەی بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٧ ساڵە کار دەکەن. کاری ناوازەی ئەوان لەگەڵ دووشێوە بیرکردنەوەو بڕوادا ئاوێتە بووە. یەکەم ئەوەیە، ژنانی ئەندامی ئەو رێکخراوەیە دیسانەوە لەناخی رۆڵەکانیانەوە لەدایکبوونەتەوەو ئەویتر ئەوەیە، ئەو ژنانە بوونەتە دایکی تەواوی ئەو کەسانەی بوونەتە قوربانی گوشار و سەرکوت لەئەرژەنتین. دایکانی پلازا دۆ مایۆ، ئەو بیرۆکانەیان بەهۆی ئەنجامی راستەوخۆی هەلومەرجی سەخت و دژواری رۆڵەکانیان و مەرگی سامناکی ئەوان بەئەستۆگرت. دایکانی پلازادۆمایۆ، بەوپەڕی هۆشیارییەوە لەبەرامبەر ئەو دیاردەیەدا کەمپینی خۆیانیان بەداوایەک لەدەوڵەتی ئەرژەنتین بۆ وەڵامدانەوە لەبەرامبەر شوێنبزربوونی منداڵەکانیان دەستپێکرد و چالاکییەکانی ئەوان بووە هۆی گەشەکردنی هۆشیارییان لەهەمبەر بێبەزیی یاساکانی نیۆلیبرالیزمدا کەلە پشت سیاسەتەکانی شەڕە درزێوەکەوە خۆی حەشار دابوو.
هەرلەمیکانیزمە دژایەتییەدا، دایکانی پلازادۆمایۆ خۆیانیان وەک میراتگری بیرۆکەی منداڵەکانیان و بەرپرسیاری کارەکانیان لەقەڵەم دا.
ئەوان دەزانن کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵە کوژراوەکانیان بەدەستی هێزە سەربازییەکانی دەوڵەت ئەشکەنجە دراون. بەوحاڵەشەوە ئەوان هەروا بەردەوام بوون لەهەمبەر خۆبواردنی دەوڵەتدا بۆ ئەوەی سەبارەت بە مەرگی رۆڵەکانیان دڵیان بداتەوە. دایکان پێداگرن لەسەر ئەوەی کە ئەوان بەفەرمی دانبەوەدا نانێن کە هیچ کام لەمنداڵەکانیان مردوون، مەگەر ئەوەی کە دەوڵەت بەبەڵگەی روون و پتەووەوە نیشانیانبدات کە چییان بەسەر هاتووە. تەنیا ئەو هەوڵەیە کە دەیسەلمێنێت دادپەروەری لەپەیوەندی لەگەڵ ئەوەدا کەلە جەنگەی شەڕەدرزێوەکەدا قەوماوە، بەڕێوەچووە. تائێستاش کاتژمێر ٣:٣٠ ی دوانیوەڕۆی هەموو پێنجشەممەیەک دایکان دێن و بەبێدەنگی لەگۆڕەپانی پلازادۆمایۆداو لە بەردەم بارەگای سەرۆککۆماریدا پیاسە دەکەن. بەو هیوایەی کە دادپەروەری بەدی بێت.
وەرگێڕان: رەسوڵ سوڵتانی



## ئیسماعیل بێشکچی بۆ وارڤین:

# دەوڵەتی تورکیا گوێ لــــە کــورد ناگرێـت

کۆمەڵناسی بەناوبانگ ئیسماعیل بێشکچی، کە بەهۆی بیروڕاکانیەوە لە تورکیا ١٧ ساڵ کەوتووەتە گرتووخانە دەڵێ، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کـورد مافێکی هـەرە بنچینەییە. بێشکچی، هەروەها دەستنیشانی کرد کە کورد دەتوانێت داوای ئۆتۆنۆمی یان فیدراسیۆنیش بکات. کۆمەڵناس ئیسماعیل بێشکچی، کە لەجیهاندا کەسایەتییەکی ناسراوەو لەبەر بیروڕا جیاوازەکانی سەبارەت بە کورد و کوردستان ١٧ ساڵ لەگرتووخانەکانی تورکیا ژیاوە، لەبارەی پرسی کورد و کوردستان و رەوشی ئێستای تورکیا قسەی بۆ وارڤین کرد.

وارڤـیـن: بـا لــەرۆژەڤــەوە دەســت پــێ بکەین. لەسیاسەتی کرانەوە دا کام هەنگاوگەل هەڵگیران و ئەو کرانەوەیە گەیشتووەتە چ ئاستێک؟

ئیسماعیل بێشکچی: وەک دەزانن ساڵێک لەمەوپێش سیاسەتێک بەناوی»کرانەوەی کـورد« دەستی پێ کرد. دەوڵەت بەو سیاسەتە دەیویست وەها بڵێ:»ئێمە تا ئەمڕۆ سیاسەتی زرە-دیموکراتیکمان لەبەرامبەر کورد دا بەڕێوەبردووە. بەڵام لێرە بـەدواوە دەسـت لەو سیاسەتانە هەڵدەگرین«. بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ئەوە وەک «کرانەوەی دیموکراتیک» و دواتریش وەک «پرۆژەی یەکێتی نەتەوەیی» ناوێ لێ نرا. ئەوەش مانای ئەوەیە کە کرانەوە دەوەستێت. ئیتر ئاسایش پرسی سەرەکییە. بۆ وایلێهات؟ حکوومەت لەلایەن لایەنە کاریگەرەکانی وەک سوپا، سەرمایەدار و زانکۆکانەوە بەرەوڕووی رەخنە بووەوە. حکوومەت نەیتوانی بەرگەی ئـەو رەخنانە بگرێت، بۆیە هەنگاوی بەرەودواوە هەڵگرت.

وارڤین: ئایا ئەو کرانەوەیە وەک پەکەکەییەکان باسی لێوە دەکەن لەسەر بنەمای لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان دامەزراوە؟

ئیسماعیل بێشکچی: داوای لەناوبردنی پەکەکە هەم مەعقول نییەو هەمیش مومکین نییە. بەڵام وەک دەزانرێت، کرانەوە بەپێی تێگەیشتنێکی وەها پلانی بۆ داڕێژراوە. تێگەیشتنی»ئێمە هەندێک هەنگاوی دیموکراتیک هەڵبگرین، بەوشێوەیە پەکەکە تەنگاو بکەین و پاشان لەناوی بەرین...« هەیە. ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵەیە. لەراستیدا پێویستە کرانەوە زەروورەتـێـکـی لیبراڵ، دیموکراتیکی هەبێت. کرانەوە، بە تێگەیشتنی»ئێمە ئاسایش دابین بکەین، بەهێزی بکەین« پێکنایەت. ئەوە میتۆدێکە کە هەمیشە تاقیکراوەتەوەو تاقیدەکرێتەوە.

وارڤین: بەڕای ئێوە حکوومەت هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەڵدەگرێت. ئەی پێکدادانەکان بۆ کورد قازانجە یان زیان؟

ئیسماعیل بێشکچی: بەڕای من کرانەوە جارێک دەستی پێکردووەو ئیتر مومکین نییە کە هەنگاو بەرەوپاش هەڵبگیرێتەوە. کرانەوە بەشێوەیەک لـەشـێـوەکـان بـــەردەوام دەبـێـت. زیادبوونی پێکدادانەکان بۆ کورد باش نییە.

وارڤین: ئێوە گەنگەشەکانی بەموخاتەب وەرگرتن چۆن دەبینن. ئایا بێ ئۆجەلان و پەکەکە دەبێ؟

ئیسماعیل بێشکچی: بەڕای من بابەتی هەرەگرنگ بۆ حکوومەت ئەوەیە. بێ پەکەکە چارەسەری دروست نابێت. کێشەی کورد، بەهۆی پێشێلکردنی مافەبنچینەییە دیموکراتیکەکانی گەلی کوردەوە دروسـت بـووە. حکوومەت بە ئیرادەی خۆی و بەهەڵگرتنی هەنگاوی دیموکراتیک، دەتوانێت لەو سیاسەتە پاشگەز ببێتەوە. تەرەتە٦ لەو بوارەدا هەنگاوێکی گرنگ بوو. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کێشەی پەکەکە هەیە. حکوومەت دەتوانێت ئەو کێشەیە بە وتووێژ لەگەڵ پارتی ئاشتی و دیموکراسی و پەکەکەدا چارەسەر بکات. ئەو چاوپێکەوتنانە بە ئەحواڵپرسین و چاک و چۆنی چارەسەر نابێت، پێویستە لەو چاوپێکەوتنانەدا دیالۆگ هەبێت.

وارڤین: لەقۆناغی کرانەوەدا هەندێک گۆڕانی قانوونی هێنرانە نێو پەرلەمانی تورکیاوە. مەبەستم پاکێتی ریفراندۆمە. ئێوە نزیکبوونەوەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لەو بوارەدا چۆن دەنرخێنن؟

لەو بوارەدا بە نەرێنی لەقەڵەم دەدەم. BDP
ئیسماعیل بێشکچی: من هەڵوێستی

(ب.د.پ) دەبوایە پشتگیری لەو پاکێتە کردبایە. (ب.د.پ) داوای دەستوورێکی نموونەیی دەکات. ئێمە دەبـێ سەیری ئەمڕۆی پەرلەمان بکەین. باشە ئێوە ئەو دەستوورە نموونەییە لەگەڵ کێ دروست دەکـەن؟ پارتی گەلی کۆماری و پارتی نەژادپەرست (ج.ه.پ و م.ه.پ) لەدژی گۆڕانن. ئێوە ناتوانن لەگەڵ ئەواندا بگرە تەنیا باسی ئەو بابەتە بکەن. ئێوە تەنیا دەتوانن لەگەڵ پارتی دادوگەشەپێدان یان پارتی سەعادەت باس لەو پرسە بکەن. بۆ کـورد لەدەستووردا گۆڕانی بنچینەیی پێویستە. لەگۆڕانی پاکێتی دەستووردا لەسێ خاڵدا گۆڕانی بنچینەیی هەبوو کە سەرەکیترینیان دژوارکردنی داخستنی پارتە سیاسییەکان بوو. بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەستبێنێت لە پاکێت دەرچوو.

وارڤین: (ب.د.پ) ئاشکرای کرد کە پشتگیری لە ریفراندۆم ناکات. ئەو هەڵوێستە بۆ کورد زیانی هەیە یان قازانج؟ بەڕای تۆ دەبێ کورد لەبارەی ریفراندۆمەوە هەڵوێستێکی چۆنی هەبێت؟

ئیسماعیل بێشکچی: دەبێ کورد پشتگیری ئەرێنی لە ریفراندۆم بکات. ئەگەر کورد لەدژی ریفراندۆم دەنگ بدەن، زەرەر دەکەن.

وارڤین: هەمیشە دەگوترێت کە «کـورد چییان دەوێـت» دیـار نییە. ئایا کـورد نازانن چییان دەوێت؟ بەڕای ئێوە دەبێ کورد چی بخوازێت؟

ئیسماعیل بێشکچی: کورد دەزانن چییان دەوێت. بـەڵام دەوڵــەت، رۆشنبیرانی تــورک، رێکخراوە مەدەنییەکان و...نایانەوێ ئەو داخوازییانە ببینن. ئەو هەڵوێستەشیان لەنەبینینەوە دێت.

وارڤین: ئێوە لەنووسینەکانی خۆتاندا هەمیشە داوای ئەوە دەکەن کە کورد ببێتە خاوەن پێگەیەک. مەبەستتان لەو پێگەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆیە؟

ئیسماعیل بێشکچی: دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد سروشتیترین مافە. فیدراسیۆن و ئۆتۆنۆمیش دەتوانێ بۆ کورد ببێتە پێگەیەک.

وارڤین: دەگوترێت»خوێن کەوتووەتە نێوان کورد و تـورک، ئیتر مومکین نییە پێکەوە بژین«. ئێوەش وەها بیر دەکەنەوە؟ بۆ ژیانێکی هاوبەش چی پێویستە؟

ئیسماعیل بێشکچی: بەبڕوای من لەم هەلومەرجەدا فیدراسیۆن بۆ ئەو پرسە سروشتێکی گرنگە.

وارڤین: ئێوە بۆ باکووری کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو چ مۆدێلێکی حوکمڕانی پێشنیار دەکەن؟

ئیسماعیل بێشکچی: فیدراسیۆن.

وارڤین: بەڕای ئێوە کورد هۆشیاری نەتەوەییان هەیە یان نا؟

ئیسماعیا بێشکچی: بەڵێ کورد خاوەن هۆشیاری نەتەوەیی خۆیەتی. لە١٩٢٠دا کورد و کوردستان پارچە کران. بەڵام کورد لەو بابەتەدا کە چۆن بەڵایەکیان هێناوەتە سەریان، هۆشیارییەکی باش و تەندروستیان نییە.

وارڤین: پەیوەندی نێوان باشووری کوردستان و تورکیا چۆن دەنرخێنیت. بـەڕای ئێوە ئەو پەیوەندییە چۆن لێکبدرێتەوە؟

ئیسماعیل بێشکچی: کردنەوەی دەرگا بۆ پەیوەندی ئابووری و بازرگانی و سیاسی هەم بۆ هەرێمی کوردستان و هەمیش بۆ تورکیا باشە. بەڕای من ئەو پەیوەندییانە بەردەوام دەبن.

### ئیسماعیل بێشکچی کێیە؟

لەساڵی ١٩٦٢ کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرەی تـەواو کـردووە. لەساڵانی ١٩٦٥-١٩٧١ لە ئەرزروم و لەزانکۆی ئاتاتورک، وەک مامۆستای یارمەتیدەر وانەی گوتووەتەوە.

لە١٢ی ئاداری ١٩٧١ بەتۆمەتی ئەوەی پرۆپاگەندەی مارکسیستی کردووە لەلایەن دادگا نائاساییەکانی ئەو سەردەمەوە سزا دراوەوە لە زانکۆ دەرکراوە.

لەساڵی ١٩٧٤دا کەوتەبەر لێبوردنی گشتی و لەزیندان ئازادبووە. دواتر لەبەر بۆچوونەکانی لەبارەی پرسی کـوردەوە دەستگیر کـراوە. بێشکچی کە بە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی پرسی کوردەوە لەجیهاندا دەناسرێت، لەبەر ئەو بۆچوونانە ٨جار کەوتووەتە گرتووخانەو ئـازادبـووە. بەتەواوەتی ١٧ ساڵ لە گرتووخانەدا مـاوەتـەوە. لەهەموو ئەو داوایانەی کەلەسەر بێشکچی تۆمار کراون، بەگشتی ١٠٠ ساڵ سزای بۆ داوا کراوە. بەڵام لەساڵی ١٩٩٩و لەئەنجامی سەرراستکردنەوەی یاسایەکدا ئازاد کرا. لەکۆی ٣٦ کتێبی بێشکچی کە نووسیویەتی ٣٢ کتێبیان لە تورکیا قەدەغەن.



دیلار سەولەدار




www.netewe.com



### لە ئەورووپاوە هەر جارەو ژنێک

## دۆستی کورد خاتوو فرانتزیسکا شێرەر:

# هەڵسووکەوتی ژنانی کورد بـــە سەلیقەیە



سیروان رەحیم- ئەڵمانیا

زۆرن ئەوانەی هاوکاری کێشەی کورد و مرۆڤی کوردیان کردووەو کەسیش نایانناسێت. زۆرن ئەو کەسانەی کورد نین، بەڵام کوردیان خۆشدەوێت و چاکەی گەورەیان بۆ کورد هەبووەو هەس. خاتوو فرانتزیسکا شێرەر، یەکێکە لەو کەسانە کە ساڵانێکی زۆرە بە کورد و بەکێشەی ئاڵۆزی کورد ئاشنا بووە. ئەو بێ ئەوەی رۆژێکیش کوردستان ببینێت کوردی فێربووە. بە کوردییەکی باش دەکات. خزمەتی زۆری بە کوردانی دەوروبەری خۆی گەیاندووە. ئاشنایەتی ئەو بۆ کورد لەسەرەتای هەشتاکانەوە»سەدەی رابردوو» دەستپێکردووە. خاتوو شێرەر، هاوسەری هونەرمەندێکی کوردە. لەسۆنگەی ئەوەدا هاوسەری ئەم خاتوونە موزیکڤانێکی کوردە، بۆیە ماڵ و ژیانیشیان ئاوێتەیەکی جوانە لەکەلتووری کوردی-ئەڵمانی. ئەم خاتوونە ساڵانێکی زۆرە کورد دەناسێت، هەمیشە کۆمەکی کوردانی دەوروبەری خۆی کردووەو بەدەم داخوازییەکانیانەوە چووە. کەسێکە کوردی خۆشدەوێت و لەدڵەوە یارمەتی کێشەکەی دەدات. شێرەر، لەسەرەتای چلەکانی تەمەندایە. ئەو زانستی پەروەردەی لەزانکۆی ترير- ئەڵمانیا خوێندووە. ئێستا وەک راوێژکار و پسپۆر لەدەمەزراوی ئەڵمانی بۆ کاروباری هەواو گەردوون کار دەکات. خاتوو شێرەر، لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاوە»سەدەی رابردوو» ژیانی هاوسەری لەگەڵ هونەرمەند «هێمن دەریا» پێکهێناوە کە موزیکڤانێکی کوردە.

خاتوو فرانتزیسکا شێرەر لە وڵامی پرسیاری: پێموایە لەزووەوە کورد دەناسن و یارمەتی گەلێ کوردتان لەئەورووپا کردووە. سەبارەت بەم بابەتە چی دەڵێن؟

فرانتزیسکا شێرەر:»من کوردم لەرێگەی هێمنەوە ناسی. ئەوکاتە من هێشتا لەزانکۆ دەمخوێند. هێمن، زۆر باسی کوردی بۆ من کرد، کورد وەکو گەلێک کە دەچەوسێتەوە. ئەمە لە ناخەوە کاری لە من کرد. هەروەها منی غەمگین کرد. بێگومان بابەتەکە بەشێوەیەکی ئەرێنی کاری لە من کرد. لەباری کەلتووریشەوە هێمن، زۆر شتی لە من نزیک کردەوە، پاشان لەگەڵ هێمن لەدەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەڵمان- کورد چالاکانە کارم دەکرد. زۆر چالاکیمان ئەنجامدا لەو ماوەیەدا، وەکو نموونە: رێپێوان، یادی هەڵەبجە، چالاکی سازکردنی ئاهەنگ، دیارە بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە رای گشتی ئەڵمانی بناسێنین ئەم کارانەمان دەکرد.

لەبەر ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لەودەمەدا باش هەڵسووکەوتی لەگەڵ کێشەی کورد نەدەکرد، پەنابەرانی کورد بەردەوام رووبەڕووی کۆمەڵێ کێشەی سەخت دەبوونەوە. لەم بوارەدا من هاوکار بووم، هاوکاریم دەکردن لەکوێ بمتوانیبا یارمەتی کوردەکان بدەم بۆ کاری فەرمییان لەلای بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

وەک گوتم لەرێگەی هێمنەوە بەکەلتوور، دابونەریت و زۆر شتی دیکەی کورد ئاشنابووم. بەشبەحاڵی خۆم زۆر لایەنی ئەم کەلتوورەم ئەوەندە پێ جوانە، کە ویستم زۆریان فێرببم و ئاشنایان ببم».

سەبارەت بە پرسیاری، ئایا تائێستا لە کوردستان بوون؟ ئەگەر نا، دەتانەوێ سەردانی ئەو نیشتمانە بکەن؟ فرانتزیسکا شێرەر، دەڵێ:

«بەداخەوە تائێستا لە کوردستان نەبووم. بەڵام بێگومان دەمەوێ برۆم و گەشتی کوردستان بکەم. ئەوە یەکێکە لەخەونەکانم».

ئەو تائێستا لە کوردستان نەبووە، بەڵام بە کوردی قسە دەکات، بۆیە دەربـارەی، لەکوێ و چۆن کوردی فێر بووە، دەڵێ:»

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەڵمان – کورد دا هێمن، کۆمەڵێ چالاکی ئەنجامدەدا، یەکێک لەو کارانەی رێکخستنی کۆرسی فێربوونی زمانی کوردی بوو. کۆرسەکە دەبوو لەماڵی خۆمان بێت، ناچاربوین لەبەر بێشوێنی. قوتابخانەی باڵای گەل (فێرگەیەکی بەنێوبانگە بۆ فێربوونی زمانی ئەڵمانی بۆ بیانییەکان) نەیانویست ژوورێکمان بدەنێ و کۆرسی فێربوونی زمانی کوردی لەوێ بکەین. بێگومان ئەمە هەلێک بوو تا منیش بتوانم لە کۆرسەکەدا بەشدار بم. من هەم فێرخواز بووم و هەم خانەخوێ. خواستێکی گەورە بووم بۆ من کە بتوانم لەگەڵ هێمن، بە زمانی کوردی قسە بکەم».

وەکو ئێمە ئاگادارین و لەباسکردنی خۆتانیشدا بۆمان روونبووەوە، ئێوە لەگەڵ هێمن دەریا-ی هاوسەر و هونەرمەند زۆر کارتان بۆ موزیکی کوردی کردووە. ئامانجیش ئەوە بووە/ ئەوەیە کە موزیک و هونەری کوردی بەدەرەوە بناسێنن. چۆن بینەری ئەڵمان و کوردی دەرەوە ئەم چالاکییانە دەبینن و هەڵدەسەنگێنن؟

لە وڵامی ئەو پرسیارەدا فرانتزیسکا شێرەر دەڵێت:»ئێستا من وەڵامی قورسترین پرسیار دەدەمەوە. ئەوەی لەگەڵ هێمندا لەژێر بنمیچێکدا بژی، بەشێوەیەکی خۆڕسک سەرقاڵی دەبێت بە کاری موزیکەوە. موزیک بە گشتی و بەتایبەتی موزیکی کوردی. من خۆیشم کلارنێت دەژەنم و خوێندنی»چۆنیەتی گۆرانیگوتن»م تەواوکردووە. هاوکات لەگەڵ حەزی زۆرم بۆ ئاشنابوون بەکەلتووری کوردستان، موزیکی کوردیش زۆر سەرنجی منی راکێشا. من ئەوەم بۆ دەرکەوت کە موزیکی کوردی پێویستی بەپشتگیری هەیە. بۆ ئەوەی ئەم موزیکە پەرە بەکاری خۆی بدات و لەئاستی موزیکی جیهانیدا شوێنپێی خۆی بکاتەوە. لەگەڵ هێمندا وەکو موزیکژەن بەشداریم لەگەڵ گرووپێکی موزیکی کوردیدا کردو هەروەها بەکوردی گۆرانیم چڕی. لەگرووپەکەماندا کە کاری موزیکمان دەکرد، ویستمان موزیکی نوێی کوردی بەشێوەیەکی نایاب بۆ ئاستی جیهانی دروست بکەین، موزیکێک بۆ ئەو نەوە کوردەیش سەرنجڕاکێش بێت کە هەموو لاون و لەدەرەوەی کوردستان گەورە بوون. گرووپەکەمان لەماوەیەکی زۆر کەمدا ناسراو خۆشەویست بوو. بێگومان لەلای ئەڵمانەکان و هەروەها لەلای کوردەکانیش. بەڵام بەداخەوە بەهۆی کێشەی داراییەوە گرووپەکەمان هەڵوەشایەوەو کۆتایی بەکارەکانی هات. ئەمە لەسەرەتای نەوەدەکاندا بوو، بەتەواوی ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٢ بوو.

لەگەڵ ئەم خاتوونەدا بابەتی ژنانی کوردی لە ئەڵمانیا بەسەر دەکەینەوە. بێگومان ئێوە ژنانی کورد لە ئەڵمانیا دەناسن؟ ئەم پرسیارەی لێدەکەین و بۆچوونی سەبارەت بە ژیانی خانمانی کورد لە ئەڵمانیا دەپرسین. دەبێ چ بکرێت، بۆ ئەوەی هەست بە خۆگونجان بکەن لەو وڵاتە؟

فرانتزیسکا شێرەر، دەڵێ:»بێگومان ژنانی کورد دەناسم. هەمیشە سەرسام بەوەی کە ژنانی کورد لە ئەڵمانیا چەند چالاک و پڕجوولەن. من هەست بەئازادبوونی لەرادەبەدەریان دەکەم. بەردەوام کاریگەری ئەوەم لەسەرە کە هەڵسووکەوت و شێوازی چەند بەسەلیقەیان هەیە: هەمیشە ئاگادار و ئامادەن. من پێموایە، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی باش هەستی باشی لەلا دروست دەبێت، کاتێک مرۆڤ هەمیشە ئامادە بێ بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێت. خۆگونجان لەدیدی خێزانی و هەروەها لەچوارچێوەی گشتی کۆمەڵگادا».

ئێمە پێمان گرنگە ژنانێک کە سەبارەت بە ژن و رەوشی ژنی کورد قسەیان لەگەڵ دەکەین و دەیاندوێنین ئەو راستییە بزانن کە، ئێمە لە گۆڤاری وارڤین، لە هەرێمێک دەنووسین و سەبارەت بەکێشەی ژن قسە دەکەین، کە هێشتا بەشوودان و ژنهێنانی بە زۆر هەیە، فرەژنی هەیەو خەتەنەکردنی کچان هەیە، خاتوو شێرەر، وەکو خانمێک کەلە ئەڵمانیا دەژی بۆمان گرنگە بزانین چۆن بیر لەو بابەتانە دەکاتەوە؟ دیارە وڵاتی ئەڵمان لەمێژە ئەو کێشانەی تێپەڕاندووە.

فرانتزیسکا شێرەر، بەغەمێکی قووڵەوە، بەسەرسامبوون و تاسانەوە دەڵێ:»بۆ من ئەمە زەنگێکە زۆر ترسناک. من زۆر خۆشحاڵم، کە ناچارنەبووم شتی وەها بژیم. دەتوانم پێشنیاز بکەم کە:حکوومەتی کوردستان دەبێ زۆر کار لەسەر ئەم بابەتە بکات. هەروەها ئەو ژنانەی پێکراون لەبواری یاساییەوە پشتیان بگرێت». لێرەوە خاتوو شێرەر، دەربارەی ئازادی ژنان و مافی ژنان قسە دەکات و دەڵێ:»

واتای مافی مرۆڤ ئەوەیە کە بۆ هەموو مرۆڤەکانە. لەبەرئەوەی بۆ هەموو مرۆڤەکانە، واتە بۆ پیاوان و بۆ ژنانیش. ئەگەر دەست بەدابڕینی مافی ژن لەمافی پیاو بکەین، ئەوا هەڵە دەکەین و دەبێ بەهۆی ئەوەی ژن بێبەش بێ، لە بەشێک لە مافی خۆی. بەڵام ئێمە پێویستمان بە شتی دیکەی تایبەتە بۆ ژنان، پێویستمان بەگرەنتییەکە بۆ ئەو ژنانەی لەژێر چەوساندنەوەو نادادپەروەریدا دەناڵێنن».

دوا پرسیاری ئێمە لەفرانتزیسکا شێرەر ئەوەیە، کە ئەو ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ پیاوێکی کورد دەژی، ئایا وەک زۆرینەی ژنان پێیانوایە باری پیاو قورسە، ئایا پیاوانی کوردیش وەکو پیاوانیتر باریان قورسە؟ یان باشترن یاخود لەوانی دیکە خراپترن؟

شێرەر، لەم وەڵامەدا دەڵێ:»ئەو پەیوەندییە درێژەی من لەگەڵ پیاوێکی کورددا هۆکارە بۆ ئەوەی بەئاسانی ئەوە نەبینم، یان نەتوانم بیهێنمە بەرچاوی خۆم، کەلە کوردستان بەهیچ جۆرێک ژنان بچەوسێندرێنەوە. لە پلانی مندا نەبوو شوو بەپیاوێکی کورد بکەم، بەڵام نازانین ئەڤین لەکوێ دەگیرسێتەوە. کاتێک ئەڤینەکان دەگونجێن، ئەو دەمە کێشەیەک نییە بەناوی کێشەی ژن-پیاو.





فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

کوردستان- زاخۆ- ٢٠١٠ گولی لە یاری بیلیاردو

## چیرۆکی مێرمنداڵێکی کورد:

# لە کۆڵانەکانی زاخۆ بۆ بەهێزترین مافیاکانی نۆرویژ

زاخۆ

کاتێک بەرامبەری رادەوەستی هەست دەکەی لەمرۆڤەکانی دیکە جیاوازە. نەخشی دەمانچە بەتاتوو لەسەر جەستەی نەخشێندراوە. دەست و تەوێڵ و سەرانسەری جەستەی تاتوویە. چیرۆکی ژیانی ئەم گەنجە رەنگە کەمتر نەبێ لەفیلمەکانی بۆلیوود و هۆلیوود. ئەمەش وایکردووە کە ژنە دەرهێنەرێکی نۆرویژی بیرلەوە بکاتەوە کە ژیانی تراژیدیکی ئەم گەنجە بکاتە فیلم. ئەو لە ١٢ ساڵییەوە بەقاچاغ چووەتە ئەوروپاو هەر لەدەستپێکەوە پەیوەندی بەهەندێ گرووپی مافیاوە کردووە. (گولی زاخۆیی) تەمەن ١٨ ساڵ خۆی وەک سەرۆکی گرووپێکی مافیا بەناوی BBG دەناسێنێت و باس لەکاری قاچاخ و چۆنیەتی چوون بۆ ئەورووپا دەکات. گولی، پانتۆڵێکی رەش و تیشێرتێکی سپی لەبەردا بوو و دوو زنجیر و دەمژمێرێکی مارکەی لەدەستدا بوو. شوێنی چەقۆ بەدەستیەوە دەبینراو هەروەها نیشانەی چەقۆ بەبرۆیەوە دیار بوو. ئەو بەشێوازێکی تایبەت قسە دەکات. تا پۆلی ٣.ی سەرەتایی خوێندوویەتی و نەیتوانیوە ئەو پۆلە ببڕێت و وازی لێهێناوە. لەبارەی شوختەکانی سەر جەستەیەوە دەڵێ»لەنەرویژ دروستم کردەوە. هەندێکیان زۆر گەورەبوون لە ئەورووپا بە ٨ هەزار و ٤٠٠ دۆلار و بەلێزەر سڕیمنەوە، لەبەرئەوەی ئێستا گەورەبووم و پێم شەرمە».

کاتێک لەناو بازاڕدا دەچووین گولی، بەپێکەنینەوە پێیگوتم، ئەگەر ئەورووپا بوایە نەتدەتوانی ئاوها بەسانایی لەگەڵم بگەڕێیت و کێشەت بۆ دروست دەبوو.

### قاچاخچێتی

بۆ یەکەمجار گولی، لەساڵی ٢٠٠١و لەتەمەنی ژێر ١١ ساڵیدا دەست بەقاچاخچێتی دەکات و شەوانە لەرووباری هیزلەوە خەڵک بۆ ناو خاکی تورکیا (باکووری کوردستان) دەگوازێتەوە. ئەو وەها باس لەیەکەمجار دەکات کە نەفەری بردووەتە تورکیا»جاری یەکەم شەش کەسم برد. جەندەرمە پێیانزانین و گوللەیان بەسەرماندا باراند. گرتینیان و شەو و رۆژێک لێیاندااین و جێنویان پێدااین و دواتر گەڕاندینیانەوە بۆ زاخۆ». گولی، پاش ئەوەی دەگیرێت و سنووورداش دەکرێتەوە بێهیوا نابێت و واز لە قاچاخچێتی ناهێنێت، بەڵکو بەردەوام دەبێت»هەرچەندە هەموو جارەکان جەندەرمە گوللەیان بەسەرماندا دەباراند، بەڵام زانیم کە گوللەکانیان فشەن، بۆیە چیتر نەدەترسام».

گولی ٤ جار لەلایەن جەندەرمەوە دەستگیر کراوە. ئەو هەروەها ئاشکرای کرد کە ٨ جار نەفەری بردووەتە تورکیا کە هەموویان بە تەمەن لەخۆی گەورەتر بوون و خەڵکی سلێمانی و هەولێر و دهۆک بوون و بەوەش توانیویەتی زیاتر لە ١٠ هەزار دۆلار کۆبکاتەوە.

چەندینجار خەڵک لە رووباری هیزل دا خنکاوەو بەدەیان کەسیش بە گوللەی جەندەرمەی تورک لەسەر سنوورەکان بریندار بوون یان کوژراون یان مینیان پێدا تەقیوەتەوە. گولی لەوبارەیەوە دەڵێ:»من هەرگیز نەدەترسام. زانیم هیچم نییەو پێویستیش ناکات لەهیچ بترسم و رۆژێک دادێت هەر دەمرم». ئەو نەفەرانەی کە گولی دەیپەڕاندنەوە

www.netewe.com

هەموویان هی خۆی نەبوون، بەڵکو هەندێکیانی لەقاچخچییەکانی دیکە وەردەگرت. سنووری بوونی شاری زاخۆ وایکردووە کە زۆر کەسیتر لەشێوەیە گولی هەبن، بەڵام تەمەنی گولی ئەوە دەردەخات کە حاڵەتێکی دەگمەنە.

لەساڵی ٢٠٠٠ گەنجانی کوردستان بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابوورییەوە بەزۆری روویان لەدەرەوەی وڵات دەکرد و زۆربەشیان لەرێگەی زاخۆوە دەرۆیشتن.

## دەچێتە تورکیا

پاش ئەوەی ماوەی ٣ ساڵ لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا قاچاغی مرۆڤەکان دەکات گولی، لەساڵی ٢٠٠٠دا بڕیار دەدات کە بە یەکجاری کوردستان بەجێبهێڵێت و بچێتە دەرەوەی وڵات.»دوایینجار من ٧ کەسم لەگەڵ خۆمدا برد. هی قاچاخچییەکانی دیکەبوون و هەندێکیان پارەیان خواردم. بۆیە منیش چوومە لای هەندێک لەخزمەکانم ئەستەنبوڵ. هەشت مانگ لەئەستەنبوڵ مامەوەو پاشان بەهاریکاری ئەوان چوومە یۆنان».

به پاسپۆرتی ساختە دەچێتە ئیتالیا

گولی، لە یۆنان هەوڵدەدات بچێتە ئیتالیاو بۆیە بەقاچاغی سواری کامیۆنێک دەبێت و لەئیتالیا دادەبەزێت، بەڵام لەوێ لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت و بۆ یۆنان رەوانە دەکرێتەوە. ئەو ئاشکرای دەکات کە جارێکیتر بەپاسپۆرتێکی ساختە لە یۆنانەوە بە فڕۆکە دەچێتە ئیتالیا و پاش بڕینی چەند وڵاتی دیکە لەنۆروێژ دەگرسێتەوە»لە ئیتالیا نەمام و چوومە فەرەنسا، سویسرا، بەلژیکا، ئەڵمانیا، دانیمارک، سوید و ١٥ مانگی خایاندو توانیم لەساڵی ٢٠٠٦دا خۆم بگەیەنمە نۆروێژ».

سەبارەت بەوەی کە بۆچی نۆروێژی هەڵبژاردووە دەڵێ»کەسووکارم لەوێ بوون. پێیانگوتم باشتر وایە بێیتە ئێرەو منیش بە قسەم کردن».

دەبێتە پەنابەر

«لەنۆروێژ خۆم تەسلیم کرد و چوومە کەمپی موز، من لەوێوە لەگەڵ ئەفریقی و سۆمالییەکان دەستم بە شەڕ کرد. پاش ٦ مانگ لەو کەمپە دەرچووم و مافی پەنابەرییان پێدام و بۆ باش کرۆنیان گواستمەوە. من ٤ ساڵ لە شاری باش کرۆنی نۆروێژ بووم. من لەوێ دەستم بۆ کێشەی گەورەتر برد و خۆم گەیاندە برادەرە شەقاوەکانم».

## دەبێتە سەرۆکی BBG

گولی، لە نەرویج سەرۆکایەتی گرووپێک دەنکات بەناوی (ب.ب.گ). بەقسەی خۆی (ببگ کورتکراوەی رەستەی (تۆ ناتوانیت سەیرم بکەی) یەو خۆی وەک سەرۆکی ئەو گرووپە دەناسێنێت. گرووپی (ببگ) لە٣٥-٥٠ کەس پێکهاتووە کە تەمەنیان لەنێوان ١٨ تا ٣٢ ساڵاندا بووە.»شوێنی کۆبوونەوەکانمان ماڵی من بوو، هەمیشە لە٢٠ کەس کەمتر لەماڵمدا نەبوو و ئەگەریش پێویستبوایە دەمتوانی تا ٥٠ کەس کۆبکەمەوە». گولی گوتی:»ئەو کەسانەی کە لەگەڵ من بوون لەنەتەوەگەلی جۆراوجۆری وەک کورد، نۆروێژی، ئەفریقی بوون. بەڵام زۆربەیان نۆروێژی بوون. من سەرۆکیان بووم. هەرچەندە زۆربەیان تەمەنیان لەمن گەورەتر بوو، بەڵام من لەزۆربەیانم دا تا هاتنە ژێردەستی من».

وەک گولی دەڵێ، هەندێک گرووپی شەقاوە هەبووە کەلە گرووپەکەی ئەو گەورەتر بووە. بۆ نموونە»گرووپی (پپگ) کەس لەئێمە بەهێزتر نییەو هەروەها گرووپی هیل ئانجلس لەئێمە گەورەتر بوون. من پەیوەندیم لەگەڵ هەموو گرووپە شەقاوەکان هەبوو. بەتایبەتیش گرووپی هیل ئانجلس. ئەو گرووپە وەک حکوومەت وابوو و هەڤاڵ و دۆستی لەهەموو جیهان هەبوو و پارەیەکی رەمزی وەک مووچە پێدەدان». بەقسەی گولی، سەرەڕای گرووپی هیل ئانجلس، گرووپەکەی ئەوان لە باکووری نۆروێژ بەدەسەڵات بووەو توانیویەتی کۆڵانەکان بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

## گولی و مادە هۆشبەرەکان

گولی، باس لەو کارانە دەکات کە گرووپەکەیان توانیویەتی ئەنجامی بدات.»ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێک گەورەبازرگانی مادە هۆشبەرەکان هەبوو و بەردەوام لەو کەسانەمان دەدا کە هێرشیان دەکردە سەرمان یان تەشقەڵەیان پێدەکردین. هەرکەسێکیش کە هانای بۆ ئێمە هێناباو گوتبای تۆڵەم بۆ بکەنەوە، یارمەتیماندەداو کەسی بەرامبەرمان بۆ دەکوتا».

گولی، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات»من کاری مادەهۆشبەرەکانم نەدەکرد. ئەگەر کەسێک تەلەفۆنی بۆ ئۆسلۆ کردبایەو گوتبای کەسێک بنێرن. تا هەندێکتان بۆ بنێرم، ئاسانکاریم بۆ دەکرد. بۆ نموونە رۆژێک کیلۆیەکیان بۆ ناردم تا بیفرۆشم. منیش ٥٠ کەسی گروپەکەم بانگ کرد و بەسەر هەموویاندا دابەشم کرد. ئەوانیش هەموویان فرۆشت، دواتر پارەکەم بەسەر هەموویاندا بەش کرد».

سەبارەت بەوەی کە گەلۆ ئەوان دزییان کردووە، گوتی:»دزیمان نەدەکرد. چونکە دزی هی ئەو مرۆڤانەیە کە ناتوانن بڵێن»تۆ ناتوانی سەیرم بکەی». گولی، جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان هەرگیز کچ و منداڵیان ئازار نەداوە»ستغفروڵڵا، ئێمە کاری وامان نەدەکرد».

گولی، هەروەها گوتی:»من زۆر شەڕم کردووەو چەقۆم لەخەڵک داوە. رۆژێک دەمانچەیەکەم بە کەسێکی نۆروێژییەوە ناو چەند چەقۆشم لەرەشپێستێک داو بەسەختی بریندارم کرد». لەبارەی ئەوەی کە ئایا لەبەرامبەردا لێدانی خواردووە، گولی گوتی»ئەوەی بچێتە ماسیگرتن قولی تەڕ دەبێت. زۆرجار لێدانم خواردووە، بەڵام من زیاترم لەبەرامبەرەکەم داوە».

## رکابەری لەگەڵ هیل ئانجلێس

هەرچەندە گولی دان بەوەدا دەنێت کەلە نۆروێژ گرووپی شەقاوەی بەهێزتر لەگرووپەکەی ئەوان هەبووە، بەڵام ئەو ویستوویەتی رکابەری بەهێزترین گرووپی مافیایی نۆروێژ بەناوی هیل ئانجلێس بکات. گولی، سەرەتا سەرۆکی گرووپی هیل ئانجلێس (کین هەرمو) تووڕە دەکات»٤٥٠٠ دۆلارم لێوەرگرت و پێمگوت مادەی هۆشبەرت بۆ دێنم. بەڵام پاش هەفتەیەک تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم نییە. ئەویش گوتی پارەکەم بۆ بێنەوە. منیش گوتم نایهێنمەوە. ئەویش بەتووڕەییەوە پێیگوتم رۆژێک پەشیمان دەبیتەوەو منیش گوتم بێمنەتم».

هیل ئانجلێس، هەوڵدەدات کەلە رێگەی بەکارهێنانی زەختەوە پارەکە لە گولی، وەربگرێتەوە. بۆیە ٦-٧ کەس دەنێرێتە سەر گولی و تاقمەکەی و لەنێوانیاندا شەڕ روودەدات.»هەرگیز بە تەنیا نەدەچوومە دەرەوە، ٥-٦ کەسی بەهێزم لەگەڵ خۆمدا دەبرد. کاتێک ئەوانە هەڵیانکوتایەسەرمان. تێروپڕمان لێدان و بۆ کین هەرمۆمان ناردنەوە». بۆیە پاش ئەو رووداوە کین، لەرێگەی هەڤاڵێکەوە پەیوەندی بە گولییەوە دەکات و دەڵێ با گولی، ئەوە نەکاتە کێشە. هاوکات ئەوەش بە گولی، رادەگەیەنێت کە دەیەوێ بیبینێت.»گوتبووی با تەنیا بێتە لام. بەڵام من ٢٠ کەسم لەگەڵ خۆم برد. ئێمە چەقۆ، دەمانچە، دار و ئاسن و زۆر شتی دیکەمان لەگەڵ خۆمان برد. کە نزیک کەوتینەوە پاسەوانەکانی گوتیان دەبێ تەنیا بچیتە ژوورەوە، منیش گوتم، دەبێ هەڤاڵان لەگەڵم بێن. پاش ئەو موناقەشەیە کین، خۆی هاتەدەرەوەو گوتی وەرە من





کوردستان- زاخۆ- ٢٠١٠ گولی لەنێو چایخانەیەک

بە تەنیام بەس دەمەوێ لەگەڵت قسە بکەم. بۆیە منیش قبووڵم کرد. هەرمۆ، پێیگوتم وەرە لەگەڵ ئێمە کار بکەو هەموو شتێکی گرووپەکەیانی، وەک ئارم و لۆگۆ خستەبەردەستم، بەڵام من نەمویست و گوتم، دەبێ هەر ٤٠ هەڤاڵەکەی منیش بێنەناو هیل ئانجلێس و مووچەشیان بۆ دابین بکەی. ئەو گوتی ناتوانم. لەکۆتاییدا گوتی مانگانە ١٥٠٠ دۆلارت پێدەدەم، بەڵام من رازی نەبووم».

وەک گولی، گوتی، گرووپی هیل ئانجلێس زۆر بەهێزبووە»ماتۆڕ، چەک، نووسینگەو زۆر شتی دیکەیان هەبوو و کێشەی گەورەیان دروست دەکرد و لەدژی دەوڵەتیش رادەوەستان».

دەکەوێتە زیندان

لەساڵی ٢٠٠٨، گولی بەهۆی ئەو شەڕوشۆڕ و کارە نایاساییانەوە کە ئەنجامی دەدات، لەلایەن پۆلیسی نۆروێژەوە دەستگیر دەکرێت و ماوەی ساڵێک و سێ مانگ سزای زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە.»لەوماوەیەدا من زۆرتر خۆم بە وەرزشەوە خەریک کرد. بەڵام دوو شەڕیشم کرد. بۆیە تاکۆتاییهاتنی سزاکەم لەژوورێکی تاکەکەسیدا بووم». گولی، هەروەها ئاشکرای کرد، ئەو ماوەیەی کەلەزینداندا بووە، کەسووکاری نەیانزانیوە چی بەسەرهاتووە.

گولی، دەڵێ کاتێک دەستگیر کراوە بووەتە مانشێتی چەندین گۆڤار و رۆژنامەی نۆوێژی»رۆژنامەیەک نووسیبووی یەکێک لە گەورەترین مافیا بیانییەکانی نۆروێژ دەستگیر کرا».

## گولی دەبێتە فیلم

پاش ئەوەی دەستگیرکردنی گولی، دەبێتە مانشێتی رۆژنامەکانی نۆروێژ، ژنەدەرهێنەرێکی نۆروێژی بەناوی مارگرێتا بڕیار دەدات ژیانی بکاتە فیلم.»مارگرێتا روخسەتی لە پۆلیس وەرگرت و لەزیندان هاتەلام. دەستی کرد بە دروستکردنی بەڵگەفیلمێک لەسەر ژیانم کە هێشتا تەواو نەبووە».

## دیپۆرت دەکرێتەوە

پاش ئەوەی سزاکەی گولی، تەواو دەبێت، حکوومەتی نۆروێژ بڕیاردەدات کە خۆی لەسەرئێشەی گولی رزگار بکات. بۆیە لەکۆتایی ٢٠٠٩دا بڕیاردەدات کە بۆ هەرێمی کوردستانی بگەڕێنێتەوە. بەڵام بڕیارەکە لە بەرواری٢٠١٠/٥/٥ جێبەجێ کرا. رۆژی ٢٠١٠/٥/٥ حکوومەتی نۆروێژی لەرێگەی فڕۆکەخانەی ئۆسلۆوەو بەهاوڕێیەتی ٥ پۆلیس بەمەبەستی گەڕانەوە گولی ناردەوە بۆ فڕۆکەخانەی ئوردون. لەوێش بەهەماهەنگی لەگەڵ پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئەنتەرپۆل) رۆژی ٢٠١٠/٥/٨ گولی، دەنێرنەوە فڕۆکەخانەی هەولێر. لەوێش بەپێی ئەو هەماهەنگییەی کەلەنێوان فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و ئەنتەرپۆلدا هەیە، گولی رادەستی پۆلیسی فڕۆکەخانە دەکرێتەوەو ئەویش پاش ٢ رۆژ مانەوە لەهەولێر دەگەڕێتەوە زاخۆ.

تۆبە و گەڕانەوە!

سەرەڕای ئەو کارانەی کە ئەنجامیداوە، گولی، بڕیاریداوە»تۆبە» بکات و جارێکیتر بەقاچاخی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەخۆشەویستەکەی نۆروێژ و دەڵێ»پەشیمانم». گولی، دەڵێ»دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ نۆروێژ و لەگەڵ ئەو کچەی کە ٣ ساڵە حەزی لێدەکەم زەواج بکەم». بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی ساردەوە لەبارەی خۆشەویستەکەیەوە دەڵێ:»ئەوە چەند ساڵە لێی دوورم و دڵم بۆی لێدەدات. زۆر غەریبی دەکەم». گولی، وەک خۆی دەڵێ، لەوە دڵنیایە کە بەئاسانی دەتوانێت ئەو کارانەی کە پێشتر کردوویەتی بەجێبهێڵێت.

گولی، بەغەمگینییەوە دەڵێ»بەس ئەمجارە دەستم بە ئەورووپا بگاتەوە دەبمە پیاو و واز لەهەموو شتێک دێنم».



بەرەڤان ئەحمەد



# بە ئاشکرا لـــەشفرۆشی دەکرێت

## راپرسی وارڤین: ٥٢٪ـــی هاووڵاتیانی هەولێر داوای شوێنێکی تایـــبەت بۆ لەشفرۆشی دەکەن

هەولێر

لەشفرۆشی لەهەولێر بوونی هەیەو وەک دیاردەی لێهاتووە؟ ئەوانەی لە هەولێر لەشفرۆشی دەکەن کوردن یان لـەدەرەوەی هەرێم هاتوون؟ کرانەوەی شوێنێکی تایبەت بە لەشفرۆشان لە هەولێر گونجاوە؟ پێویستە یاسایەک بۆ سزادانی لەشفرۆش و لەشکڕ هەبێت؟ ئەم راپۆرتەی وارڤین بەشێوەی راپرسی ئامادەکراوەو تێیدا ١٠٠ فۆرم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بە هەڕەمەکی لەشاری هەولێر دا بڵاوکراوەتەوە.

لەکۆی ئەو ١٠٠ فۆرمەی کەلە هەولێر، بەشـێـوەیـەکی هـەڕەمـەکـی وەڵامـی پرسیارەکەیان داوەتەوە، رێژەی ٨٧٪ـی لە ڕەگـەزی نێر و ١٣٪.ی لەرەگەزی مێی بوون کە تەمەنەکانیان بۆ سەر سێ ئاست دابەش ببوو. ئاستی یەکەم، ئەو کەسانەن تەمەنیان لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵیدایەو رێژەی ٥٥٪ـی نموونەی راپـرسـیـیـەکـە پـێـکـدەهـێـنـن. ئاستی دووهەمیش ئـــەو کـەسـانـە دەگـــرێـــتـــەوە کە تەمەنیان لەنێوان ٣١تا ٤٠ ساڵـیدایـەو رێـژەی ٢٩٪ـــی بـەشـداربـووان پێکدەهێنن. هەرچی ئاستی سێهەمە تەمەنیان لەنێوان ٤١ تا ٥٠ ساڵیدایەو رێژەی ١٦٪ـی نموونەکەن.

سەبارەت بەئاستی زانستی ئەو کەسانەی فۆڕمەکەیان پڕکردووەتەوە، ٢٩٪ هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین. لەئاستی دیپلۆمیش بـەرێـژەی ٢٢٪ و لەئاستی بەکالۆریۆس بەرزترین رێژەی لەخۆگرتووە بەرێژەی ٣٤٪ و ماستەر بۆ سەرەوەش ١٥٪ـی بەشداربووان پێکدەهێنن.

### یاسا پێویستە؟

٧٨٪ـــی بـەشـداربـووانـی راپـرسـیـیـەکـە بۆ بـەرەنـگـاربـوونـەوەی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ بوونی یاسایەکن کە تێیدا سـزای لەشکڕو لـەشـفـرۆش بـدرێـت، هاوکات ٢٢٪ـی بەشداربووانی راپرسییەکە دژی سزایەکی لەو شێوەیەن. ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیستی کۆمەڵی ئیسلامی سەرگوڵ قەرەداغی لـەوبـارەیـەوە دەڵـێ، ئێمە پڕۆژەیاسایەکمان پێشکەش بەپەرلەمان کـردو داوامـان کرد کە لەشکڕ و لەشفرۆش سزابدرێت.»هەر کەسێک شوێنی کارەکەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنێت سزا بدرێت و شوێنەکەی دابخرێت. هەرکەسێک لەشفرۆشی بێگانە بۆ نێو هەرێم بهێنێت سزا بدرێت، هەر کارمەندێک شوێنەکەی بۆ لەشفرۆشی بقۆزێتەوە لەکارەکەی دەربکرێت «. سەرگوڵ قەرەداغی، دەڵـێ، ئـەوەی ئـەوان پێشکەشیان کردووە یاسایەکی تازە نییە، بەڵکو زیادکردنی چەند خاڵێکی پێویستە بۆ یاسا کۆنەکە، چونکە ئەو یاسایە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا ناگونجێت. لەبارەی خاڵە زیادکراوەکانەوە ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان گوتی:»داوامان کردووە لەو شوێنانەی کە تاوانێکی لەو شێوەیە روودەدات دەسەڵاتی داواکاری گشتی زیاد بکرێت تا بتوانێت سکاڵا بۆ دادگا بەرزبکاتەوە. توێژەری کۆمەڵایەتی پشتیوان مەدحەت لەگەڵ ئەوەدایە کە لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستاندا بەپێی یاسا رێکبخرێت، چونکە ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. دکتۆر ئەحمەد ئیبراهیم، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان باس لە رەتکردنەوەی پڕۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لەپەرلەمانی کوردستان دەکـات. «بـەهـۆی بوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (٨)ـی ساڵی ١٩٨٨ لەعێراق، کە بۆ سزادانی لەشفرۆش و لەشکڕ کاری پێدەکرێت، پێویست ناکات یاسایەکی هاوشێوەی ئەو یاسایە لەپەرلەمانی کوردستان هەبێت. هەروەها تائێستا لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستاندا نەبووەتە دیـاردە کە پێویستی بەیاسایەکی تایبەت بێت».

### شوێنی تایبەت بە لەشفرۆشی؟

٥٢٪ی بەشداربووانی راپرسییەکە لەگەڵ بوونی شوێنکی تایبەت بە لەشفرۆشین کە بەئاشکرایی کـاری لەشفرۆشی تێدا بکرێت، بـەڵام ٤٨٪ـی بەشداربووانیش دژی ئەوەن شوێنێکی تایبەت بەلەشفرۆشی هەبێت.

توێژەری کۆمەڵایەتی پشتیوان مەدحەت، بوونی شوێنی تایبەت بەکاری لەشفرۆشی لە هەولێر بە پێویست دەزانێت، چونکە لەهەموو وڵاتانی جیهان و ئەو وڵاتانەی کەلەڕووی ئایینەوە وەک ئێمەن ئەو شوێنانە هەیەو حکوومەتیش مۆڵەتی پێداون.»کاتێکیش ئەو شتە لەژێر چاودێری حکوومەتدا بوو دەتوانرێت بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، نە وەک بەو شێوەیەی ئێستا لەهەولێر بەرچاو دەکەوێت». سەرگوڵ قەرەداخی، دەڵێ، کە نابێ رێگە بەکردنەوەی هیچ جێگایەکی تایبەت بەلەشفرۆشی لە هەولێر بدرێت، چونکە لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگای کوردستان ناگونجێت.

### لە هەولێر دیاردەیە؟

٦١٪ـــی بەشداربووانی نموونەی راپرسییەکە، پێیانوایە کە لەشفرۆشی لەشاری هەولێر بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ٣٩٪ـی بەشداربووانی راپرسییەکەش لەوبڕوایەدان کە هێشتا لەشفرۆشی لەشاری هەولێر نەبووەتە دیاردە.

ئەندامی لیژنەی داکۆکی لەمافی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان، گەشە دارا حەفید دەڵێ:»رۆژانە لەدادگاو بنکەکانی چاکسازی ئافرەتان و بنکەکانی پۆلیس، سەرقاڵی بەدواداچوونی کێشەی زۆری لەشفرۆشین، ئەمەش لەوەدەرچووە کە لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستاندا حاڵەت بێت». تائێستا ئامارێکی بڕواپێکراو لەبەر دەستدا نییە کە رێژەی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان دیاریکردبێت، چونکە تا ئامارێکی زانستی نەبێت ناتوانرێت بگوترێت لەشفرۆشی دیاردەیە یاخود ئەوەی بەرچاو دەکەوێت حاڵەتە.

هاوکات سەرگوڵ قەرەداغی گوتی، لەشفرۆشی





www.netewe.com

لەهەرێمی کوردستان وەک دیاردەی لێهاتووەو ئەمەش بەهۆی هاتنی کرێکارانی بیانی وەک ئەسیوپی و ئەندەنوسی و وڵاتـانی دیکەوە پەرەیسەندووە. پشتیوان مەدحەت، دەڵێ بەپێی ئەنجامی ئەو راپرسییەو توێژینەکانیتر لەشفرۆشی لەهەولێر بەرەو بەدیاردەبوون دەچێت. بۆبەرگرتن لەوکارەش پێویستە یاسایەکی هاوچەرخ هەبێ کە لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا بگونجێت، هەروەها تەنیا سزا بۆ لەشفرۆش نەبێ و لەشکڕیش بگرێتەوە.

## بە ئاشکرا دەکرێت؟

رێـژەی ٩٢٪ی بەشداربووانی ئـەو راپرسییە پێیانوایە کەلە شاری هەولێر بەئاشکرا لەشفرۆشی ئەنجامدەدرێت، هاوکات رێژەی ٨٪ی بەشداربووانی راپرسییەکە ئەوە رەتدەکەنەوە لەشاری هەولێر لەشفرۆشی بکرێت.

ژنێکی تەمەن ٣١ ساڵ، بەناوی (ر.ک) ٢جار شوویکردوە، بەڵام جیابووەتەوەو ئێستا لەگەڵ ٣منداڵەکەیدا دەژیـت. مـاوەی ٣ساڵە کاری لەشفرۆشی دەکات و بەگوتەی خۆی، ئێستا وازی هێناوەو هۆکارکەیشی بۆ خراپی بژێوی ژیانی دەگەڕێنێتەوە. بەگریانەوە باسی ئەوکاتانەی دەکرد کە هەستی کردووە، مانا مرۆڤایەتییەکەی لەدەستداوە»دەکەونە گیانت، ئازارت دەدەن. هیچ مانایەک بۆ هەستی تۆ ناهێڵنەوە».

کچێکی باڵابەرزی گەنم رەنگ بەناوی (گ.ژ) دانیشتووی هەولێرەو تەمەنی ٢٣ ساڵە.(گ.ژ) وەک خـۆی گوتی ٤سـاڵـە کـاری لەشفرۆشی دەکات»دوای مردنی باوکم، دایکم شووی بەمامم کردو ئەویش لەگەڵی خراپ بوو، بۆیە بڕیارمدا ماڵ بەجێبهێڵم. دواتر لەڕێگەی هاوڕێیەکمەوە تووشی لەشفرۆشی بـووم». ئەو ئێستا لەگەڵ دوو ژنیتر خەریکی ئەو کارەن. تائێستا ٢جار پـەردەی کچێنیم دووریـوەتـەوە، بۆ ئـەوەی واز لەو کارە بهێنم، بەڵام تائێستا بەردەوامم». ئەو مامەڵەی پیاوە لەشکڕەکان بەتوندوتیژ وەسف دەکات و دەڵێ:»دەبێ هەموو داواکارییەکانیان جێبەجێبکەیت، پێماندەڵێن، خۆ بەخۆڕایی دەستمان نەکەوتوویت».

(د.س) پـازدە سـاڵ، یەکێکیترە لەو ژنانەی لەشفرۆشی کـــردووەو ئێستا لەبەندیخانەی چاکسازی نەوجەوانان و ژنانی هەولێر دەستگیر کراوە. ئەو ژنە بووەتە قوربانی کێشەی نێوان دوو بنەماڵە، ئەو کێشەیەش بەلەدەستدانی پەردەی کچێنی (د.س) کۆتایی پێهاتووەو لەئەنجامدا چارەنووسی بەرەو لەشفرۆشی چووە. ئەو کچە وەک خۆی باسیدەکات دوای ئـەوەی لەلایەن خزمێکی خۆیانەوە دەکرێتە ژن، لەترسی ئەوەی لەلایەن خێزانەکەیەوە نەکوژرێت روودەکاتە یەکێک لەبنکەکانی داڵدەدانی ژنان، بەڵام لەوێ کچێک دەناسێت کە لەسەر لەشفرۆشی دەستگیر کـراوە. (د.س) سەرەتای تێکەڵبوونی لەگەڵ کاری لەشفرۆشی وەها دەگێڕێتەوە»پێش دووساڵ لەسەنتەرێکی داڵـدەدانـی ژن کچێکم بەناوی (م) ناسی کە بەهۆی لەشفرۆشییەوە گیرابوو، ئیتر لەگەڵ ئەو کچەدا لەسەر بەرپرسیارێتی خۆمان سەنتەرمان بەجێهێشت. بەرپرسانی ئەو سەنتەرەش رازیـبوون، چونکە بەپەنجەمۆر و

> **لەشفرۆشێک مامەڵەی پیاوە لەشکڕەکان بەتوندوتیژ وەسف دەکات و دەڵێ:»دەبێ هەموو داواکارییەکانیان جێبەجێبکەیت، پێماندەڵێن، خۆ بەخۆڕایی دەستمان نەکەوتوویت»**

بەرپرسیارێتی خۆمان بـوو و لەسەنتەریش بێبوونی جگەرە نەمتوانی ژیـان بگوزەرێنین، چونکە ئالوودەی جگەرە ببووم».

پـاش ئـەوەی سەنتەرم جێهێشت لەگەڵ (م) چووینە ماڵێک، نەمدەزانی خاوەنی ئەو ماڵە (ج) ژنێکە لەشفرۆشی دەکات و چەندین ژنی دیکە لەو ماڵە هەبوون و لەلایەن ئەو ژنـەوە کاری لەشفرۆشییان پێدەکرا. لەو ماڵەدا چوارجار لەشفرۆشیم پێکرا، دواتـر دەستگیرکرامەوەو رەوانەی خانەی نەوجەوانان و ئافرەتانی هەولێر کرامەوە.

(د.س) مـاوەی ٤ مانگە دەستگیرکراوەو لەچاوەروانی بڕیاری دادگـادایـە.»دوای ئەوەی جارێکیتر دەستگیر کرامەوە، لەبەندیخانە کچێکم ناسی کە ناوی (ش) بوو، دوای ئازادکردنمان چوومە ماڵی (ش)، ئیتر لەڕێگەی مەلاوە شووم بەبرایەکی ئەو کرد کە ناوی (س) بوو، دوای ئەوەی شووم پێکرد ئیتر ئەویش دووجـار لەشفرۆشی پێکردم، بۆیە هەردووکمان دەستگیر کراین. لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنەکەیان (د.س) دەڵێ»من لەسەر لەشفرۆشی و مێردەکەشم لەبەر ئەوەی لەشفرۆشی بە من دەکرد، ئیتر بەو هۆیەوە هەردووکمان دەستگیر کراین».

رێژەیەکی کـەم لەبەشداربووانی راپرسییەکە لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا هەڵسووکەوتیان لەگەڵ لەشفرۆشان کـردووە وەڵامـی بەڵێـیان داوەتــەوە کە رێژەکەی ٢٨٪، هەروەها رێژەی ئەوانەی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ لەشفرۆشدا نەکردووە٧٢٪ بەشداربووانیان پێکهێناوە.

## لەشفرۆشان لە کوێوە هاتوون؟

لەوەڵامی پرسیارێکی راپرسییەکەدا کە ئەوانەی کـاری لەشفرۆشی لەناو شـاری هەولێر دەکەن خەڵکی هەرێمن یان دەرەوەی هەرێم؟ ٤٧٪ی بەشداربووان دەڵێن، ئەو کەسانە خەڵکی دەرەوەو ناوەوەی هەرێمی کوردستانن، بەڵام رێژەی ٣٥٪ لەبەشداربووانی ئەو راپرسییە دەڵێن لەشفرۆشان خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن. هەروەها رێژەی ١٨٪ دەڵێن کە لەشفرۆشەکان خەڵکی هەرێمی کوردستانن.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەربە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی سەرگوڵ قەرەداغی، پێیوایە هاتنی خزمەتگوزارە بیانییەکان لەدەرەوەی هەرێم بەتایبەتی لەوڵاتانی ئەندەنوسیاو ئەسیوپیاو فیلیپین، بووەتە هۆی زیادبوونی رێژەی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان.»ئەمەش جگەلەوەی لەناوهەرێمی کوردستانیش ژن هەیە بەهۆکاری جیاواز لەشفرۆشی دەکـات». تـوێـژەری کۆمەڵایەتی پشتیوان مەدحەت، پێیوایە، هاتنی ئەو ژنە عەرەبانە کاریگەری نێگەتیڤی بۆ سەر باری کۆمەڵایەتی و تەشەنەسەندنی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان هەبووە،»دەبینین کەبەشێکی زۆری ئەو لەشفرۆشانە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان هاتوون. نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کەلەهەرێمی کوردستاندا ئافرەتی لەشفرۆش هەیە».

## چی لەگەڵ لەشفرۆشی بکرێت؟

بۆ کەمکردنەوەی لەشفرۆشی لەشاری هەولێر، بەشداربووانی ئەم راپرسییە داوا لەحکوومەتی هەرێم دەکەن رێوشوێنی توند بگرێتەبەر. هەروەها داواکـارن کە حکوومەت بژێوی ژیانی ئەو کەسانەی کاری لەشفرۆشی دەکات دابین بکات تا پەنا نەبەنە بەر ئەو کارە. هاوکات داوا دەکەن رێگە بەو لەشفرۆشانە نەدرێت کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان، روو لەهەولێر دەکەن. لەلایەکی دیکەوە خوازیارن وەزارەتی پـەروەردە لەناوەندەکانی خوێندن لەقۆناغی سەرەتایی هەردوو رەگەزی مێ و نێر لە هەڕەشەو مەترسییەکانی کاری لەشفرۆشی و لەشکڕی، ئاگادار بکاتەوە.

**بۆکان هیوا**



## پرسیارەکانی وارڤین لە هاووڵاتییان

ئایا لەشاری هەولێر لەشفرۆشی هەیە؟
٩٢٪ بەڵێ
٨٪ نەخێر

بەڕای تۆ لەشفرۆشی لەهەولێر دیاردەیە؟
٦١٪ بەڵێ
٣٩٪ نە

ئایا هیچ باندێکی لەشفرۆشیت بینیووە؟
٥٤٪ بەڵێ
٤٦٪ نە

هەڵسووکەوتت لەگەڵ لەشفرۆشدا کردووە؟
٢٨٪ بەڵێ
٧٢٪ نەخێر

ئەوانەی کاری لەشفرۆشی دەکەن خەڵکی کوێن؟
١٨٪ هەرێم
٣٥٪ دەرەوەی هەرێم
٤٧٪ هەردووکیان

پێتباشە شوێنی تایبەت بەلەشفرۆشان هەبێت و بەئاشکرا کاری لەشفرۆشی تێدا بکرێت؟
٥٢٪ بەڵێ
٤٨٪ نە

ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بەیاسای لەشفرۆش و لەشکڕ هەیە؟
٧٨٪بەڵێ
٢٢٪ نە



# چۆن دەژین

# ئەو منداڵانەی دایکیان بەبیانووی شەرەفپارێزی کوژراوە





»٥ساڵان بووم کاتێ پرسیم، دایکم لەکوێیە؟ گوتیان، چووەتە ماڵی باپیرت. وا تەمەنم ٢٥ساڵە، بەهەمانشێوە وەڵام دەدرێمەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە هەموو بیرکردنەوەو ژیانمی داگیرکردووە« ئەمە قسەی وارین دۆسکی بوو. وارین، هێشتا منداڵ بوو کە دایکی بەبیانووی شەرف کوژرا.

ژن کوشتن، یەکێک لەپرسە هەرەدزێوەکانی کۆمەڵگای کوردستانە. کاریگەرییە نەرێنییەکانی رەنگدانەوەی بەسەر رەوشی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. هاوکات لەکاتی کوشتنی ژنێکدا، جگە لە خۆی منداڵەکانیشی دەبنە قوربانی و کەس نییە قەرەبووی گرفتە مەعنەوی و بەرجەستەکانی ئەو منداڵانە بکاتەوە. زۆرجار بەهۆی نەبوونی کەسانی دڵسۆز، لەدەوروبەریان منداڵەکان، دووچاری هەمان گرفتی دایکیان دەبنەوە. ئەو منداڵانەی بێ دایک گەورەبوون و بێ دایک دەکرێن، زۆرن. ئەوەی بۆ ساتێک گوێبیستی خەمەکانیان بێت، هەست بەسەختی بارودۆخی ئەوان، دەکات.

وارین دۆسکی، یەکێکە لەو منداڵانەیە کە بێ دایک گەورەبووە، لەتەمەنی ٥ ساڵییەوە پرسیاری دایکی کردووە، بەڵام وەڵامی راستی دەستنەکەوتووە. لەبەرئەوەی پێیگووتراوە»دایکت لەماڵی باپیرتە« وارین دەڵێ»من نازانم ماڵی باپیرم لەکوێیە؟ بەڵام ئێستا دەزانم ئەمە تەنیا وەڵامێکی دروستکراوبوو بۆ من. ئەگەرنا وەک لەم دواییانەدا بیستم، دایکم لەچۆڵەوانییەک، کوژراوە. ناشزانم گۆڕەکەی لەکوێیە«. هەروەها نایشارێتەوە کە وێڕای ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە لەژیانیدا هەبووە، لەنێو خەڵکیشدا هەست بەکەموکورتی دەکات لەبەرئەوەی پێیدەڵێن»دایکت بەتۆمەتی شەرەف، کوژراوە«.

پسپۆڕی دەروونی د. نزار عیسمەت دەڵێ، دوور نییە ئەو منداڵانەی کە دایکیان دەکوژرێت، تووشی نەخۆشی دەروونی ببن، چونکە جیهانێکی تەموومژاوی و بێوەڵامیان بۆ دروستدەکرێت، لەوانەشە رۆژلەدوای رۆژ، گرفتە دەروونییەکانیان، پەرەبسێنێت.

شەیما حەسەن، منداڵێکی ترە کە بەبێ دایک گەورە بووە، تا تەمەنی ١٢ساڵ وایزانیووە کە دایکی بەهۆی نەخۆشییەوە مردووە، لەبەرئەوەی وای پێگوتراوە.»دوانزە ساڵان بووم، رۆژێک لەگەڵ کچی مامێکم، بەشەڕهاتم، پێیگووتم، دایکت لەسەر شەرەف کوژراوە«. بیستنی ئەو قسەیە لەباری دەروونییەوە زۆر کریگەری لە شەیما دەکات و وادەکات کە دەست لەخوێندن هەڵبگرێت. یەکێک لەکاریگەرییە خراپەکانی دیکەی ئەو قسەیە لەسەر شەیما، ئەوەیە کە ناتوانێت شوو بکات»تائێستا چەند گەنجێک هاتوونەتە، خوازبێنیم، ناوێرم شووبکەم، چونکە هەم دەترسێم دوایی پێمبڵێن، دایکت بەهۆی شەرەفەوە کوژراوەو هەمیش لەپیاو دەترسێم«.

پسپۆڕانی دەروونی، ئاماژەبەوە دەکەن، هەمیشە منداڵان دەبنە قوربانی، کێشەکانی دایک و باوک، هەتا لەحاڵەتی جیابوونەوەشدا، بەڵام حاڵەتی جیابوونەوە ئەگەر بەشێوەیەکی شارستانی بێت، ئەوکاریگەرییە خراپە کار ناکاتە سەرمنداڵەکان. بۆیە ئەو ژن و پیاوانەی کێشەیان هەیە، بەرلەوەی بگاتە حاڵەتی کوشتن، رێگەچارەیەکی ئاسانتریان هەیە، ئەویش جیابوونەوەیە.

(ک.م) کوڕێکی گەنجی (٢٠) ساڵ دەڵێ، پێمشەرمە پێمبڵێن»دایکت بەهۆی شەرەفەوە، کوژراوە«.

(ک.م) دەزانێت دایکی لەلایەن باوکییەوە کوژراوە، بەڵام تائێستا راستی باسەکەو هۆکارەکەی بۆ روون نەبووەتەوە»نە کەس قسەی راستم بۆ دەگێڕێتەوە، نە دەشتوانم پرسیار لەباوکم بکەم، باوکم رێگەمان پێنادات کە بەهیچ شێوەیەک لەبارەی دایکمانەوە پرسیاری لێ بکەین«. فەنەر عەگید، کچێکیترە وەک چەندین کچی دیکەی ئەم وڵاتە کە پێیدەڵێن دایکی بەهۆی «شەرەفەوە» کوژراوە. ئەو لەحاڵەتێکی دەروونی نالەباردا دەژیت لەبەرئەوەی»هیچکات وەک منداڵیتری ئاسایی، لەسایەی سۆزی دایکمدا هەڵسووکەوتم نەکردووە، ناتوانم ببمە هاوڕێی کەس، شووکردنیشم رەتکردووەتەوە، دەترسێم لەکاتی هەر کێشەیەکدا، ئەو قسەیەم پێبگووترێتەوە«.

لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی دانا عەلی، لەگرفتەکانی منداڵاندا خێزان و لەناوخێزانیشدا بەتایبەت باوک بە بەرپرسیاردەزانێت. منداڵی دایکە کوژراوەکان، هەمیشە لەدڵەڕاوکێدا، دەژین لەبەرئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان، دەستناکەوێت، ئەوە جگە لەوەی ئەو منداڵانە لەگەورەترین سۆزو میهرەبانی کە هی دایکە، بێبەشکراون. سۆزان (١٨)ساڵەو ئێستا لەسەنتەرێکی داڵدەدان دەژیت.»لە ١٢ساڵیەوە زانیم کە دایکم بەتاوانی شەرەف کوژراوە، لەوکاتەوە زۆر شەرم لەخۆم دەکەم، زڕدایکەکەم زۆر شەرمەزارم دەکات، بۆیە بۆ دەربازبوون لەو رەوشە هاتوومەتە ئەم سەنتەرەوە، باری دەروونیم زۆر شڵەژاوەو لەخۆم بێزارم. نامەوێ چیتر بەمشێوەیە بژیم، چەندجار هەوڵی خۆکوشتنم داوەو پەشیمان بوومەتەوە«.

لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی نوعمان یوسف، دەڵێ»زۆربەی ئەو منداڵانەی رووبەڕووی ئەم دۆخە دەروونییە دەبنەوە، ناتوانن بچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە«.

www.netewe.com



# کچان قوربانی درۆی کوڕانن

دهۆک

هـەنـدێ لـەکـچـان دەڵـێـن، کـوڕان بەڵێنی هاوسەرگیرییان پێداون و دواتر بۆیان دەرکەوتووە ئەو کوڕانە تەنیا بەمەبەستی سێکسی بەکاریان هێناون. یاساناسێکیش باس لەوەدەکات ئەگەر کوڕێک کچێک بەسۆز و بەڵێنی هاوسەرگیری بەخۆیەوە ببەستێتەوەو کاری سێکسی لەگەڵدا بکات، دواتر نەیهێنێت، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی سزادەدرێت.

زاڵبوونی دەسەڵاتی پیاوسالاری لەکوردستان، هەموو نەنگی و تایبەتمەندییە دزێوەکانی پیاو دەشارێتەوەو بەوهۆیەوە ژن قوربانی بەردەوامی هەڵسووکەوتەکانی پیاون. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو گۆڕانی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، جۆری پەیوەندییەکان دەگۆڕێت. کەبتی سێکس و سـۆزیـش، یەکێک لـەهـۆکـارە گرنگەکانی شکستخواردنی پەیوەندییەکانە. زۆرجار پەیوەندی نێوان کوڕان و کچان دەگاتە ئاستی سێکس و هەمیشە کچان لەپەیوەندییەکانیاندا، هەوڵدەدەن بەڵێنی هاوسەرگیری لـەکـوڕان وەرگـرن. زۆر لەکوڕانیش، کچان دەخەنە چوارچێوەی تێرکردنی ئـارەزووی سێکسکردنەوە. هاوکات شارەزایانی یاسایی هـۆشـداری دەدەنــە کچان کە خۆیان رادەستی فێڵەکانی کوڕان نەکەن، چونکە یاسایەک هەیەو پشتگیرییان لێ دەکات. کاروان، ناوی کوڕە گەنجێکە کە نیشتەجێی دهۆکەو ئاماژە بەبوونی حاڵەتێک دەکات کە خۆی ئاگاداربووە لەوەی چۆن کچەکە، بووەتە قوربانی»٢ ساڵ لەمەوبەر هاوڕێیەکی نزیکم، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێک کرد، بـەردەوام گرنگی پێدەداو بەڵێنیپێدابوو هاوسەرگیری بکەن، تامتمانەی کچەکەی بەدەستهێناو دوای ساڵێک پەیوەندی سێکسی لەنێوانیان دروستبوو، تا کچەکە پەردەی کچێنی نەما کە کوڕەکە زانی خۆی دوورخستەوەو پێیگووت، تەنیا مەبەستی رابواردن بوو، کچەکەش خۆی سووتاند و مرد».

پارێزەر تەها محیەدین، لەدادگای دهۆک، ئەو جۆرە حاڵەتانە بەتاوانی هەڵخەڵەتاندنی ژنانی سـەرووی ١٨ساڵی نـاودەبـات و گوتی بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ماددەی ٣٩٥، ئەو کوڕانە سزادەدرێن کە فێڵ لەکچان دەکـەن. هەروەها ئەو تاوانانەی بەتاوانی دژی رەوشت و ئادابی گشتی ناوبرد.»هەرکەسێک، ژنێک بەسۆز و بەڵێنی هاوسەرگیری بەخۆیەوە ببەستێتەوەو کاری سێکسی لەگەڵدا بکات، دواتر ئەو سۆزو بەڵێنەی بەجێنەهێنێت، بەپێی یاسا سزا دەدرێت، سزاکەشی بۆ ماوەیەک دەبێت کە کەمتر لەپێنج ساڵە».

(ڤ.ن) کچێکی گەنجی دانیشتووی دهۆکەو لەلایەن کوڕێکەوە فێڵی لێکراوە»ساڵێک بەر لەئێستا کوڕێکم زۆر خۆشدەویست، پەیوەندییەکەمان گەیشتە ئاستی سێکس، کوڕەکە بەڵێنیدابوو هاوسەرگیری بکەین، بەڵام دواتر بۆم ئاشکرابوو کە ئەو کوڕە پەیوەندی سێکسی لەگەڵا دوو کچی دیکەشدا هەیە». ئەو کچە داوای لەسەر کوڕەکە تۆمار نـەکـردووە»زۆر حـەز دەکـەم لەرێگەی دادگاوە مافی خۆم لەو کوڕە وەربگرمەوە، بەڵام ناتوانم داوای لەسەر تۆماربکەم، چونکە ئەگەر وابکەم خێزانەکەم پێمدەزانن و ئەوکاتە ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە». ئالان، کوڕە گەنجێکە بەڕاشکاوی دەڵێت، کە ئەو لەپەیوەندی بەستن لـەگـەڵ کچاندا، تەنیا مەبەستی تێرکردنی حەزەکانیەتی»کچان زوو و بەئاسانی باوەڕم پێدەکەن، بەتایبەت کاتێک باسی خۆشەویستیان لەگەڵا دەکـەم، تەمەنم گەیشتووەتە ٣٠ ساڵ و هێشتا بیرم لەهاوسەرگیری نەکردووەتەوە، چونکە زۆر بەئاسانی دەتوانم کچان لەخشتەبەرم و حەزی سێکسی خۆمیان لەگەڵ تێر بکەم، بۆیە پێویستیم بەژنهێنان نییەو کچانیش هیچ کاتێک ناتوانن سکالآم لەسەر تۆماربکەن».

یاساناسان دەڵێن، ئەگەر کچێک فێڵی لێکراو تەمەنی لە ١٨ساڵ زیاتربوو، ئەوا دەبێ خۆی داوای یاسایی تۆماربکات، بەڵام ئەگەر تەمەنی کچەکە لە ١٨سـاڵ کەمتر بێت، خۆشی داوا تۆمارنەکات، ئەگەر زانیاری بەداگا بگەینرێت، سزای سەخت بۆ ئەو کەسە دیاری دەکرێت کە فێڵی لێکردووە. سزاکەشی بەپێی ماددەکانی (٣٩٣ و ٣٩٤) دەبێت کە بە تاوانی دەستدرێژی سێکسی هەژمار دەکرێت. چونکە ئەو مرۆڤەی لە ١٨ساڵ کەمتر بێت، ناتوانێت کرداری باش و خراپ هەڵبژێرێت.

**هێژا شێخ مەمی**







# رێبوار پاش کوشتنی براکەی چی لە براژنەکەی کرد؟

چەمچەماڵ

رێدار، خۆشەویستی بۆ شەهلا، بەجۆرێک بوو کە هیچکات بیری لەسەروەت و سامانی ئەو کچە نەدەکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی بەدەستی براکەی کوژرا، شەهلا، کەوتە داوی فیڵەکانی رێبواری برای رێدار و چیرۆکەکە لەدادگا کۆتایی هات.

هەبوونی بۆشاییەکی فراوان لای مرۆڤ، لەسۆزو پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کەسایەتییەکی لاوازو بێبڕوا. زۆرجـار بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە فراوانە هەندێک لەمرۆڤەکان کەسایەتییان پێچەوانە دەبێتەوەو چاوچنۆکی و پەنابردن بۆ تاوان دەبێتە هۆکارێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانەو تێرکردنی حەزەکانیان.

ئەم رووداوەش بەسەرهاتی کەسێکە، لە پێناو بەدەستهێنانی سـەروەت و سامانی براژنەکەی ئامادەبووە هەر تاوانێک بکات. بەتایبەتی دوای مردنی براکەی هەوڵی سەرەکی ئەوەبوو، کە براژنەکەی بخوازێت، بەڵام ئایا مەبەستەکەی تەنیا ئەوە بوو؟

رێدار و شەهلا، دەمێک بوو دڵیان بەیەکەوەبوو، رێدار ٢٥ ساڵ تەمەنی بوو، کاتێ شەهلای ناسی. بەتایبەت کە هەردووکیان دەرچووی یەک کۆلێژ بوون و لەیەک دواناوەندیش دامەزرابوون.

شەهلا، لەخێزانێکی دەوڵەمەند بوو، ناوبانگێکی باش و کەسێکی گران و بەرێزبوو. لەڕووی داراییەوە هیچ پێویستییەکی بەمووچەی وەزیفە نەبوو، بەڵام پێیخۆشبوو لەڕێی بڕوانامەکەیەوە خزمەتێک بکات. ئەو تاقانەی دایک و باوکی بوو، ئەگەرچی باوکی بەنەخۆشی دڵ کۆچی دواییکردبوو. تەنیا دایکی مابوو، بـەڵام دایکیشی نەخۆشی دڵی هەبوو، چونکە دایک و باوکی ئامۆزای یەکتربوون و نەخۆشییەکەشیان نەخۆشییەکی بۆ ماوەیی بوو، بۆیە دایکی زۆر ترسی ئەوەی هەبوو پێش ئەوەی کچەکەی شوو بکات، کۆچی دوایی بکات. لەبەرئەوە بەهیوا بوو کچەکەی بەرلە مردنی شوو بکات.

شەهلا، لەسەر داوای دایکی رازیبوو شووبکات، بەڵام بەو مەرجەی یان لەگەڵ دایکی دابنیشێت، یانیش ئەو کەسەی کە مێردی پێدەکات خانوویەکی زۆر نزیک لەخانووەکەی دایکی بۆ بکڕێت، تا ئاگاداری دایکی بێت و خزمەتی بکات.

شەهلا و رێـدار، رۆژ دوای رۆژ لەیەکتر نزیک دەبوونەوەو پەیوەندییان بەهێزتر دەبوو. وایلێهات ئەم دووانە زۆر هۆگری یەک بوون و بەبێ یەک هەڵیان نەدەکرد، تا هەردووکیان هەستیان کرد هەمان هەست و سۆز هەردووکیان بەیەکەوە کۆدەکاتەوەو بەڕاستی یەکتریان خۆشدەوێت. رێدار، کەسێکی سادەو راستگۆ بوو، دڵکراوەو دڵساف، کەسێک بوو چاوی لەسەروەت و سامان و ئەو شتانە نەبوو، بەقەد ئەوەی خۆشەویستی شەهلای مەبەست بوو. رۆژێک رێدار، داوا لە شەهلا، دەکات کە نیوەڕۆیەک لەماڵی ئەوان نانبخوات، ئەویش دوای ئەوەی دایکی ئاگادار دەکاتەوە، داواکەی رێدار، قبووڵدەکات، نیوەڕۆیەک دایکی رێدار، زۆر بەدڵخۆشییەوە پێشوازییەکی گەرم لە شەهلا، دەکات و بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکـات. هەر ئەو رۆژە رێبواری برای رێداریش لەماڵەوە دەبێت کە چاوی بە شەهلا، دەکەوێت، یەکسەر عاشقی دەبێت. پاش ئەوەی شەهلا، باسی خۆی و دایکی و باری دارایی خۆیان دەکات کە پشت بەخۆیان دەبەستن و لەهیچیان کەمنییەو خۆشی تاقانەی دایکیەتی، رێبوار، سەرەتا هەوڵدەدات تۆزێک بەخراپە باسی رێداری برای بۆ شەهلا، بکات، بەڵکو لەورێگەیەوە دڵی لە رێدار، ساردبێتەوە، بۆ ئەمە هەوڵدەدات رێـدار، بە چاوچنۆک و تەماحکار بە شەهلا، بناسێنێ. بەهەر جۆرێک بێت لەو بۆنانەی کە رێبوار، رێکەوتی شەهلا، دەکات هەوڵدەدات ئەو جۆرە هەستە لای شەهلا، بورووژێنێ. ماوەیەک هەوڵی لەو شێوەیە دەدات، بەڵام دەرەنجامەکەی هیچ نابێت، پاشان هەوڵدەدات وایتێبگەیەنێ کە رێدار، چاوی لەماڵ و سامانیەتی، لەوەشدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. هەوڵی دیکەش دەدات، بـەڵام لەهەموویاندا ناتوانێت هەستی شەهلا، ببزوێنێ یان گومان بخاتە دڵییەوە. هەموو ئەوانەشی بەجۆرێک دەکرد کە بۆ نێوان خۆی و رێداری برای، پرسەکە وانەکەوێتەوە کە نیازە گومانلێکراوەکانی بۆ هەردوولا ئاشکرا بێت.



www.metewe.com

تەواو لەهەوڵەکانی بێئومێد بوو، زانی هیچ بەهیچ ناکات، ناچار دەستبەرداری هەوڵەکانی بوو، بەڵام دەستبەرداری تەماحەکانی نەبوو، چاوەڕێی کرد بەڵکو دەرفەتێک هەڵبکەوێت و گورزی خۆی بوەشێنێ، لەدڵی خۆیدا وازی لەمەبەستەکانی نەهێنا، بەڵکو بەسەبرەوە لەچاوەڕوانیدا مایەوە.

### زەماوەندی رێدارو شەهلا

ماوەی چەند مانگێک بەسەر یەکتر ناسینی شەهلا و رێدار، رەتبوو، پەیوەندییەکەیان گەیشتبووە ئاستێک کە بڕیاری کۆتایی لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەری بدەن، ئەوە بوو رێدار، داخوازی کردو لەسەرئەوەش پێکهاتن کە خانوویەک لەتەنیشت یان نزیک ماڵی دایکی شەهلا، بکڕن و تێیدا نیشتەجێ بن، بەڵام لەبەر ئەوەی رێدار، ئەو پارەیەی نەبوو خانوویەکی وابکڕێت، ئەوەندەی پێیکراو لەدەستی دابوو بەشەهلای داو لەگەڵ ئەو پارەیەی کە شەهلا، هەیبوو، خانووەکەیان کڕی، بەڵام رێدار، مەرجی ئەوەی دانا کەخانووەکە هەر بەناوی شەهلا، بێ چونکە بەشی زۆری پارەکە ئەو داویەتی، بەهەرحاڵ خانوویان کڕی و ئەم دووانەش وەک ژن و مێردێکی بەختەوەر لەنێویدا دانیشتن.

### دایکی شەهلا دەمرێت

نیوەڕۆ بوو کاتێک شەهلا و رێدار، تازە لەدەوامی ئاسایی خۆیان هاتبوونەوە ماڵەوە. شەهلا، گوتی:»دەچم سەرێکی دایکم دەدەم و هەواڵی دەپرسم و ئێستا دێمەوە، بشزانم شتێکی بۆ ئامادە ناکەم، دوای چەند خولەکێک، زەنگی مۆبایلەکەی رێدار، لێدرا کە هەڵیگرت سەیری شاشەکەی کرد، دیتی شەهلایە زەنگی بۆ لێدەدات، کاتێک مۆبایلەکەی هەڵگرت شەهلا، بەدەنگێکی لەرزۆک و بەگریان و جۆرێک لەپاڕانەوە داوای لە رێدار، کرد بیگاتێ، چونکە دایکی کەوتووەتە سەرزەوی، ئەویش بەپەلە خۆی گەیاندێ و بەپەلە گەیاندیانە نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ پزیشکەکان گوتیان کە دەمێکە گیانی لەدەستداوە، پاش ئەو کارەساتە بەماوەیەک رێدار و شەهلا، چوونە ئەو خانووەی کە دایکی تێدابوو، خانووەکەی تریشیان بەکرێدا.
نیوەڕۆیەکی رۆژی هەینی کارەبای ماڵیان تێکدەچێت و رێدار، بانگی رێبواری برای دەکات تا لەچاککردنەوەی هاوکاری بکات. ئەویش دەچێتە ماڵیان، ئیتر بە کارەبا چاککردنەوە خەریکدەبن و رێبوار، کارەبایەکە کە لەشوێنێکدا پچڕانی تێدابوو، بەهەڵە دەبەستێتەوە کاتێک کارەبای سەرەکی ماڵەکە پێدەکەنەوە، کارەباکە شۆرت دەکات و رێداریش کارەبا لێیدەدات و دەموودەست دەیکوژێت. رێبوار، بەبیانووی ئەو رووداوەوە خۆی دەکاتە خاکوخۆڵ بۆ شەهلاو نیازەکانی پێشتری و پڕۆژەو نەخشەکانی پێشووی زیندوو دەکاتەوە. دەست بەهەوڵەکانی پێشووی دەکات، سەرەتا لەدایک و باوکی دەگەیەنێت کە ئەو براژنی بووەو ئێستاش بێوەژن ماوەتەوە، چاوی بەرایی نادات کە بەو جوان و جاحێڵییە بمێنێتەوە، با کەسێکی بێگانە چاوی تێنەبڕێت. هەروەها جوانیش نییە بەتەنیا بمێنێتەوە. زۆریتر لەو قسەوبیانووانە، بەڵام شەهلا، رازی نابێت جارێکیتر مێرد بکاتەوە، بەو رەتکردنەوەیەی شەهلا، رێبوار شێت و شەیدا دەبێت و هێندەی دیکە لەسەر مەرامەکانی خۆی سوور دەبێت، نزیکەی دوو مانگێک بەسەر مردنی رێدار، تێپەڕ دەبێ و هێشتا رێبوار لەسەر هەوڵەکانی بەردەوامە.
جارێک بەقسەی خۆش و جارێک بەگوشارو زۆر بۆهێنان، جارێکیش بەترساندن و تۆقاندن، هەرچۆنێک بێت دوای ئەوەی دایک و باوکی رێبوار، زۆر هەوڵدەدەن کە شەهلا، رازی بکەن شوو بە رێبوار، بکات. تا دواجار باوەڕی پێدێنن. دوای ئەوەی کە بەهەر جۆرێک بێت باوەڕ بەشەهلا دێنن کە شووی پێبکات، لەم سەروبەندەدا نزیکەی چوار مانگێک یا زیاتر بەسەر مردنی رێدار، دا رەت دەبێت، پاش ئەوەی شەهلا، خۆیشی رازی دەبێ مێرد بەرێبوار، بکات. رۆژێک رێبوار، کە جارێ مارەی نەکردووە، داوای تاپۆی ئەو خانووانە دەکات کە هەیەتی و بەناویەتی، ئەم خۆئاشکراکردنەی رێبوار، دەبێتە باشترین بەڵگە لەسەر نیازو مەرامەکانی بۆ شەهلاو دوای ئەوە بەشێوەیەکی رەها مێردکرن بە رێبوار، رەتدەکاتەوە. رێبوار کە دەزانێ چ هەڵەیەکی کردووە، هەوڵدەدات هەڵەکەی خۆی راستبکاتەوە، بەڵام ناتوانێ تۆزقاڵێکیش رای شەهلا، بگۆڕێت. رێبوار، ئیتر دەست دەکات بەهەڕەشەی کوشتن، ئەویش کە دوو مامی دەبێ ئەوان ئاگادار دەکاتەوەو دەچێتە بنکەی پۆلیس سکاڵای لەدژ تۆمار دەکات. دادگاش بڕیاری دەستگیرکردنی دەدات. دوای ئەوەی لە بەندینخانەی دەکەن، لە ناچاریان بە بەڵێندان و بەڵێنامە پڕکردنەوە کە جارێکیتر توخنی شەهلا، نەکەوێت. دوای ئەوەش شەهلا، بەشێوەیەکی کاتی لێیخۆش دەبێت. ئێستا رێبوار ئازادەو لەبەر هەڕەشەی پۆلیس و ئەو بەڵێنەی داویەتی ناوێرێت لە شەهلا، نزیک بێتەوە.

**سنوور محەممەد**

بەرەتکردنەوەیەی شەهلا، رێبوار شێت و شەیدا دەبێت و هێندەی دیکە لەسەر مەرامەکانی خۆی سوور دەبێت، نزیکەی دوو مانگێک بەسەر مردنی رێدار، تێپەڕ دەبێ و هێشتا رێبوار لەسەر هەوڵەکانی بەردەوامە



## شەوانی عەنکاوە

# کێ کچە ئەسیوپییەکان دەباتەوە؟

هەولێر
بەپێ زانیاری پۆلیس و بەرپرسی شاردەێی عەنکاوە، هەندێ لەکچە ئەسیوپییەکانی نیشتەجێی هەولێر، شەوانە بۆکاری لەشفرۆشی لەشەقامەکانی عەنکاوە دەوەستن، هاوکات کچە ئەسیوپییەک ئاشکرایدەکات کە لەلایەن بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەی کە هێناویەتە هەولێر، داوای سێکسی لێکراوە.
دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، لەرێگەی ٢٥ کۆمپانیای تایبەت بەهێنانی کرێکارانی ژن لەوڵاتانی جۆرجیا، نیپاڵ، ئەسیوپیاو ئەندەنوسیا، نزیکەی ١٠٠٠ کرێکاری ژنی ئەو وڵاتانە روویان لەهەرێمی کوردستان کرد. ئەگەرچی ژمارەیەک لەکۆمپانیاکان بەهۆی سەرپێچی لەرێنماییەکان داخران، بەڵام ئێستا ١٩ کۆمپانیا مۆڵەتی فەرمییان لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بۆ هێنانی خزمەتکاری بیانی هەیە. هێنانی کرێکارو خزمەتکاری بیانی، بەپێی رێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی٢٠٠٧، لەیاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەند مەرجێکی بۆ هێنانی کرێکاری بیانی و دابینکردنی ماف و ئەرکەکانیان دیاریکردووە.
کەسێک بیەوێت خزمەتگوزارێک بباتە ماڵەوە، خاوەنی ئەو کۆمپانیانەی کە کەسەکەی هێناوە، لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵێننامە پڕدەکاتەوە کە پابەندی رێنماییەکان بێت، بەپێچەوانەوە تووشی سزای یاسایی دەبێت. هەروەها هیچ کەسێک ناتوانێت ببێتە خاوەنی خزمەتگوزاری بیانی، تا هۆکارێکی گونجاوی نەبێت. بۆ نموونە دەبێت ئەو ماڵە کەسێکیان نەبێ خزمەتیان بکات، بەهۆی ئەوەی ژنی ئەو خاوەنماڵە نەخۆشە، یاخود دەوامێکی فەرمی هەیە. بەپێی رێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێریش، دەبێ کرێکارانی بیانی بەشێوەیەکی یاسایی بێنە کوردستان و شوێنی کارکردنیان دیار بێت و خاوەنی ئەو ماڵەی کاری تێدادەکات پاکانەی بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەگەر بەو شێوەنەبێت، ئەو کەسە مافی نیشتەجێبوونی لەهەرێم پێنادرێت و رەوانەی وڵاتی خۆی دەکرێتەوە.
بەڕێوەبەری نشینگەی هەولێر عەقید یادگار ئەنوەر، لەبارەی رێنماییەکانی هێنانی کرێکاری بیانی دەڵێ»بەپێی ئەو رێنماییانەی لەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، پاش ١٠رۆژ لەهاتنی ئەو کرێکارە بیانییانە مافی مانەوە (ئیقامە)یان پێدەدرێت». هەر لەسەرەتاوە رێژەیەکی زۆری ئەو ژنانە لەوڵاتی ئەسیوپیا هێنران، بەڵام بەهۆی بوونی حاڵەتی ئایدز و سەرپێچی لەرێنماییەکانی کۆمپانیاو مەترسییان بۆسەر ئادابی گشتی هاووڵاتییان، ژمارەیەکی زۆر لەئەسیوپییەکان بۆ وڵاتی خۆیان نێردرانەوە. عەقید یادگار، لەوبارەیەوە دەڵێ»ئەوانەی بۆ کاری خراپە هاتبوونە کوردستان، رەوانە کراونەتەوەو رۆژانەش ئەوکەسانە دەستگیر دەکرێن کە بەشێوەی نایاسایی هاتوونەتە کوردستان، زۆر کەسیش بەشێوەی قاچاخ هاتووەتە کوردستان». سەرەتای کارکردنی ژنە ئەسیوپییەکان لەماڵەکان و هوتێلەکان، وەک پاککەرەوە بوو، بەڵام ئێستا رێژەیەکی زۆر لەو ژنانە شەوانە لەباڕەکان کار دەکەن و بەوهۆیەوە لەباڕەکاندا رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە.
تیگێست فەتاح (٢٢)ساڵ، ژنێکی ئەسیوپیایە، خێزاندارەو وەک خۆی دەڵی منداڵێکی پێنج ساڵانی هەیە. تیگێست، ماوەی ساڵ و نیوێکە لە هەولێر دادەنیشێت و لەرێگای کۆمپانیایەکەوە هاتووەتە کوردستان و ماوەی ٢ ساڵە لەهوتێلێک وەک پاککەرەوە، مانگانەی ٢٠٠$ دۆلار وەردەگرێت.
وەک تیگێست باسیدەکات ئەو مووچەیەی وەریدەگرێت بەشی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی ناکات، بۆیە ناچارە ئێواران لەیەکێک لە باڕەکانی مەیخواردنەوە لەعەنکاوە کاربکات.
تێگێست،دەڵێ:»شەوانە لەلایەن ئەو پیاوانەی دێنە ئەوێ داوای سێکسم لێدەکرێت و تەحەروشم پێدەکرێت».
لەشارەدێی عەنکاوە زۆرێک لەکچانی ئەسیوپی شەوانە دوای کاتژمێر ١٢ شەو دەبینرێن کە لەسەر شەقامەکان وەستاون. زۆرجار لەلایەن خاوەن تەکسییەکان یان لەرێگەی چەند ئوتۆمبێلێکی جیاوازەوە دەبرێنە دەرەوەی شار و بەرامبەر بەپارە کاری سێکسییان لەگەڵ دەکرێت.
سەبارەت بەو کەسانەی کە ئەم کارانە دەکەن سەرچاوەیەک لە شارەدێی عەنکاوە بە (وارڤین) ی راگەیاند:»زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم ئافرەتانە دەبەنە دەرەوەو کاری سێکسییان پێدەکەن خەڵکی ناوشارن و بەشێکی زۆریان چەکداری حزب و دەزگا ئەمنیەکانن و تەنانەت هەندێک لەو ئافرەتانە لەئەنجامی سێکسکردندا سکیان پڕدەکرێت و دواچار تووشی کێشەی گەورەتر دەبنەوە».
بەشێکی زۆری تێکچونی رەوشی ئەمنی عەنکاوە دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی شەوانەی ئەم ژنانەو کە زۆرجار دەبێتە هۆی شەڕ و تەقەکردن لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەیانبەن.
بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئەمنی شارەدێی عەنکاوە لیژنەیەک پێکهێنراوە کە هەریەک لە پۆلیس و ئاسایش و بەڕێوەبەری شارەدێکە لەخۆدەگرێت.
بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە رائید فەرمان فازڵ،



www.netewe.com

لەبارەی ئەو کچانەی شەوانە دێنەسەر شەقام و دەوەستن دەڵێ:»ئێمە دەزانین بۆ کاری بەدڕەوشتی دێنەسەر شەقامەکان، چەندجارێکیش ئاگادارمان کردوونەتەوە واز لەوکارە بهێنن، بەڵام واز ناهێنن. چەندین کچمان دەستگیرکردووەو رادەستی لیژنەی ئاسایشی هەولێرمان کردووە، چونکە لێپێچینەوەیان دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەکە».

ئەو پرسە بەڕادەیەک زەقە کە بووەتە هۆی ئەوەی سیمای شارەدێی عەنکاوە ناشیرین بێت و هەروەها چەندین کێشەو گرفت لەم شاردەێیە دروست ببێت. بەڕێوەبەری شارەدێی عەنکاوە فەهمی مەتی سولاقە، دەڵێ:»هاتنی کەسانی بیانی بۆ کوردستان شتێکی شارستانییە، بەڵام بەمەرجێک بەرێگەی یاسایی بێت. ماوەیەکە شەوانە کۆمەڵێک کچی ئەسیوپی بەرچاو دەکەون و ئیقامەیان نییە، بەڵام نازانرێ بە چ رێگەیەک هاتوونەتە کوردستان و شەوانە دوای کاتژمێر ۱ ی شەو لە ئۆتۆمبێلێک دادەبەزن وسواری ئۆتۆمبێلێکیتر دەبن، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندار بیرێک لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بکاتەوە». فەهمی مەتی کە خۆی یەکێکە لەئەندامە سەرەکییەکانی لیژنە ئەمنییەکە لەوبارەیەوە دەڵێ:»تائێستا هیچ لێپرسینەوەیەکمان لەگەڵ کەس نەکردووە، بەڵام شەوانە گرفتێکی زۆرمان لەلایەن ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن بۆ دروست دەبێت. کاری لیژنەکە تەنیا کۆنترۆڵکردنی باری ئەمنی ئەم شارۆچکەیە لەخۆدەگرێت».

وەک ئەو ژنانەی کە وارڤین چاوی پێیانکەوت باسیدەکەن، بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە کاری سێکسییان لەگەڵ دەکەن یان تەحەڕوشیان پێدەکەن شۆفیر تەکسییەکانن.

تیگێست فەتاح، نایشارێتەوە کە لەلایەن شوفێری تاکسییەکانەوە چەندینجار داوای سێکسی لێکراوە»هەرگیز بەتەنیا سواری تاکسی نابم چونکە زۆرجار کە چووم لە بازاڕ کەلوپەل بکڕم شوفێری تەکسی دەرگاکانی لەسەر داخستووم و قوفڵی داوە بۆ ئەوەی بمڕفێنێت چەندینجار رووبەڕووی ئەم حاڵەتە بوومەتەوە».

زەنا بومو کەبەدی (۲۷) ساڵ یەکێکیترە لەو کچە ئەسیوپیانەی کە ئێستا لەشاری هەولێرە. زەنا، ماوەی دوو ساڵە شوویکردووەو منداڵی نییە، وەک خۆی دەڵێ لەرێگەی کۆمپانیای ساباوە ماوەی سێ ساڵ و نیوە هاتووەتە کوردستان.»سەرەتا لەهۆتێلی (ش.ن) وەک پاککەرەوە کارم کردو مووچەکەشم ۲۰۰$ بوو، ئەو پارەیەش زۆر کەمبوو و نەمدەتوانی یارمەتی خزم و کەسەکانمی پێبدەم». زەنا، ئێستا بەڕۆژ لەماڵی پیاوێکی تورک کار دەکات و شەوانەش لەباڕەکان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی کار دەکات»بەردەوام داوای سێکسم لێدەکرێت و لاقە دەکرێم، بەڵام ئێستا لەبەر کارکردن دەرفەتی دەرچوونی سێکسم لەگەڵ هیچ کەسێک نییە». ئەو کچە دەڵێ، ناتوانم بۆ وڵاتی خۆم بگەڕێمەوە، چونکە پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەم لەئەستۆی منە»دوو خوشکیشم مردوون، بەخێوکردنی منداڵەکانیان لەسەر شانی منە».

کۆمپانیای ماڵی کورد یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی کە تائێستا نزیکەی ۲۰۰ ژنە کرێکاری بیانی هێناوەتە هەرێمی کوردستان و ژنە ئەسیوپییەکانیش زۆرترین رێژە لەو ژنانە پێکدەهێنن. برهانونگوسێف (۲۷) ساڵ، یەکێکە لەو ژنە ئەسیوپییانەی کە لەرێگای ئەو کۆمپانیایەوە هاتووەتە هەولێر. ئەو ماوەی ساڵێک و هەشت مانگە لەهەولێر دەژی»لەسەرەتادا لەماڵێک کارم دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی ماڵەکە تووشی رووداوێکی ئۆتۆمبێل بوون هەموویان گیانیان لەدەستدا، گەڕامەوە کۆمپانیا». برهانونگوسێف، دوای ئەو رووداوە دەگەڕێتەوە کۆمپانیاو لەوێش لەماڵێک کارێکی بۆ دەدۆزرێتەوە کە تەنیا یەک کوڕی تێدایە، بەڵام رازی نابێت بەو کارە. دوای ئەوە لەگەڵ پێنج کچیتر لەکۆمپانیا، لەلایەن خاوەن کۆمپانیاکەوە مامەڵەیەکی خراپ و نامرۆڤانەیان لەگەڵ دەکرێت و چەندجارێک داوای سێکسیان لێدەکرێت. برهانۆ بەدەم گێڕانەوەی قسەکانی چاوەکانی سوورهەڵگەڕان و دەستی بەگریان کرد»خاوەنی کۆمپانیا چەندینجار داوای سێکسی لێکردین و تەنانەت خەڵکیتریشی بۆ دەهێناین، بەڵام ئێمە ئامادەنەبووین ئەم کارە بکەین، بۆیە ئەو بۆ ماوەی ٤مانگ هەر شەشمانی لەژوورێکدا زیندانیکرد و هەڕەشەی ئەوەی لێکردین بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەسیوپیا، تەنانەت ئاوی توالێتمان دەخواردەوە ئەوەبوو شەوێک لە پەنجەرەیەک رامانکردو رزگارمان بوو».

دوای ئەوەی کچەکان لە کۆمپانیا رادەکەن تاکە چەکی دەستی خاوەن کۆمپانیاکە دەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرتەکانیان دەبێت. وەک برهانونگوسێف، باسیدەکات تەنیا ٤ کچ لەوانە پاسپۆرتەکانیان گەڕێندراوەتەوە، چونکە ئەوانە لەماڵی چەند بەرپرسێک لە مەسیف کاردەکەن خاوەن کۆمپانیاکەش نەیوێراوە پاسپۆرتەکانیان نەداتەوە.»ئێمە ئەو کاتە نەمانتوانی سکاڵا دژی ئەم پیاوە بەرزکەینەوە چونکە هەرەشەی ئەوەی لێکردین کە پاسپۆرتەکانمان نەداتەوە، ئێستاش ئەگەر کەسێک هەبێت لێمان بپرسێتەوە ئامادەم هەر ٥ کچەکەی تریش بانگبکەم بۆ ئەوەی ئیفادە بدەن چونکە ئەو ماوەیە زۆر ناخۆشیمان بینی «.

وەک ئەم ژنە باسیدەکات تەنیا ۲ کچیان پاسپۆرتەکەیان دەستی بەسەرداگیراوە»ئێستا بەهۆی نەبوونی پاسپۆرتەوە هیچکەس ئامادە نییە بمخاتە سەرکار، بژێوی خێزانەکەم لەئەستۆی منە، بەڵام ماوەی پازدە رۆژە لە باڕێک کاردەکەم بەناوی باتماس و خزمەتکاری ماڵێکیشم، خاوەنی باڕەکەش داوای پاسپۆرتم لێدەکات، بەڵام خاوەن کۆمپانیای ماڵی کورد بەرامبەر بەوە داوای پارەیەکی زۆر دەکات بۆ ئەوەی کەس کارم نەداتێ».

لەوبارەیەوە خاوەنی کۆمپانیای ماڵی کورد، ئازاد عیزەدین، قسەی برهانونگوسێف رەتدەکاتەوە کە ئەو کچەی بۆ ماوەی چوار مانگ بەندکردبێت،»ئەو قسانەی ئەو کچە مایەی سەرسووڕمانەو لەراستییەوە دوورە، بەڵکو ئەوە بووختانێکە بۆ کۆمپانیاکەم دەکرێت، چونکە لەلایەن منەوە خەرجی هێنانی ئەوانە بۆ کوردستان دابینکراوەو تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ ئامادەکراوە، حەزدەکەم ئەو کچە بێتە لای من بەرەوڕوو پێمبڵێ تۆ مافی منت خواردووە، ئەگەر لەسەر حەق بوو، ئەوا من ئامادەی هەموو رێوشوێنێکی یاساییم».

هاوکات ئازاد عیزەدین، نایشارێتەوە کە دەستی بەسەر پاسپۆرتی ئەو کچەدا گرتووە»راستە پاسپۆرتی ئەو کچەم لای خۆم هێشتەوە، چونکە کەس نەبوو ببێتە کەفیلی، ئەگەر هەر کەسێک ئامادە بێت بەرپرسیارێتی ئەو کچە بگرێتە ئەستۆ، ئەوا پاسپۆرتەکەی بۆ دەگەڕێنمەوە، بەبێ ئەوەی داوای هیچ بەرامبەرێک بکەم».

ئازاد، هێمای بۆ ئەوە کرد کە کچە ئەسیوپییەکان گرفت بۆ خەڵک دروست دەکەن.»ماوەی شەش مانگە هێنانی کچی ئەسیوپی بەهەموو شێوەیەک قەدەغە کراوە، چونکە کێشەیەکی زۆر بۆ ئەو کەسانە دروست دەکەن کە کاریان لەلا دەکەن، بەوەی شەوانە بێ پرس دەچنەدەرەوەو لەپەنای کاری خۆیانەوە کاری تریش دەکەن».

مەبید برهانۆ، کچێکی ئەسیوپی (۲۲)ساڵانەو شووینەکردووە. ماوەی سێ ساڵ و نیوە لەرێگەی کۆمپانیای بروسک هاتووەتە کوردستان»ماوەی سێ ساڵە لەکۆمپانیایەکی تورکی کار دەکەم و مانگانەکەم ٤٠٠$، شەوانەش لەریستۆرانتێکی چینی لە عەنکاوە کار دەکەم». ئەو کچە دەڵێ:»لەکوردستان ژیانمان زۆر ناخۆشەو کەس لێماننناپرسێتەوەو هیچ مافێکمان نییە».

دەربارەی کێشەی ئەو چەند کچە لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیاکان بەڕێوەبەری پۆلیسی عەنکاوە رائید فەرمان دەڵێ»ئێمە ناتوانین لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەک بکەین، ئەگەر کچە ئەسیوپییەکان سکاڵایان لەسەر خاوەن کۆمپانیاکە تۆمار کرد، ئەوکات دەتوانین لێپێچینەوە بکەین، تائێستاش هیچ کچێکی ئەسیوپی نەهاتووە سکاڵا لەهیچ خاوەن کۆمپانیایەک بکات، بەوەی کە مافی خواردبێت یان بەندی کردبێت و دەستی بەسەر پاسپۆرتەکەیدا گرتبێت».

جێگری بەڕێوبەری گشتی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، نەزمی موسا عوسمان، لەبارەی ئەو کچانەی کە رووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە، دەڵێ»پێویستە لەسەریان لای پۆلیس سکاڵا تۆمار بکەن، تاکێشەکانیان ئاراستەیەکی یاسایی وەربگرێت، لەبەرئەوەی ماددەی یاسایی هەیە کە بەرگری لە مافی ئەوکەسانە دەکات. ئێمەش وەک وەزارەتی کار بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان دەکەین، بەڵام ئەگەر هاتوو داوایان تۆمار نەکرد، خۆیان بەرپرسن». لەبارەی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە کرێکارو خزمەتگوزاری بیانی هاوردە دەکەن، نەزمی موسا، دەڵێ، ۱۹ کۆمپانیا مۆڵەتی یاساییان هەیە، هەروەها کۆمپانیاش هەیە پێچەوانەی رێنماییەکان هەڵسووکەوتی کردووە، بۆیە بڕیاری داخستنی دراوە.»لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خزمەتگوزارمان ناردووەتەوە لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری، یانەبوونی مافی مانەوە».

بۆکان هیوا


کوردستان – هەولێر ۲۰۱۰. کچە ئەسیوپیەک لە بنکەی پۆلیس
فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

# لە گۆڕستانی کارگەی قیر چی روویدا؟

## وارڤین نهێنی کوشتنی رێزان و محەممەد ئاشکرا دەکات



کاتێ هاتە ژوورەوە دەموچاوی سوور هەڵگەرابوو، دەستێکی هێنا بەسەریداو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو داوای پیاڵەیەک چایی کردو گوتی:»ئێستا ئیسراحەتم کرد وامەزانی باری ئەم جیهانە گەورەیەم لەسەر شانە، بەڵام کە هەردووکیانم کوشت ئێستا ئاسوودەم ئیتر گرنگ نییە چی روودەدات».

رۆژی ١١-٧-٢٠١٠، کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی، لەگۆڕستانی کارگەی قیر لەسەر رێگای مەخمور —هەولێر، کوڕێک بەناوی مخەمەد حەسەن عەبدولوەهاب، تەمەن (٣٢) لەگەڵ ژنێک بەناوی رێزان عوسمان عەزیز (٤٠) ساڵ بەدەستی مێردی رێزان دەکوژرێن و دواتر تاوانبار خۆی رادەستی پۆلیسی هەولێر دەکات. بکوژ ناوی ئیبراهیم ئەحمەدە (٤٩) ئەو تاوانەی ئەو کردوویەتی دەچێتە خانەی بکوژان لەسەر شەرەف. ئیبراهیم دانیشتووی هەولێرەو کرێکاری سەمونخانەیە. وەک باسیدەکات ماوەی ٢٠ساڵە لەگەڵ رێزان عوسمان، هاوسەرگیری کردووەو بەرهەمی هاوسەرگیرییەکەشیان ٦ منداڵە. ئیبراهیم، گوتی، ماوەی ٧ مانگە هەست بەبوونی پەیوەندی نێوان خێزانەکەی و هاوڕێیەکی بەناوی محەمەد، دەکات کە پێشتر خاوەنی ئەو سەمونخانەیە بووە کە ئەو تێیدا وەک شاگرد کاری کردووە. شەوێکی زستان ئیبراهیم، کاتژمێر ٢ی شەو لەخەو هەڵدەستێت و دەبینێت خێزانەکەی لەسەر جێگا نەماوە»کە هەستام دیارنەبوو چوومە دەرەوە زۆر بەدوایدا گەڕام دواتر بینیم لە حەمامەکە بەتەلەفون لەگەڵ کەسێک قسەدەکات، یەکسەر کەوتمە گومانەوە، بەڵام قسەم نەکرد». وەک ئیبراهیم گوتی پاش ماوەیەک رێزان، بەبیانووی ئەوەی دایکی نەخۆشەو حەزی لە دۆڵمەیە پێیگوتووە کە دەیەوێت بچێتە ماڵی باوکی.»منیش پێمگوت هەردوو منداڵە بچووکەکە لەگەڵ خۆت بەرە، کەچی رێزان، بەبیانووی ئەوەی براژنەکەی بێزاردەکەن منداڵەکانی لەگەڵ خۆی نەبرد و بەتەنیا چوو». ئیبراهیم، زۆر بەئارامی و لەسەرخۆ ئەم بەسەرهاتەی خێزانەکەی دەگێڕایەوە لەکاتێکدا تەنیا ٤ کاتژمێر بەسەر تاوانەکەیدا تێپەڕیبوو. ئەو دەڵێ،»لە ژیانمدا نەمتوانیوە مێروولەیەک ئازار بدەم ئەمەش یەکەمجارە کەسێک بکوژم، بەڵام خیانەت دڵی کردم بەبەرد». وەک باسیدەکات ئەوان سەرەتا بەحەزلێکردن ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوەو لە ژیانیاندا هیچ کێشەیەکیان نەبووە تەنیا ئەوەنەبێت»سێ ساڵ بەرلەئێستا کوڕێکم لەسەر خۆشەویستی کوژرا، ئەمەش بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو». رێزان، لەکاتی رۆیشتنی بۆ ماڵی باوکی کە دەکەوێتە کۆمەڵگەی «جدیدە»بەرەو گەراجی ئۆتۆمبێلەکان دەڕوات بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە مێردەکەی چاودێری دەکات، بەڵام لاناتات و دەچێتە بەردەم چێشخانەیەک لەوێ دەوەستێت و چاوەڕێی ئەو کوڕە دەکات کە پەیوەندی لەگەڵدا هەیە.»کاتێک چاودێریم دەکرد بینیم ئۆپترایەکی سپی لەبەردەمی وەستا. کە بە وردی سەیرم کرد، بینیم محەمەدی خاوەن سەمونخانەیە. یەکسەر تووشی شۆک بووم، چونکە ئەو بەردەوام پێیدەگوتم من سەیری نامووسی کەس ناکەم ئەوەبوو یەکسەر سواری تەکسی بووم و دوایانکەوتم، بەڵام شوفێرەکە رازینەبوو لەگەڵم بڕوات تا بیانگرمەوە. ئەوەبوو لێمبزربوون و منیش دابەزیم ویەکسەر ئەژنۆم شکا نەمتوانی بڕۆم». ئیبراهیم وەک باسیدەکات لەماوەی کارکردنی لەگەڵ محەمەد، تەنیا جارێک هەموو کرێکارەکانی بانگهێشتکردووە بۆ نانخواردن و تەنیا ئەوجارە سەردانی ماڵیانی کردووە. بەڵام (ن.ا) تەمەن ٥٨ ساڵ، کە دەکاتە دایکی محەمەد، بەدەم گریان و لاواندەوەوە دەیگوت»کوڕەکەم زۆر هاوکاری ئەو ماڵەی کردووەو چەندجارێک بردوونی بۆ لای پزیشک وهاتووچۆی ماڵیانی کردووە. تەنانەت کێلی گۆڕی کوڕەکەی ئەو بۆی کریون». ئیبراهیم، نەدەبوایە کوڕەکەم بکوژێت ئەو ٦ ساڵە باوکی نەماوەو هەتیوە، دەبوایە بهاتایە بۆلام، بلێت کوڕەکەت ئەو عەیبەی هەیە، ئەوکات من حەقی ئەومدەدا، نەوەک بچێت گوللەبارانی بکات». دایکی محەمەد بەدەم دەڵێ»ئەوە بوختانە بۆ کوڕەکەمی دەکەن. من لەو پیاوە خۆشنابم، داوا لە حکوومەت دەکەم حەقم بسێنێت، من بەیاسا داوای مافی خۆم دەکەم، نەک بەشەڕ». (ن.ح) ٣٠ ساڵ خوشکی محەمەد، باس لەکەسایەتی براکەی دەکات و دەڵێ کە مرۆڤێکی بێدەنگ و لەسەر خۆبووەو لە ژیانیدا کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە»ئێمە چەندجارێک داوامان لە براکەم کردووە ژن بێنێت، بەڵام ئەو دەیگوت ژن دەبێ پاسەوانی بۆ دابنێیت». سەبارەت بە رۆژی رووداوەکە، ئیبراهیم، گوتی «هەفتەیەک بەرلە کوشتنی ژنەکەم دەمانچەیەکم کڕی بەبڕی ١ ملیۆن و سەدوپەنجا هەزار دینار، رۆژێک بەرلە رووداوەکە گوتی بەیانی دەچمە نەخۆشخانە قاچم ئازارێکی زۆری هەیە. ئەوەبوو بۆ بەیانییەکەی من دوایکەوتم بینیم سواری پاس بووەو دەچێت بەرەو گۆڕستانی کوڕەکەم لەکارگەی قیری هەولێر. من دووربەدووری چاوەڕێم دەکرد بینیم چووە لای گۆڕی کوڕەکەم و عەباکەی بەسەر دارێکدا هەڵواسی و بەتەلەفون قسەیدەکرد تا دوای ماوەیەک محەمەد، هاتە ئەوێ و بەیەکەوە دانیشتن گوێم لێیان گرت باسی سێکسیان دەکرد دواتر چاوەڕێمکرد تا لە ژنەکەم نزیک بوویەوە، ئینجا چوومە بەردەمی و ١٦ گوللەم پێوەنان و پاش ئەوەش یەکسەر خۆم رادەستی پۆلیس کرد». بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر عەمید عەبدولخالق تەلعەت، لەوبارەیەوە بە (وارڤین)ی راگەیاند»رووداوەکە کاتژمێر٩ی سەرلەبەیانی روویداوەو تێیدا ژنی تاوانبارو کوڕێک بەدەمانچەیەکی جۆری تاریق و بە ١٤ گوللە کوژراون. تاوانبار خۆی رادەستی پۆلیسی هەولێر کردووەو دانی بەتاوانەکەیدا ناوە. بەبڕیاری دادوەر و بەپێی مادەی ٤٠٦ی سزادانی عێراقی دەستگیرکراوەو لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە بەردەوامە».

# بەڕێوەبەری بانکێک دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر فەرمانبەرەکەی
# «کچێنی لێسەندمەوەو لـــەدادگاش بە شێت ناوی بردم»

سلێمانی

«بەهۆی گوشارەکانیەوە ناچاریکردم پەیوەندی خۆشەویستی و سێکسیمان هەبێت، تا پەیوەندییەکە گەیشتە ئەوەی پەردەی کچێنیم نەمێنێت، ئێستاش لەدادگا بەشێت ناوم دەبات و دەڵێ، ئەو قسانەی دەیکات هەڵبەستراوە». ئەمە قسەی ساکاری (٣٨)ساڵە کە لەبانکێکی سلێمانی فەرمانبەرەو لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەر و پەردەی کچێنی لەدەستداوە.

### یەکترناسین و پەیوەندی خۆشەویستی

ساکار، ناوی خوازراوی کچێکە پێشتر لەسلێمانی کارمەندی پۆلیس بووە، دوای ئەوەی بۆ بانکی»ر» لە ١٢-٨- ١٩٩٨ دەگوازرێتەوە، لەوێ چەندجارێک لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو بانکە کە ناوی (د.د) بوو تووشی کێشە دەبێت. بەگوتەی خۆی کاتێ داوای مۆڵەتی لە (د.د) کردووە، مۆڵەتی پێنەداوە. بەو هۆیەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی تووشی گرفت بووەو ئەویش پێیگوتووە تۆ بەقسەی من ناکەیت. دواتر ساکار، لای کارمەندەکان گوتوویەتی»ئەگەر منیش وەک کچەکانیتر بەپێکەنینەوە وەڵامی بدەمەوەو رووی خۆی پێبدەم، ئەویش واناکات». (د.د) کە گوێبیستی ئەو قسەیە دەبێت شوێنی کارەکەی بۆ پرسگەی بانک دەگوازێتەوەو بەتانەوە پێیدەڵێت تۆ کچی پۆلیسیت. مەبەستی ئەوەیە کەلە پۆلیس دەوامی کردووە. پێشتر ساکار، لەو بانکەدا لەژووری توفیر (دابینکردن)بووە. دوای ئەوەی بۆ پرسگە دەگوازرێتەوە نیگەران دەبێ و داوا لە (د.د) دەکات کە بۆ ژوورێکیتری بگوازێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرەکەی مەرجی ئەوەی دەبێت و پێدەڵێت ئەگەر بەقسەی بکات، ئەوا داواکەی قبووڵ دەکات»داوای پەیوەندی لێکردم. سەرەتا رازینەبووم، چونکە تەمەنی گەورەبوو، ئەو لەدایکبووی ١٩٥٨ـە، بەڵام بەڵێنی ئەوەی پێدام کە بمخوازێت». بەگوتەی ساکار، ئەو کاتەی (د.) هاوسەرەکەی لەماڵ نابێت ٤ جار بۆ ماڵەکەی بردووەو لەوێدا سێکسی لەگەڵ کردووە، بەوهۆیەوە پەردەی کچێنی نەماوە»٧ ساڵە پەیوەندی خۆشەویستیمان هەیەو هەڕەشەی لێکردم ئەگەر لەگەڵی بەردەوام نەبم، ئەوا لەبانک دەرم دەکات». دوای ٤ ساڵ (د.د) بۆ بانکێکیتر دەگوازرێتەوە، بەڵام بەردەوام پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ساکار، دەبێت و تێلی بۆ دەکات و داوای لێدەکات کە ئەوکاتەی فەرمانبەرەکان لەو بانکە دەوامیان تەواو بوو، سەردانی بکات.

### گێچەڵی سێکسی

بەگوتەی ساکار، پەیوەندی لەگەڵ (د) بەردەوام بووە، تا ئەوکاتەی لە ٢٤-٦-٢٠١٠ لەسەر داوای بەڕێوەبەرەکەی بەمەبەستی سێکسکردن بەرەو تاسڵوجە بەڕێدەکەون، بەڵام لەڕێدا ئۆتۆمبیلێک شوێنیاندەکەوێت و کێشە لەنێوان ساکار و د، روودەدات. لەوبارەیەوە ساکار، دەڵێ»هەفتەیەک بەرلەوە (د) کەوتە تەلەفۆنکردن و داوای کرد کە بڕۆمە ماڵیان، بەڵام رازینەبووم، دواتر بەرەو تاسلوجە بەرێکەوتین و لەوێ کێشە لەنێوانمان دروست بوو، چونکە پێمگوت بۆ نامخوازیت». لەئەنجامی ئەو دەمەقاڵێیەدا لەتاسلوجە (د) ساکار، بەجێدەهێڵێت و ئەویش چاوەڕێی تاکسی دەکات. بەگوتەی خۆی ئۆتۆمبیلێکی سپی کە دوو کەسی تێدابووە لەبەردەم ساکار وەستاوەو ئامێرێکیان پێبووەو بەناوی ئاسایشەوە بەساکاریان گوتووە سەرکەوە بۆ ئاسایشت دەبەین». دوای ئەوەی ساکار، لەگەڵیان سەردەکەوێت، دەیرفێنن و بۆ ناوچەی کەنەکەوە دەیبەن و لەدەشتێکدا سێکسی لەگەڵ دەکەن، دوایی بەکامێرا وێنەی دەگرن و پێیدەڵێن»کەس لەدەستی چەمچەماڵییەکان رزگاری نابێت». بەقسەی ساکار، لەوکاتەدا داوای ژمارە تەلەفونی (د.د) لە ساکار دەکەن و تەلەفونی بۆ دەکەن و پێیدەڵێن ئەگەر ١٠ هەزار دۆلارمان پێنەدەیت، ئەوا ئەو ژنە دەکوژین، بەڵام (د) گوێ بەو کێشەیە نادات. دوای ئەوەی شەوی بەسەردادێت ساکار، لەو دووکەسە دەپارێتەوە کە رفاندوویانەو داوایان لێدەکات کە تاکسیەکی بۆ بگرن نەوەک بەتەنیا بچێت و دووبارە تووشی دەستدرێژی سێکسی ببێتەوە. لە خاوەن تاکسییەکەوە دەزانێت کە ئەو شوێنەی ئەوی لێیە کەنەکەوەیە. دواتر کە دەگەڕێتەوە تەلەفون بۆ (د) دەکات و پێیدەڵێت کە وایبەسەرهاتووە، (د.) دەڵێ لای کەس باسی مەکە.

### لە دادگا بەشێت ناوی دەبات

پاش ئەو رووداوە، ساکار کە ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەی گرتووە، لەیەکێک لەبنکەکانی پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکات. ئێستا کێشەکەی لەدادگایەو داوا دەکات بەجیدی کار بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە بکرێت کە ئەو کارەیان بەرامبەر کردووە. ئەمە سەرەڕای داواکردنی گێڕانەوەی مافی خۆی سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی کە ئەو بەڕێوەبەرە بەرامبەری کردووە. ساکار، بەنیگەرانییەوە باسی لەوەکرد کە ئێستا بەڕێوەبەرەکە لەدوای ئەو ماوە زۆرەی لەگەڵیدا بووە حاشا لەهەموو شتێک دەکات.»هەموو کارێکی لەگەڵدا کردم و ئێستا لەدادگا دەڵێت کە من شێتم و حاڵەتی دەروونیم تەواو نییە. بەوە دەیەوێت حاشا لەهەموو شتێک بکات». ئاماژەی بەوەشدا کە (د) داوایکردوە ئەو پرسە بەسوڵحی عەشایەری چارەسەر بکرێت، بەڵام براکەی ساکار، رەتیکردووەتەوەو خۆیشی دەیەوێت دادگا ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوەو مافی بۆ بگەڕێندرێتەوە. لای خۆشیەوە (د) هەموو ئەو شتانە بەتۆمەت ناو دەبات و ئامادەنەبوو لەوبارەیەوە قسە بکات. ئەو تەنیا گوتی:»هەموو ئەو شتانەی کە ئەو ژنە باسی دەکات هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە. ئەوانە تۆمەتن خستوویەتە پاڵم و ئامادەنیم هیچ قسەیەک لەوبارەیەوە بکەم». چەند کەسانێکی نزیکی ساکار، کە نەیانویست ناویان بهێنین، ئاماژەیان بەوەدا کە لەماوەی دەوامکردنی ساکار، لەو فەرمانگەیەدا هەستیان بەهیچ شتێک لەنێوان ئەو دوو کەسەدا نەکردووە، بەڵام یەکێک لەهاوڕێکانی ساکار، بەناوی (ش) کە ئامادەنەبوو ناوی بهێنین، گوتی ساکار، جارجار لای من باسی پەیوەندی خۆی و ئەو بەڕێوەبەرەی دەکرد و دەیگوت پەیوەندیمان هەبووەو جارجاریش چووینەتە دەرەوە. ئەو هاوڕێیەی ساکار، گوتیشی کە جارێک باسی ئەوەی لاکردووە کە چۆن لەگەڵ بەڕێوبەرەکەدا چوونەتە قـەرەداغ و ئەزمەڕ. ئەو گوتی:»من هیچم نەبینیوە، بەڵام دەیگوت جارجار پێکەوە دەردەچین». دوای گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە ساکار، ئەوەی خستەڕوو کە (د) هەموو کات پێیگوتووە باری دارایم باش بێت دەتخوازم، بۆیە ئەو رازیبووە پەیوەندی خۆشەویستی و سێکسی لەگەڵ هەبێت». بەنیگەرانییەوە باسی لەوەشکرد کە هەرکات چوونەتەدەرەوە بەجێینەهێشتووە،»بەڵام ئەو رۆژە کە زانی ئۆتومبیلەکە لە تاسلوجە شوێنمان کەوتووە، بۆیە یەکسەر لەسەر شەقامەکە دایبەزاندم و رۆیشت، بەهۆیەوە ئەو رووداوەم بەسەرهات».

### لێکۆڵینەوە بەردەوامە

ئەفسەری بنکەی پۆلیسی راپەڕین موقەدەم جەزا حەمە سەعید، لە لێدوانێکیدا بۆ وارڤین گوتی:»ساکار، لە بنکەکەی ئێمە سکاڵای لەسەر بەڕێوەبەرەکەی تۆمار کردووەو لەگوتەکانیدا ئاماژەی بەوەداوە کەلە ساڵی ٢٠٠٣وە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی هەبووە. هەروەها لەسەر ئەو کەسانەی کە رفاندوویانەو کاری خراپیان لەگەڵدا کردووە سکاڵای تۆمار کردووە». بەپێی راپۆرتی پزیشکی (ساکار) پەردەی کچێنی دەستکاری کراوەو نەماوە، بەڵام لەئێستادا لەلایەن دادگاو بنکەی پۆلیسەوە لێکۆڵینەوە لەکێشەکە بەردەوامە.



ئازیز مەحمود




www.netewe.com



ئارەزوو لەتیف

فۆتۆ: وارڤین



# چیرۆکی ئەو ژنەی پیاوەکەی بە نهێنی ژنی دووهەمی هێنا

«لە کوردستان بەردەوام باسی مافی ژن دەکرێت، پەرلەمانی کوردستان یاسای باری کەسێتی هەموار کردووە، بەڵام پیاوەکەم بەبێ رەزامەندی من و بەنهێنییەوە ژنی هێناوەو گرێبەستی هاوسەرگیریشی کردووە». ئەمە قسەی ئارەزوو لەتیف، تەمەن ٣٢ساڵەو بەوشێوەیە گلەییەکانی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات کە تائێستا نەیتوانیوە فرەژنی سنووردار بکات.

ئارەزوو لەتیف، ژنێکی سپی چاوکاڵە، ماوەی ١٤ ساڵە ژیانی هاوسەری لەگەڵ پیاوێک بەناوی (س.ع) پێکهێناوەو دایکی دوومنداڵە. وەک دەیگێڕێتەوە بەبێ ئاگاداری ئەو ژنی دووهەمی هێناوە»جاری دووهەمە هاوسەرەکەم خیانەتم لێ دەکات». خێزانی ئارەزوو، ساڵانێکی زۆرە لەئەورووپا نیشتەجێن و لەساڵی ١٩٩٦، بەسەردان گەڕاوونەتەوە کوردستان و لەگەڵ (س) بەرێکەوت یەکتریان بینیووە، دواتر هاوسەرگیرییان کردووە. دوای ساڵێک لەدەستگیرانی، ئارەزوو(س) دەباتە فیلەنداو لەوێ دەژین. دوای چەند ساڵێک ئارەزوو، دەزانێت کە(س) بەنهێنییەوە پەیوەندی لەگەڵ ژنێکیتردا هەیەو منداڵێکیشی لەو ژنە هەیە» ئەوکاتە زۆر لام سەخت بوو، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەرەکەم زۆرخۆشدەویست، هەروەها داوای لێبوردنی کردوو پەیوەندی لەگەڵ ژنەکە پچڕاند، منیش لێیخۆش بووم. بڕواشم وایە هەموو کەس لەهەڵەی یەکەم شایانی لێبوردنە». ئارەزوو، دەڵێ، دوای ماوەیەک ژیانێکی ئاساییمان دەستپێکردەوەو بێ کێشە ژیاین، تاساڵی ٢٠٠٥ بەسەردانێک گەڕاینەوە کوردستان و (س) دەستی بەکاری بەڵێندەرایەتی»مقاولات» کردوو بەو هۆیەوە بەزوویی سەردانی کوردستانی دەکرد، دواتر خانوویەکی کڕیوەوماڵێکی لەکوردستان دانا»زۆرحەزم کرد، لەکوردستان بمێنمەوە، بەڵام (س) گوشاری دەخستە سەرم و بەزۆر دەیگوت، دەبێ بۆ ئەوروپا بگەڕێیتەوە». وەک ئارەزوو، دەیگێڕێتەوە، دوای ئەوە گومانی لادروستبوو، زۆرجار پرسیاری لێکردووە بەڵام (س) سوێندی بۆخواردووە کە هیچ شتێکی شاراوەی نییە. تاساڵی ٢٠٠٨ (س) هاتووەتەوە کوردستان و نەگەڕاوەتەوە ئەورووپا، ئارەوزوو و دوو کچەکەیشی لەئەورووپا بوون. ئێستا ماوەی ٢ساڵە ئارەزوو و کچەکانی (س)یان نەبینیوە. ئاماژە بەوەشدەکات کە زۆر لەهاوڕێکانی پێیانگوتووە، (س) ژنی هێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی زۆر خۆشویستووە»بڕوام نەدەکرد و نەمدەویست بڕوا بکەم». دوای ٢ساڵ هاوسەرەکەی ناگەڕێتەوە ئەورووپا، بەوهۆیەوە ئارەزوو گومانی لا دروست دەبێت و بۆ زانینی ئەوەی کە هاوسەرەکی ژنی هێناوە سەردانی کوردستان دەکات.»کاتێک گەڕامەوە ناسنامەکەم گرفتێکی هەبوو، چوومە فەرمانگەی ناسنامە تاچاکی بکەم، فەرمانبەرەکە گوتی، تۆ زوهرەی یان ئارەزوو، منیش لام سەیربوو گوتی، ئەو پیاوە ٢ ژنی هەیە». ئارەزوو دەڵێ»هەرچەندە زۆر هەوڵمدا خۆم راگرم، باوکم لەگەڵ بوو خەڵکێکی زۆر لەو فەرمانگەیە وەستابوون، بەڵام نەمتوانی تووشی شۆک بووم، فرمێسک لەچاوەکانم هاتەخوارەوە، چونکە هەستم بە غەدرو ستەمێکی زۆر کرد. بۆیە بڕیارمدا کە ئەمجارە لێینەبورم و داوای جیابوونەوە بکەم». دواتر ئارەزوو بۆی دەردەکەوێت کە (س) هاوسەرگیری دووهەمی لە شارۆچکەی مەخموور ئەنجام داوە. لەساڵی ٢٠٠٨ خولی دووهەمی پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ١٥ی باری کەسێتی هەموارکرد و بەپێی ئەو یاسایە هیچ پیاوێک ناتوانێت گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی دووهەم بکات. لەماددەی یەکەمدا هاتووە ( ئەگەر کەسێک ژنی دووهەم بهێنێ دەبێ لەبەردەم دادگا رەزامەندی هاوسەری یەکەم، لەسەر ژنهێنانی دووهەمی مێردەکەی وەربگیرێت. دەبێ پیاو لەبەردەم دادگا بەڵێننامەیەک بەنووسین بەرلەگرێبەستی هاوسەرگیری پێشکەش بەدادگا بکات، بەبەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی، لەنێوان هەردوو هاوسەرەکەی لەچوونەسەرجێی هاوسەری لەرووی»ماددی و مەعنەوی»ییەوە. هەرکەسێ گرێبەستی هاوسەرگیری بەپێچەوانەی ئەو ماددەیە بکات بەزیندانیکردن بۆ ماوەی لە ٦مانگ کەمترو لەساڵێکیش زیاتر نەبێت سزا دەدرێت، لەگەڵ سزادانی بەبژاردنی١٠ملیۆن دینار).

بەڵام هەندێ لەو پیاوانەی کە ژنی دووهەم دەهێنن مارەبڕینەکە لەناوچە کێشەدارەکان دەکەن، تا بڕگەکانی ئەو یاسایە نەیانگرێتەوە، وەک ئەوەی کە هاوسەری ئارەزوو، لەشارۆچکەی مەخموور هاوسەرگیری دووهەمی ئەنجامدا. لەوبارەیەوە بەرپرسی رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، د.کوردستان موکریانی، ئاماژەی بەهەبوونی حاڵەتی لەو جۆرە کرد و ئەوەی بە گرفتێک بۆ فرەژنی وەسفکرد. سەبارەت بەئەگەری بەردەوامبوونی ئەو حاڵەتە د.کوردستان دەڵێ، پێویستە هەماهەنگییەک لەنێوان وەزارەتی دادی کوردستان و وەزارەتی دادی بەغدا هەبێت، تا ئەو کەسانەی فۆرمی خۆراکی هەرێمی کوردستانیان هەیە، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان گرێبەستی هاوسەرگیرییان بۆ نەکرێت. ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمان، ئاشتی عەزیز، سەبارەت بەو ژنانەی کەلەو جۆرە هاوسەرگیرییە زەرەرمەندن دەڵێ:»پێویستە ئەو ژنانە، هەوڵبدەن لەرێگەی یاساوە، لەکوردستان داوای مافی خۆیان بکەن». هاوکات نەبوونی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ ئەو ژنانەی کە بیانەوێت، لەخیانەتی هاوسەرەکانیان خۆشنەبن، بەکۆسپێکیتری بەردەم ژیانی ژنان لەکوردستان دەزانێت، چونکە زۆربەی ژن، خاوەنی داهاتی خۆیان نین و ژیانی دوای جیابوونەوەیان ئەستەم دەبێت. گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری لەکوردستان، دادوەر عەبدولباست فەرهادی، ئەوەدەخاتەڕوو کە ئەوان ناتوانن بەرێگەی هەماهەنگی رێ لەبەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بگرن، چونکە دادگا دەسەڵات و دامەزراوەیەکی سەربەخۆیەو لایەنیتر ناتوانێت گوشار بخاتە سەری»یاسای باری کەسێتی لەکوردستان هەموار کراوە، لەناوچەکانی تری عێراق، هەموار نەکراوە، بۆیە ناتوانین گرێبەستەکانیش رەتبکەینەوە، چونکە لەدادگایەکی فەرمی حکوومەتی عێراقی دەرچووە». ئەوەشی روونکردەوە کە ئەوان دەسەڵاتیان لەسەر دادگاکانی عێراق نییە، دەبوایە دادگاکانی ئەوێ کە گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ کەسانی شارەکانی هەرێم دەکەن، لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن، کە بۆچی لەشارەکانی کوردستانەوە بۆ دەرهێنانی گرێبەستی هاوسەرگیری، چوونەتە ئەو دادگایە. لەگەڵ ئەوەشدا»یاسایەک نییە بڵێت کە تۆ تەنیا دەتوانی لەشارەکەی خۆت گرێبەستی هاسەرگیری بکەیت. ئێمە لەرێگەی ئەنجومەنی دادەوەری باڵای هەرێمی کوردستان، پەیوەندیمان لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراقیدا هەیە، دەکرێت ئەوە بکەینە خاڵێکی گفتوگۆ و بیخەینە بەرنامەی کاری خۆمانەوە». گوتیشی، لەو حاڵەتەدا ئەو ژنانەی هاوسەرەکانیان لەدەرەوەی هەرێم، گرێبەستیان کردووە، دەتوانن لەکوردستان سکاڵا تۆمار بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن.

**بەهرە حەمە رەش**





# ژنانی کوردستانیش سەیری مۆندیالیان کرد

هەر کەسێک ئێستا بڵێت یاریی تۆپی پێ تەنیا بۆ پیاوانە، کەس بڕوای پێ ناکات، چونکە ژنانیش بە شێوەیەکی فراوان هاتوونەتە نێو بواری ئەو یارییە و سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر یارییەکەش ئەنجام نەدەن، ئەوا سەیری بکەن و لەگەڵ تیپ و یانەی وڵاتەکانیان سەفەری وڵاتان بکەن و هانی یاریزانەکانی خۆیان بدەن.

بە شێوەیەکی سروشتیش پاڵەوانیەتییە گەورەکانی وەکو مۆندیال، سەرنجی هەموو وەرزشدۆستێک لە جیهان بۆ خۆی رادەکێشێت، ئەمساڵیش کە مۆندیال لە باشووری ئەفریقا بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆری هاندەری ژن و کچە شۆخ و شەنگەکانی بۆ خۆی راکێشا و ئەوان لەوێدا ئامادەبوون و کەوتنە ژێر تیشکی راگەیاندن و میدیاکان و رۆڵێکی باشیشان لە هاندانی تیپ و یاریزانەکانیان هەبوو. هەروەها هەندێک تیپ رێگەیان دا ژن و کچە دۆستەکانی یاریزانانەکان لەگەڵ تیپەکەدا بۆ باشووری ئەفریقا سەفەر بکەن.

## نیوەی هاندەران ژن بوون

جێی سەرنج بوو کە مۆندیالی باشووری ئەفریقا، زۆر قەرەبالغ بوو لە رووی ئامادەبوونی هاندەرانەوە و لە هەموو مۆندیالەکانی دیکە جەماوەری زیاتر بوو، زیاتر لە ٢ ملیۆن هاندەری وەرزشی لە مۆندیالدا ئامادەبوون، لەو ژمارەیەشدا نیوەیان ژن و کچە شۆخ و شەنگەکان بوون، ئەمەش گرنگیی تۆپی پێ لە لای ژنان دەردەخات.

ئەمەش بە تا رادەیەک چاوەڕواننەکراو بوو، چونکە زۆرێک لە چاودێران بە گومانەوە لە سەرکەوتنی وڵاتی باشووری ئەفریقایان بۆ میوانداریکردنی مۆندیال دەڕوانی.

## گێچەڵی سێکسییش هەبوو

لەگەڵ ئەو قەرەبالغییە زۆرەی لە مۆندیالدا هەبوو، هاوکات ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی لەشفرۆشیش بۆ کاری خۆیان هاتبوونە باشووری ئەفریقا، بەڵام لەوێشدا گێچەڵی سێکسی (تحروش جنسی) بوونی هەبوو، ژمارەیەکی زۆریش لەو گێچەڵانە لە بنکەکانی پۆلیس تۆمار کراون و وەکو کێشە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

بەڵام بە گشتی ئەوەی کە سەرچاوەکانی هەواڵ باسی دەکەن و شیکردنەوەیان بۆ کردووە، ئەو مۆندیالە، مۆندیالی ژن و کچە جوانەکانی ئەمەریکای باشوور و ئەورووپا و ئاسیا بوو، جگە لە کچەڕەشئەسمەرەکانی ئەفریقا.

## لە کوردستان چ باس بوو؟

لە کوردستانی خۆشماندا بە پێچەوانەی مۆندیالەکانی دیکە، کچان و ژنانیش بە هۆی کاریگەریی فراوانبوونی وەرزش لە کوردستان و گرنگیدانی زۆر زیاتری تەلەڤزیۆن و بەشەکانی دیکەی میدیا بە وەرزش و مۆندیال، بە شێوەیەکی بەرفراوان سەیری یارییەکانی مۆندیالیان کرد و ئاگاداری هەواڵەکانی بوون، هاوکات جۆرە لە کەشێکی رکابەرییان لە ماڵەکاندا دروست کردبوو، چونکە بێگومان هەموو لە ژنان و کچان لەگەڵ هاوسەر و برا و کوڕ و کەسەکانیاندا لە هاندان و خۆشەویستی بۆ تیپ و یاریزانان، هاوڕانەبوون و خاوەن بۆچوون و سەرنجی جیاوازی خۆیان بوون.

**ئامادەکردن: ئەرسەلان عەبدوڵڵا**



### بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتیی نێودەوڵەتی سۆفیای

# کچانی دهۆک و زاخۆ بەرەو سوید بەڕێ دەکەون

دهۆک

هەر دوو تیپی تۆپی پێی کچانی یانەکانی دهۆک و زاخۆ، ماوەیەکە خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ئـەوەی لە پاڵەوانیەتیی سۆفای نێودەوڵەتی بەشداریی بکەن، کە بڕیارە لە ٢٠١٠/٧/١٨ ساز بکرێت.

ڕاهێنەری تیپی کچانی یانەی دهۆک ئاماژەی بـەوەدا کە لەسەر ئاستی عێراق ٤ تیم داوەت کراون بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکە، کە دووانیان دوو یانەی کوڕانی بەغدان و هەردوو یانەی کچانی دهۆک و زاخۆش.

(ئاشتی مستەفا) ڕاهێنەری تیپی کچانی یانەی دهۆک، لە بارەی پالەوانیەتییەکەوە تایبەت بۆ وارڤین گوتی: «ئێمە زیاتر لە مانگێکە خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ پاڵەوانیەتییەکە، هەموو یاریزانەکانمان تەمەنیان لە ١٨ساڵی کەمترە، چونکە پاڵەوانیەتییەکە بۆ ئەم تەمەنەیە».

(ئـاشـتـی) کـە لـە هـەمـان کـاتـدا ڕاهێنەری تیپی لاوانــی یانەی دهۆکیشە، بێ ئومێدی خـۆی لە بەدەستهێنانی ئەنجامێکی بـاش لە پالەوانیەتییەکە دەربڕی، لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر تەمەنی یاریزانان مەرجدار نەبووایە و گۆڕەپانی یارییەکانیش بچووک بوایە، ئەوە بێگومان ئەنجامی باشمان بەدەست دەهێنا، چونکە لەم لایەنەوە یاریزانی باشمان هەیە، بۆیە زیاتر بەشداریکردنمان لە پاڵەوانیەتییەکە تەنیا سوودوەرگرتنە و بۆ ئەوەشە پێشانیان بدەین کە ژنانی ئێمەش لە بـواری وەرزشـدا توانایان هەیە».

بــەڵام بـە پـێـچـەوانـەی ڕاهـێـنـەری دهـۆک، ڕاهێنەری تیپی کچانی زاخۆ گەشبینە بە ئاستی یاریزانەکانی.

سـەبـارەت هاریکاری خـانـەوادە و کەسوکاری کچەیاریزانەکان، ڕاهێنەری زاخۆ جەخت لەوە دەکـاتـەوە کە یاریزانەکانی لـەم ڕووەوە هیچ کێشەیەکیان نییە و خـانـەوادە و کەسوکاری یاریزانەکان زۆر یارمەتیدەرن بۆیان.



# دینارا سافینا دەگەڕێتەوە یاریگەکانی تێنس



بە هۆی پێکانە یەکلەدوای یەکەکانی، کچەیاریزانی رووسی دینارا سافینا لە پلەی یەکەمەوە گەڕایەوە پلەی ٣٣ و بڕیاریشە کۆتایی ئەم مانگە بگەڕێتەوە یاریگەکان.

لە دواپۆلینی باشترین کچەیاریزانەکانی تێنس لە جیهاندا، کچەیاریزانی رووسی دینارا سافینا لە پلەی ٣٣ـدا دێت. ئەم پۆلێنەش هەرگیز لەگەڵ ئاست و تواناکانی ئەو کچەیاریزانە ئاستبەرز و شۆخ و شەنگەدا ناگونجێت، بەڵام بە هۆی پێکانە بەردەوامەکانی کە دووچـاری دەبنەوە، لە بەشێکی پاڵەوانیەتییەکان بێبەش بووە، لەو پاڵەوانیەتییانەی کە بەشداریشی تێدا کردووە، ئەنجامی باشی تۆمار نەکردووە، یان بە هۆی ئازارەوە خۆی کێشاوەتەوە.

ئێستاش کە پێکانەکەی بـەرەو چاکبوونەوە دەچێت، کە دووچـاری پشتی بووە، بڕیارە لە کۆتایی ئـەم مانگەدا بگەڕێتەوە یاریگەکانی تێنس.

سافینا بە هۆی پێکانەوە لە دواپاڵەوانیەتی وێمبلدۆن بەشداریی نەکرد، کە یەکێک لە چوار پاڵەوانیەتییە گەورەکەی تێنس لە جیهاندا، کە بە»گراند سلام» ناسراون.

سافینا بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە بەشداریی پاڵەوانیەتیی ستانفۆردی ئەمەریکا بکات.

ئەو کچەیاریزانە رووسییە لەسەر سایتی خۆی لە ئینتەرنێت، رایگەیاند کە بە شێوەیەکی خێرا بەرەو چاکبوونەوە دەچێت و داوەتنامەشی بۆ هاتووە تا بەشداریی پاڵەوانیەتیی ستانفۆرد بکات، کە لە کۆتایی ئەم مانگە لە ئەمەریکا دەکرێت.

هەروەها رایگەیاند کە هەموو تواناکانی خۆی خەرج دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاستێکی زۆرباش بگەڕێتەوە بەشدارییەکان.

بە پێی خشتەی پاڵەوانیەتییەکانیش، سافینا لە دوای پاڵەوانیەتییەکەی ستانفۆردی ئەمەریکا، بەشداریی لە پاڵەوانیەتییەکانی سانتیاگۆ و سینسیناتی و مۆنتریالیش دەکـات، پاشان بەشداریی پاڵەوانیەتیی کراوەی ئەمەریکا دەکات، کە یەکێک لە زنجیرە پاڵەوانیەتییەکانی گراند سلام.

جێی ئاماژەیە سافینا پێشتر لە پلەی یەکەمی ریزبەندی جیهانی بوو.

# مەلەوانگە و هۆڵەکانی لەشجوانی ژنانی سلێمانی رادەکێشن



سلێمانی

لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین مەلەوانگەو هۆڵەکانی لەشجوانی لە سلێمانی جمەیان دێت لەو ژنانەی ئارەزووی وەرزش دەکەن.

ڤان ئەنوەر ٢٣ ساڵ کە راهێنەری لەشجوانییە لەهۆڵی لەشجوانی تەوار کە تایبەتە بە ژنان، سەرقاڵی راهێنان بوو بەو کچ و ژنانەی هاتبوونە هۆڵەکە بۆ ئەوەی کێشیان دابەزێنن. ئەو لەبارەی بەشداریکردنی ژنان لەخولەکانی لەشجوانیدا گوتی:»ئەو ژنانەی دێنە هۆڵەکان یان بەهۆی تووشبوونیان بەنەخۆشی لەلایەن پزیشکەوە رێنمایی دەکرێن کێشیان دابەزێنن یان بەحەزی خۆیان بۆ ئەوەی لاوازبن».

ئەو راهێنەرە باسی لەوەش کرد کە ژنان کاتیان کەمترەو زیاتر هاوینان هۆڵەکان قەرەباڵغترە، ئەویش بەهۆی سەرقاڵبونی ژنان لەوەرزەکانیتر بەدەوامەوە.

سەبارەت بە کاتەکان و شێوازی مەشقەکانیان ڤان گوتی:»رۆژانە هەر ژنێک دوو کاتژمێر وەرزش دەکات، یەکەمیان لەسەر ئامێر، دووهەم وەرزشی سویدیان پێدەکەین».گوتیشی، ئەو کەسانە دەتوانن رۆژانە وەرزش بکەن یاخود هاوبەشی مانگانە یان هەفتانەیان هەبێت.

ئەو وەک راهێنەرێک لەبارەی ئەو برە پارەیەی کە وەردەگیرێت لە هۆڵەکانی لەشجوانی دەڵێ:»ئەو برە پارەیەی کەلە خەڵک وەردەگیرێت بۆ هەندێک کەس زۆرە کە حەز دەکەن بەشداربن و باری ئابووریان نزمەو پێمباشە کەمبکرێتەوە».

رۆزا محەمەد ئەمین، (١٩)ساڵ کە ماوەی ٤ساڵە مەلە دەکات و مانگێکیشە بەشداری خولی لەشجوانی دەکات لەیەکێک لەهۆڵەکان، پاش ئەوەی وەرزشی کرد پشوویەکیداو بۆ وارڤین دوا.»دەمەوێت بە مەلەکردن و وەرزش خۆم لاواز بکەم، چونکە قەڵەوی خراپە بۆ تەندروستی و مۆدی لاوازییەو هاورێکانم هەموو لاوازن و دەمەوێت وەک ئەوانم لێ بێت».

ئەو کچە گەنجە لەگەڵ ئەوەی کە خۆشحاڵە بەبوونی مەلەوانگەو هۆڵەکانی لەشجوانی تایبەت بە ژنان گلەیشی هەبوو.»ئامێرەکان زۆر کەمن و زەختی زۆریان لەسەرە، مەلەوانگەکانیش زۆر قەرەباڵغن و دەرفەتی جووڵەیان تێدا نییە». ئەو پێشنیاریکرد و گوتی:»پێویستە ئەو خزمەتەی پێشکەش دەکرێت لەئاستی ئەو پارەیەبێت کە وەردەگیرێت».

لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەمەلەوانگەکان گرنگی بەلایەنی تەندروستی دەدەن و پشکنینی پزیشکی ئەنجامدەدەن بۆ بەشداربووانیان، بەڵام وەک ژنان دەڵێن هێشتا ئەو پشکنینانە لەئاستی پێویستدا نین، رۆزا لەمبارەیەوە گوتی:»بەداخەوە مەلەوانگەکان گرنگی نادەن بەپشکنینی پزیشکی، پێمباشە پشکنین بۆ هەموو بەشداربوویەک بکرێت و زوو زووش ئاوی مەلەوانگەکان بگۆڕدرێن و پاک و خاوێن رابگیرێن».

سەیران عوسمان، (٤٢) ساڵ، سکرتێری یەکێتی مەلەوانی و راهێنەر لەمەلەوانگەی تەوار کە سەرقاڵی راهێنان بوو، بۆ وارڤین دواو گوتی:»ماوەی ساڵێکە لەم مەلەوانگەیە راهێنەرم و تاکە مەلەوانگەیە کە تەنیا تایبەتە بە ژنان، خولی تایبەتیشمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت فێری مەلە بن».

گوتیشی:»ژنان زۆر بەشداری دەکەن و کچان لە تەمەنی ٦ ساڵ بەرەوسەرەوە دەتوانن مەلە بکەن».

ئەو راهێنەرە لەبارەی مەرجی تەندروستی بۆ بەشداربووان گوتی:»هەر کەسێک بێتە ئێرە دەبێ پێشتر لەلایەن پزیشکەوە پشکنینی بۆ بکرێت و نەخۆشی پێست و گرانەتاو زەردوویی نەبێت، ئینجا کارتی بەشداریکردنی بۆ دەکرێت و بەتێپەڕبوونی ساڵێک دەبێت پشکنین بکاتەوە».

سەیران، دەربارەی کەمی ژمارەی مەلەوانگەکان گوتی:»لە سلێمانی ٨ مەلەوانگە هەیە کە ژنان بتوانن مەلەی تێدا بکەن کە تەنیا یەکێک لەوانە تایبەتە بە ژنان و پیاوان مەلەی تێدا ناکەن ئەمەش ژمارەیەکی کەمە لەچاو پێداویستی خەڵک».

ئەو ژنە وەک راهێنەرێک گلەیی لە شارەوانی سلێمانی هەبوو و گوتی:»هەندێک مەلەوانگە بناغەیان بۆ دانراوە بەناوی مەلەوانگەی تایبەت بە ژنان، بەڵام کراون بەمەلەوانگەی گشتی و ژن سوودی لێ نەبینیون».

هەر لە مەلەوانگەی تەوار شەهلا رەشید (٤٥)، لەگەڵ کچەکەیدا هاتبوون بۆ مەلەکردن گوتی:»نەخۆشم و پزیشک پێیگوتووم دەبێ مەلە بکەی و ماوەی مانگێکە مەلە دەکەم و هەستدەکەم لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە باشم».

ئەو گوتیشی کەلە راهێنەرەکان رازییە، بەڵام»مەلەوانگەکان بچووک و قەرەباڵغن و شوێنی منداڵ و گەورە پێکەوەیە کە ئەمەش لەئاستی پاکوخاوێنی مەلەوانگەکان دادەبەزێنێت و ماددەی باشیش بەکارنایەت بۆ زانینی پیسبوونی ئاوەکە».

تاژان، تەمەن (٢٢) کە راهێنەرە لەمەلەوانگەی ئەستەنبوڵ گوتی:»رادەی بەشداربوونی ژنان باشەو زیاتر ئەو ژنانەی دێن بۆ مەلەکردن مامۆستاو کارمەندن». ئەو گوتیشی:»دوو هەفتەیە مەلەوانگەکە کراوەتەوەو لە بەرنامەماندا هەیە پشکنینی پزیشکی بۆ بەشداربووەکانمان بکەین». هەروەها ئەو ڕاهێنەرە گوتی کە بەهیواین مەلەوانگەی زیاتر لەهەموو گەڕەکەکاندا بکرێتەوە تا ژنان زیاتر بەشدار و سوودمەندبن.

لەگەڵ ئەو بەشدارییە زۆرەی کچان و ژنان بۆ خولەکانی لەشجوانی و مەلەکردن، بەڵام کەسانێکیش هەن کە زۆریان حەز لەمەلەیە و پێویستیانەو تاکو ئێستاش نەچونەتە مەلەوانگە. یەکێک لەوانە بەیان، تەمەن (٤٤) ساڵە. ئەو لەبارەی چوونی بۆ مەلەوانگە گوتی»تائێستا نەچووم بۆ مەلەوانگە، لەبەرئەوەی تائێستا دڵنیانیم لە پاکوخاوێنی مەلەوانگەکان، دڵنیانیم لەوەی ئایا مەلەوانگەکان زوو زوو خاوێن دەکرێنەوە یان نا».

ئەو ژنە گوتیشی کە لەگەڵ ئەوەی زۆر حەزدەکات م برۆات مەلە بکات و لەلایەن پزیشکیشەوە رێنمایی کراوە، بەڵام لە هاورێکانی بیستووە کە زۆرکەس تووشی حەساسییەت بوون و ئاوی مەلەوانگەکان درەنگ دەگۆڕدرێن، بۆیە ئەویش ترساوە.

ئەو ژنە گوتیشی:»ئەگەر ژمارەی مەلەوانگەکانی ژنان زیاد بکرێت و لەژێر چاودێری توندوتۆڵی تەندروستی دابێت، زۆربەی ئافرەتان حەز دەکەن روو لەمەلەکردن بکەن و لەڕووی و دەرونی و جەستەییەوە لێی سوودمەند بن».

پزیشکی پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی پێست د.مەحمود فەقێ رەسول، دەڵێ:»کۆمەڵێک نەخۆشی بە ئاو دەگوازرێنەوە، وەک ئەمیبیاو کەڕووی پێ و کەڕووی ناو ڕان کە بەتایبەت لەشوێنی خۆگۆڕین لەو مەلەوانگانەی خاوێن نین، یاخود جۆرێکیتر کەڕوو هەیە پێیدەگوترێت (فتریات) لەدەوروبەری مەلەوانگەکان هەن و دەگوازرێنەوە».

ئەو گوتیشی:»نەخۆشمان زۆرە کە بەهۆی چوونیان بۆ مەلەوانگەکان تووشی نەخۆشی بوون و لەناویشیاندا بەشێکیان ژنن». ئەو پزیشکە ئاماژەشی بەوەدا کە باشترین خۆپاراستن لە گواستنەوەی ئەو نەخۆشییانە ئەوەیە گرنگی بە پاکوخاوێنی مەلەوانگەکان بدرێت و»بۆدرەی تایبەت بە خاوێنکردنەوە برژرێت و هەروەها پشکنین بۆ هەر کەسێک بکرێت لەلایەن پزیشکی پێستەوەو پاش دڵنیابوون مۆڵەتی چوونە ناو مەلەوانگەی پێبدرێت».

هەژان خالید






www.netewe.com

# دهۆك.. بازرگانییەکی بێ ژن

## تەنیا ژنە بازرگانەکەی دهۆك لە سویسرایە





وارڤین – دهۆک: هەرچەندە پارێزگای دهۆک بە دەڤەرێکی بازرگانی و سنووری دەناسرێت، بەڵام ژنی بازرگان هیچ رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان لەو بوارەدا نییە.

خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل لەزاخۆ پارێزگای دهۆکی کردووەتە دەڤەرێکی ستراتیژک و بازرگانی لەهەرێمی کوردستان و عێراق.

شارەزایانی بواری ئابووری، کۆمەڵناس و چالاکڤانانی ژن نەبوونی بازرگانی ژن لەدهۆک بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، دابوونەریت، پرسی ئایین، عەشایەری و پیاوسالاری دەگەڕێننەوە.

ژنە چالاکڤانێکی دهۆکی پێیوایە کە ئەگەر ژن ببێتە بازرگان، پارە دەکەوێتە دەستی و لەورێگەیەشەوە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵدەگرێت، بۆیە دەوروبەرەکەی لێیدەترسن. سومەیە سەعید، دەڵێ»بەو شێوەیە دەسەڵات دەکەوێتە دەستی ژن و ئەوەش یەکەمین خاڵی ململانێی نێوان ژن و پیاوە. لەبەرئەوەیە رێگەنادرێت ژن کاری بازرگانی و سیاسی بکات».

لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ وارڤین دەڵێ:»هۆکارێکی دیکەشی نارازیبوونی کۆمەڵگایە، چونکە بەوکارە ژن بەردەوام لەدەرەوەی ماڵ دەبێت و ئەوەش لەروانگەی کۆمەڵگاوە شتێکی نارەوایە».

سومەیە، هەروەها دەپرسێت»بۆ نموونە، بۆچی پیاوان جلووبەرگی ژن بفرۆشن، بۆ ژن خۆی نەیفرۆشێت. ژن دەتوانن باشتر لەگەڵ ئەو پرسانەدا مامەڵە بکەن».

مامۆستایەکی کۆمەڵناسی زانکۆی دهۆک، ئاماژە بەوەدەکات کە کۆمەڵگای کوردستان یەکێک لەو کۆمەڵگایانەیە کە بەهەندێ دابوونەریت و بەهای کۆنەوە پەیوەستەو ئەو دابوونەریتەش لەسەر کۆمەڵگای ئێمە زاڵە.

محەمەد سەعید بەرواری، ئەوە ناشارێتەوە کە خودی ژنیش لەو بوارەدا تارادەیەک خەمسارد و لاوازن»راستە بازرگانە پیاوەکان رێگە بەو شتە نادەن، بەڵام ژنیش بۆ خۆی بوێری نییە».

مامۆستای زانکۆی دهۆک و پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. ئەحمەد سەفار باس لە سێ تیۆر لەبارەی کاری ژنانەوە دەکات.

یەکەم، خودا ژنی بۆ ئەوەی خولقاندووە کە ئیدارەی ماڵ بکات و هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت. دووهەم، دەڵی ژن دەتوانێت ئیدارەی ماڵ بکات و هەروەها جارجار ئەگەر پێویست بوو، دەتوانێ کاریش بکات. سێهەم، که بۆچوونێکی پێشکەوتووە دەڵێ، هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاو دا نییەو پیاو چی بکات، ژنیش دەتوانێت بیکات. د.ئەحمەد، ئاماژە بەوە دەکات کە بەداخەوە ئێمە تائێستا کار بەتیۆری یەکەم دەکەین کە بۆچوونێکی پاشکەوتووە.

هاوکات مامۆستایەکی ئایینی ئەوە رەت دەکاتەوە کە ئایینی ئیسلام رێگربێت لە بەشداریکردنی ژنان لە کارە بازرگانییەکاندا.

بەپێی ئامارەکان سەرەڕای هەبوونی دەیان کۆمپانیای ناوخۆیی، زیاتر لە ٣٠٠ کۆمپانیای تورکی لەسنووری پارێزگای دهۆک کار دەکەن.

فەلاح حاجی حەسۆ، بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنان لەپارێزگای دهۆک کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لەساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە دەڵێ:»تائێستا موڵەتمان داوەتە ٣٧ پرۆژە کە تەنیا یەکێک لەو پرۆژانە هی ئافرەتێک بووە».

ئەو بەرپرسە هەروەها روونکردنەوەی زیاتری لەسەر پرۆژەی ژنان داو ئاشکرای کرد:»ئەمساڵ مۆڵەتی چێکردنی پرۆژە دراوەتە ژنێک بەناوی بەیان یوسف ئیسماعیل کە بڕی تێچووی پرۆژەکە ملیۆنێک و ٢٩٢ هەزار دۆلارە».

هەروەها گوتیشی پرۆژەکە سەنتەرێکی جوانکاری ئافرەتانەو لەسەر رووبەری ١٠٠٠ مەتر دروستکراوە.

لەساڵی ٢٠٠٧ تائێستا لەکۆی زیاتر لەملیارێک دۆلار لەسنووری پارێزگای دهۆک پرۆژەی جۆراوجۆر کراوە. بەقسەی ئەو بەرپرسە»لەساڵی ٢٠٠٧ بڕی ٨ ملیۆن دۆلار، لەساڵی ٢٠٠٨ بڕی ١٨٨ ملیۆن و لەساڵی ٢٠٠٩ بڕی ٢٣٧ و ئەمساڵیش بڕی ٥٧٧ ملیۆن دۆلار لەپرۆژەکانی ئەم پارێزگایەدا سەرف دەکرێت». بەڵام لەبەر ئەوەی ژن نەبووە، هەموو ئەو پرۆژانە دراونەتە بازرگانە پیاوەکان.

وەک پێشتر لەرۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە قەبارەی بازرگانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەرێگەی دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە ساڵانە زیاتر لە ٣ ملیار دۆلارەو پێشبینیش دەکرێت کە لەساڵانی داهاتوودا ئەو بڕە بگاتە ٥ ملیار دۆلار.

وارڤین پەیوەندی بە بەیان ئیسماعیلەوە کرد کە تاکە بازرگانی ژنە لە پارێزگای دهۆک کاری بازرگانی ئەنجامدەدات، بەڵام ئەو لە سویسرابوو و دەرفەتی لێدوانی نەبوو. پارێزەری بەیان ئیسماعیل سەبارەت بەو پرۆژەیە گوتی:»لەساڵی ٢٠٠٦وە دەستمان بەو پرۆژەیە کردووە. پاش ٤ ساڵ سەرلەنوێ دەست بەو پرۆژەیە کراوەتەوە». بەپێکەنینەوە دەڵێ»زۆری نەمابوو سەنتەری جوانکاری ئافرەتان بکەینە سەنتەری نەخۆشییەکانی دڵ، زۆری پێوەماندوو بووین».

گوتیشی هەرچەندە پارێزگاریی دهۆک هاریکاریان بووە، بەڵام رۆتین و هاتووچۆی دایرەکان زۆر زیانی پێگەیاندوون.

سەبارەت بەپرۆژەکەش گوتی:»ئەو سەنتەرە وەک ناوەندێکی کۆمەڵایەتییەو ئێمە خولی فێربوونی زمان و گەلەک شتی تر بۆ ئافرەتان دەکەینەوەو لەکۆتایی خولەکانیشدا بڕوانامەیان پێدەدەین تابتوانن لەشوێنێکی دیکەدا بۆ خۆیان کار بکەن».

بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنان لەدهۆک جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئەوان ئامادەن هەموو ئاسانکارییەک بۆ ژنان دەکەن.

ئەندامی کارگێڕی لەژووری بازرگانی دهۆک جیری محەمەد سلێمان، دەڵێ»لەکۆی٢٧ هەزار ئەندام نزیکەی ١٤هەزاریان ژنن. بەڵام زۆربەی ئەو ژنانە لەبەر ئەوە ناسنامەی ژووری بازرگانییان وەرگرتووە تا سەردانی سوریای پێ بکەن، چونکە بەبێ کارتی ژووری بازرگانی ناتوانن بچنە سوریا».

جیری محەمەد، هەروەها گوتی:»هیچکام لەو ژنانە کارا نین. هەندێک ژن هەن بەس لەدهۆک کار دەکەن، بەڵام ناتوانین ناوی بازرگانیان لەسەر دابنێین. چونکە کارگەلی وەک جوانکاری و فرۆشتنی کەلوپەل دەکەن».

مامۆستای زانکۆ، کۆمەڵناس و چالاکڤانانی ژن سەبارەت بە جووڵەو ئەکتیڤبوونی ژن لەگۆڕەپانی ئابووریدا بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە.

د. ئەحمەد سەفار، دەڵێ:»هەبوونی کولیژی بازرگانی و ئابووری لە کوردستان هۆکارێکی بنەڕەتی و بەهێزە بۆ خۆشکردنی بوار و بەشداری ژن لەئابووری نیشتیمانی دا».

بەپێی ئامارەکان ژن ٦٣٪ رێژەی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنن.

سەفار، جەخت لەوەدەکاتەوە کە پێویستە ژن لەگەڵ دابوونەریتەکانی کۆمەڵگا ململانێ بکات و وەک چۆن توانی ئۆتۆمبیل لێخوڕێت، وەهاش بتوانێت زۆربەی کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش بشکێنێت و حکوومەتیش لەو بوارانەدا پاڵپشت بێت»پێویستە حکوومەت یاسای پێویست دەربکات و پاڵپشتی لەکاری ژن بکات، تا ژنیش بتوانن بێنە ئەو بوارەوە».

قوتابی ماستەر سومەیە سەعید دەڵێ:»ژن دەبێ خوێندەوار و شارەزا بێت و بازاڕ باش بناسێت. هەروەها نەخڵەتێت و خاوەن کەسایەتییەکی بوێر بێت، خۆی لەزۆر بواردا پێشبخات نەک تەنیا لاسایی بکاتەوەو شوێنی مۆدێلات بکەوێت».

مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی دهۆک پێیوایە کە رەنگە لەدەستپێکدا ژنان تووشی کێشەو گرفت بن، بەڵام هێدی هێدی کوتوبەند دەشکێت و ئەو هەڵوێستانەش ئاسایی دەبنەوە.

محەمەد سەعید، بەرواری گوتی:»بازرگانی ژن زیاتر شارەزایەو زیاتر دەتوانێت کڕیاری ژن رازی بکات».

**بەرەڤان ئەحمەد**

# حکوومەت کاری بۆ پێشخستنی ئابووری ژن نەکردووە

هەولێر

بەرپرسی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان لە شاری هەولێر، لەدیمانەیەکی وارڤیندا، رەخنە لەبەرنامەو کاری حکوومەت دەگرێت و دەڵێت کە حکوومەت وەک پێویست نەیتوانیوە کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو پێشخستنی باری ئابووری ژنان بکات. هاوکات رایدەگەیەنێت کە ئێستا رێکخراوەکەیان خەریکی پرۆژەی پێدانی قەرزی بچووکن بۆ ژنان. رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان، رێکخراوێکە لەبواری ژنان کار دەکات. بەپێی پێناسەی رێکخراوەکە ئامانجیان، بەرزکردنەوەی توانای ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنانە. بەرپرسی رێکخراوەکە سۆزان عـارف، سەربەخۆیی ئـابـووری، بەهۆکارێکی سەرەکی سەربەخۆیی ژنـان، وەسفدەکات و رایوایە کە تائێستا حکوومەت گرنگی بەو بوارە نەداوەو ستراتیژییەتێکی بنچینەیی بۆ باشکردنی بـارودۆخـی ژنـان نـەبـووە. یـەڕای سـۆزان، توندوتیژی دژ بەئافرەتان، تەنیا لە سووتان و کوشتنی ژناندا نییە»ژن لەوڵاتی ئێمەدا جۆرەها توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت. یەکێک لەو توندوتیژییانە هەوڵدانە بۆ مانەوەی ژن، لەچوارچێوەی ماڵ و زەوتکردنی مافی کارکردنە لێیان». یەکێک لەکارەکانی ئەو رێکخراوە لەئێستادا، ئەنجامدانی پرۆژەی قەرزی بچووکە، بەهاوکاری رێکخراوی»تجارە»ی ئەمریکی و بانکی»سیقە»، بۆ ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان لە ١٨ تا ٣٥ساڵە. سەبارەت بە رێوشوێنی وەرگرتنی ئەو قەرزە، بەرپرسی رێکخراوەکە روونیکردەوە، ئەو گەنجانەی تەمەنیان ١٨تا ٢٥ساڵە، دەتوانن بڕی ٣٠٠٠ دۆلار بۆئەنجامدانی پـرۆژەیـەک وەربـگـرن. ئـەوانـەی تەمەنیان سەروو ٢٥تا٣٥ساڵە، بەپێی قەبارەی پرۆژەو سەرمایەی خۆی قەرزی پێدەدرێت. سۆزان، جیاوازی لەپێدانی قـەرز بەپێی تەمەنەکان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە گەنجانی تەمەن ١٨تا ٢٥ساڵ ئەزموون و سەرمایەیان لەو ئاستەدایەو لەوانەیە تواناکانیان هەر ئەوەندەبێت. دواتر بەرپرسی ئەم رێکخراوە ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوان لەدەسپێکی پرۆژەکە بەهاوکاری کەسانی شـارەزاو خـاوەن ئەزموون خولی ٥ رۆژی بۆ ئەو کەسانە دەکەنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆژەکە. سەبارەت بەو جیاکارییەی لەبانکەکان دەبینرێت لەپێدانی قـەرزی بـچـووک بـەژنـان، سـۆزان عـارف، دەڵێ»ئەمە یەکێکە لەگرفتەکانی ژن، چونکە ئەوان بۆ وەرگرتنی پارە مەرجی کەفیلیان هەیە، بەڵام بەهۆی کاریگەری دابوونەریت، کەم کەس ئامادەیە متمانە بەتوانای ئافرەتێک بکات و ببێتە کەفیلی». سەبارەت بەئاستی سەرکەوتنی ئەم جۆرە پرۆژەیە سۆزان، باس لەئەزموونێکی پێشووتریان دەکات کەلەساڵی ٢٠٠٦ پرۆژەیەکیان بۆ ٣٠٠ ئافرەتی بێوەژن ئەنجامداوە کە خۆیان سەرپەرشتیاری خێزانەکانیان بـوون. سۆزان گوتی:»دوای ئەوەی راهێنانمان پێکردن کە چۆن مامەڵە بۆ بەرەوپێشچوونی، کارەکانیان بکەن لـەبـواری تـەنـدروسـتـی، رۆشنبیری، بەڕێوەبردنی ماڵ و دابەشکردنەوە. ئەنجامێکی باشمان دەستکەوت، ئەوان توانییان لەپرۆژەی کارکردن سەرکەوتووبن، دواتر ئاژەڵمان لەسەر دابەشکردن و تائێستا بەردەوامن». سەبارەت بەکەمتەرخەمی ژنان، لەهاتنەناو هێزی کار، بەڕێوەبەری رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان پێیوایە، پەروەردەی نادروست و ژینگە، ئافرەتی خستووەتە دۆخێکی دژوار کە هەمیشە هەست بەناتەواوی خۆی بکات و متمانەی بەخۆی نەبێت، بۆ ئەو مەبەستە ئافرەت، پێویستی بەهاندان و رێنماییکردنە. وێڕای ئەوەی کە کارکردنی ئافرەت، دەبێتە هۆی سودمەندبوون لەهێزی بەشێکی گرنگی کۆمەڵگا کە ژنە. هاوکات دەبێتە هۆی سەرقاڵبوونی زیاتری ئەو چینەو کەمبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتـی پلاندانانی عێراق، بەرزترین رێـژەی بێکاری لەعێراقدا هەیە، کە رێژەکەی ٣٠٪گەنجان لە رەگەزی نێر بێکارن و تەنیا١٩ ٪ی ئافرەتان لەناو هێزی کاردان، کە بەبەراورد لەگەڵ رێژەی ژن لەعێراقدا، رێژەیەکی زۆر کەمە. لەگەڵ ئـەوەی جمووجۆڵی بواری ئـابـووری کوردستان لەگەڵ وڵاتـانـی دەرەوە گەیشتووەتە ئاستێکی بەرچاو، ئەمەش وایکردووە رێـژەی بەشداریکردنی ژنان لەناو هێزی کاردا بـەبـەراورد لەگەڵ ژنـان لە ناوەراستی عێراق زیاتربێت، بەڵام بەرای چالاکوانانی بواری ژنان، هێشتا رێژەکە جێی دڵخۆشی نییەو پێویستە حکوومەت پلانی باشتری بۆ هاندانی ژنان بۆ گۆڕەپانی کار هەبێت. یەکێک لەبەرنامەکانیتری رێکخراوی تواناسازی، بریتیەلە ئەنجامدانی چەند خولێکی راهێنان و پیشەیی، بۆ ئەو ئافرەتانەی کە نایانەوێت یا خود ناتوانن، پرۆژە بەڕێوەبەرن و لەهەمانکاتدا ئامانجیان کارکردن و هەبوونی مووچەیە، بەڕێوەبەری ئەو رێکخراوە گوتی:» ئەم خولە لەمانگی ٨ی ٢٠١٠ دەست پێدەکات. سەرەتا ئەو ئافرەتانە بۆ ماوەی ٣مانگ دەنێرینە شوێنێکی کارکردن وەک، ئۆتێل یاخود کۆمپانیایەک، هاوکات لەپێدانی مووچەکەی لەگەڵ ئەو شوێنە هاوبەش دەبین، تا فێری پیشەکە دەکرێت و پێویستی بەهاوکاری ئێمە نامێنێت».




فۆتۆ: رەفیق شوکری

**پرۆفایل:**

سۆزان عارف
خاوەن بڕوانامەی دیپلۆم لەکارگێڕی
١٢ماوەی ساڵە کاری رێکخراوەیی دەکات
لەساڵی ٢٠٠٤ەوە بەرپرسی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتانە

www.metewe.com



کوردستان- هەولێر ٢٠١٠. کارمەندێکی تەنروستی بێ دەستکێش کاری پشکنین دەکات

فۆتۆ: رەفیق شوکری

پسپۆڕێکی بواری سیاسەتی تەندروستی:

# سیستەمی تەندروستی کوردستان لە قەیرانێکی قووڵدا دەژی

هەولێر

شارەزایەکی بواری تەندروستی دەڵێ، سیستەمی تەندروستی کوردستان سیستەمێکی دواکەوتووەو لەخزمەتی ژندا نییە. ئەو شارەزایە هەروەها ئاماژەبەوە دەدات کە سیستەمی تەندروستی کوردستان لە قەیرانێکی شاراوەدا دەژی. هاوکات گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی رایدەگەیەنێت وەزارەتەکەیان خەریکی گۆڕینی ئەو سیستەمەیە.

پسپۆڕێکی بواری سیاسەتی تەندروستی ئاماژە بەوەدەکات کە رەوشی سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستاندا خراپەو وەزارەتی تەندروستیش لەپێدانی ئاماردا هاوکار نییە. ئەو پسپۆڕە ئاماژەی بەئامارێکی وەزارەتی تەندروستی عێراق کرد کە تێیدا هاتووە لەکۆی ١٠٠،٠٠٠ ژنی عێراقی کە منداڵیان دەبێت، ٣٠٠ کەسیان لەدەستدەدەن. پسپۆڕی بواری سیاسەتی تەندروستی د.گۆران زەنگەنە دەڵێ، رەوشی ئێستای سیستەمی تەندروستی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهاندا زەنگێکی ترسناک و قەیرانێکی تەندروستی شاراوەیە. بەقسەی د. گۆران، لەوڵاتێکی وەک ئێراندا نیوەی ئەو ژمارەیەی سەرەوەی ژنان لەکاتی منداڵبووندا گیان لەدەستدەدەن ولەفەرەنساش کە (بەڕای چاودێران،یەکێک لەسەرکەوتووترین سیستەمی تەندروستی جیهانە) لەهەر سەد ١٠٠٠ ژن کە منداڵیان دەبێ تەنیا ١٠ ژن گیان لەدەستدەدەن. د.گۆران پێیوایە سیستەمی تەندروستی کوردستان لەحاڵەتێکی کارەساتاوی ونکردنی ئەولەویاتەکانیدایە»سیستەمی تەندروستی ئێمە شوێنی شیاوی هاووڵاتی و نەخۆشی لەچەقی گرنگی سیستەمەکە ونکردووە. وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگە تەندروستییەکان ئەوەندەی خەریکی کاری ڕۆتینین، نەهاتوون بۆ پێداویستی وکێشە تەندروستییەکانی خەڵک کاربکەن. ئەمە وایکردووە ئەولەویات ونبکرێت و پرۆژە تەندروستییەکان وەڵامدەرەوەی کێشەی تەندروستی ژن نەبن».

ئەو وەها درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ، ژمارەیەکی زۆری ژن لەکاتی منداڵبوون گیان لەدەستدەدەن وخەڵکانێک بەکۆلێرا و منداڵەکانمان بەسکچوون دەمرن، وەزارەت نەخۆشخانەی سەردەمییانەی دڵ و نەشتەرگەری مێشک و ناشتنی مۆخی ئێسکمان بۆدەکاتەوە. ئەمانە لەسیاسەتی تەندروستییدا پێیاندەگوترێت کەمالیات و ئاخرین شتێکن کەدوای وەڵامدانەوەو چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان دەبێت دەسەڵاتی سیاسی بیریان لێ بکاتەوە. لەلایەکیترەوە، نایەکسانی لەدابەشبوونی هێزی کاری تەندروستی لەکوردستاندا بەدیدەکرێت. ئەمەش وایکردووە پزیشکی پسپۆڕوکارمەندی تەندروستی راهێنراومان لەشوێنە دوورەکاندا نەبێت. قەیرانەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە پێموایە بنکە تەندروستییەکان بوونەتە گۆڕەپانی ئەمبولانس و بۆ حاڵەتی لەناکاو، ژنی دووگیان لەشارۆچکەو لادێکانەوە رەوانەی نەخۆشخانەکانی شارەگەورەکان دەکرێت. بۆنموونە لەپارێزگای هەولێر لەکاتێکدا لەناوەندی شاری هەولێر٤٢٩ پسپۆڕ هەیە، بەڵام لەشارۆچکەیەکی وەک چۆمان تەنیا ٣ پزیشکی پسپۆڕ هەیە. ئەمە بووەتە هۆی لەدەستدانی گیانی ژنەدووگیانەکان و منداڵەکانیان لەکاتی گواستنەوەیان لەشوێنی خۆیانەوە بۆ شارەکان، چونکە کات، گرنگترین فاکتەری سەرکەوتووی خزمەتی تەندروستییە. بەدیوێکیتردا، سیستەمی ئابووری تەندروستی کوردستان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی ژن ومنداڵانی کوردستان لەبارێکی تەندروستی خراپدا بژین. ئەوەی ئاشکرایە، کوالیتی خزمەتی تەندروستی لەکەرتی گشتییدا باش نییەو زۆرجار کەرتی گشتی وەک شوێنێک دەبینرێت کە خراوەتە خزمەتی کەرتی تایبەتەوە. لە کوردستان ئەوانەی بەڕێوەبەرایەتی بنکە تەندروستییەکان دەکەن، شارەزاییەکی کەمیان

www.netewe.com

# نەخۆشی بیرۆ یان ئێکزیما

هەولێر

نەخۆشی بیرۆ، بەهۆی هەوکردنی پێستەوە رووودەدات و تەمەنی تووشبوون بەو نەخۆشییە دیارنییە. جۆرەکانی بیرۆ لە نەخۆشێکەوە بۆ نەخۆشێکیتر جیاوازە. چارەسەری جیاوازیشی هەیەو دەبێ توشبوو لەبەکارهێنانی ئەو ماددانەی کە بۆ تووشبوون بەبیرۆ هۆکارن، دووربکەوێتەوە.

## نەخۆشی بیرۆ یان ئێکزیما چییە؟

بیرۆ یان ئێکزیما، لەبنەڕەتەوە وشەیەکی یۆنانییە، واتا کولاو یان هەڵچوو بەهۆی هۆکاری دەرەکی و ناوەکییەوە، یان هەردوکیان کاریگەری بۆ سەر پێست دەبێت. دەتوانین بڵێین نەخۆشییەکی درێژخایەنە بەهۆی هەوکردنی پێستەوە ڕوودەدات، بەڵام مەرج نییە هەموو هەوکردنێکی پێست، بیرۆ بێت. بیرۆش چەندین جۆری هەیە، بەڵام بەربڵاو ترینیان جۆری بیرۆی ئەتۆپییە وەک رەبوو، یان هەستیاری لووت.

## لەکام تەمەن مرۆڤ تووشی دەبێت؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست د.سوهام ئامێدی، ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو نەخۆشییە هەر لەقۆناغی منداڵییەوە تا قۆناغی پیری رووودەدات.

واتا تەمەنی دیارکراوی بۆ نییە، بەڵام زیاتر لەمنداڵی ساوادا بەدیار دەکەوێت و نەخۆشییەکە ژن و پیاو وەک یەک دەگرێتەوە. هەروەها لە وەرزێک بۆ وەرزێکی دیکە جیاوازە، وەک بیرۆی بازنەیی، یان تەڕە بیرۆی دەستوپل، بەتایبەت لەو کەسانەی کەلە وەرزی هاویندا زۆر ئارەق دەکەن، دەردەکەوێت و لەزستاندا کۆتایی پێدێت. جۆرێکیتر لەزستاندا دەردەکەوێت و لەهاویندا نامێنێ، وەک بیرۆی پێستی چەور، هاوکات هەندێک جۆری بیرۆ وەرزەکان کاری تێ ناکات. حەیدەر عەلی (٢٤) دەڵێ، «ماوەی زیاتر لەشەش ساڵە دەست و قاچم تووشی ئێکزیما هاتووە، چونکە کاتی خۆی لەنێو چیمەنتۆ (قوم و چەگل)، کارم کردووەو تووشی ئێکزیما بووم، تائێستاش سەردانی چەندین دکتۆرم کردووە، چارەسەری نەبووە. نابێ ئەوەندە زۆر دەست و قاچم تەڕ بکەم و خۆراکی تیژ و تەماتە بخۆم و بە هاوینانیش نەخۆشییەکەم زیاد دەکات و زۆر ژان دەکات».

## هۆکارەکانی تووشبوون

د.سوهام، هۆکاری تووشبوون بەبیرۆ بۆ هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکان دەگەڕێنێتەوە. هۆکاری دەرەکی، وەک بەکارهێنانی پێکهاتەی کیمیایی یان لەبەرکردن و بەخۆوەکردنی ملوانکەو کەرەستەی جوانکاری لەلایەن ژنەوە کە زێڕ نییەو ماددەی کانزایی تێدایە. ئەمە وا دەکات پیست تووشی ئیکزیما بێت. بەرکەوتنی ماددەی چیمەنتۆ و تۆز ماددەی هایدرۆکاربۆنی وەک بیرۆی کەیبانووی ماڵ بەهۆی تاییت و سابوون و ئاوەوە. هەیە بە لەدەستکردنی سەعات تووشی ئیکزیما دەبێت. تەنانەت هەندێک دەرمان و مەلحەم هەیە کە پێست تووشی ئێکزیما دەکات. هەرچی هۆکارە ناوەکییەکانە، تائێستا نەزانراون، بەڵام لەوانەیە کەمی هەندێ ڤیتامین و حاڵەتی نائاسایی لەسیستەمی بەرگری لەش هۆکار بێت، یان بەهۆی هەوکردنی لەش نائارامی باری دەروونی و تووڕەیی هۆکار بێت. زۆرجاریش منداڵ تووشی جۆرێک لە ئێکزیما دەبێ کە دەمی تووشی ماکی سپی دەبێت، بۆیە نابێ منداڵ زۆر بچێتەبەر رۆژ و هەتاوی بەرکەوێت. ئیکزیما، هەیە بەدرێژایی تەمەن دەمێنێتەوە. نەمام یونس، کچێکی (٢٣) و دانیشتووی گەڕەکی ئازادی دەڵێ «نزیکەی چوارساڵە لەکاتی کارکردن کەفە لە دەست دەکەم و جزمە دەکەمە قاچم، تا تەڕ نەبێت، چونکە تووشی بیرۆ هاتووم و نابێ تەڕیان بکەم». نەمام دەڵێ، خۆشم نازانم لەچییەوە تووشم بووە. دکتۆر مەلحەمی کۆرتیزۆن و کرێمی دژەخورانی بۆ نووسیووم، تا لەئازارەکەی بەرگە بگرم، بەڵام تائێستا چارەسەری کۆتایی نییە. هەتاو سەمەد، (٢٩) دەڵێ، ماوەی سێ ساڵە تووشی بیرۆ هاتووە، «پێشتر زۆر کارم دەکرد کەچی ئێستا ناتوانم پێستم تەڕبکەم».

## پرۆفایل

د: سوهام ئامێدی لەساڵی ١٩٨٣کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵی تەواوکردووە.

١٩٩٠لە زانکۆی لەندەن دیپلۆمی باڵای وەرگرتووە. ٢٠٠٤ لەکۆلێژی پزیشکی هەولێر بەشی پێست مامۆستایەو وانە دەڵێتەوە.

ئێستاش لەنەخۆشخانەی رزگاری وەک پزیشکێک خزمەت دەکات.





# پزیشکی وارڤین

**خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.**

پ: لاوازبوونی حەزی سێکسی لەلای ژن بۆچی دەگەڕێتەوە؟

و: پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان ومنداڵ بوون و نەزۆکی د. جوان سوعاد: ژن لەڕووی سێکسەوە رۆشنبیر نیین و پشت بەوێنەو بابەتی ئیسارەکراو دەبەستن، کەچی ناتوانن بگەنە ئەو پلە سیکسییەو دەبێ پشت بەشەهوەتی ئاسایی و سروشتییەکەی خۆیان ببەستن. ئەوانە لەراستیدا خۆیان شەهوەتیان هەیەو باشە، بەڵام دێن بە تیڤی و سەتەلایت و بابەتی ئیغراکراو خۆیان بەراورد دەکەن کە ئەوەش هەڵەیەو نابێ بەو شێوەیە بێت.

پ: رشانەوە و دڵ تێکهەڵاتنی ژن لەکاتی دووگیانی هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

و: پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵ بوون و نەزۆکی د.ئاریان شێخ خالس: چەندین هۆکاری هەیەو جاری وا هەیە ژنەکە هەر لەبنەڕەتەوە گەدەی تەواو نییە، کە تووشی دووگیانیش دەبێ، ئەوا زیاتر وەسواس دەبێ و دڵتێکهەڵاتن و بێز و رشانەوەی زیاتر دەبێت. یان کە دووگیان دەبێت بەهۆی دروستبوونی هۆرمۆنی دوو گیانییەوە HCJ تووشی رشانەوە دەبێت. بەتایبەت لەسێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا. هەندیک ژن رشانەوەکەی بەردەوام تا منداڵبوون بەردەوام دەبێت، یان هەیە هۆکاری دەروونی لەپشتەوەیەو لەڕووی دەروونییەوە خۆی نائاسوودەیەو ئیتر رشانەوەی دێت. یان هۆکارەکەی بوونی کێشەیە لەزراو و فتق لەوێڵاشەوە کەلە نێو سک بەکۆرپەکەوە گرێدراوە. ئەمانە بۆ رشانەوە هۆکارن، یان کێشی منداڵ و پەستان خستنەسەر گەدە لەنێو سک، وادەکات دایک سکی قورس بێت و پەستان بکەوێتە سەر گەدەی. گەدەش هەست بەقورسایی بکات و بەمەش خۆراک راناگرێت و دەڕشێتەوە، یان دروستبوونی هەوکردن لەناوچەی کۆئەندامی زاوزێ. نابێت زۆر بیری لێ بکەیتەوە، ئەگەر ئەو رشانەوەیەش زۆر بوو، دەبێ چارەسەر بکرێت، چونکە کاریگەری خراپی لەسەر جگەر و گورچیلەو گەدەو وزەی وەرگیراوی لەش دەبێت.

پ: نەگونجاندنی رایسی لەنێوان دایک و کۆرپەلەدا چییە؟

و: دەرچووی کۆلیژی زانست بەشی بایۆلۆژی و خاوەنی تاقیگەی سارێژ سەمیر میرخان: ئەگەر خوێنی دایکەکە رایسی نیگەتیڤ بێت واتە (-RH)و خوێنی باوکەکە لەجۆری رایسی پۆزەتیڤ (+RH) بێت، مانای وایە تووشی نەگونجانی رایسی (RHISUS) دەبێت. ئەم نەگونجانە لەسەدا پازدەی لەدایکبووندا هەیەو لەمنداڵی یەکەمدا دەرناکەوێت.

پ: ئایا دەتوانرێت خۆپارێزی دژی شێرپەنجەی ملی منداڵدان بکرێت؟

و: د.باران کەمال پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی:

چارەسەری رێکوپێک بۆ هەوکردنەکان و نەخۆشییە سێکسییەکان کە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگوازرێتەوە خۆپارێزییەکی باش دەبێت. چونکە ئەو هەوکردنانە لەپەیدابوونی گەشەی نائاسایی خانەکاندا لەشێرپەنجەی ملی منداڵدان یارمەتیدەرە. بەرلە پەیدابوونی، چاوەڕوانی بۆ دەکرێت. ئەویش لەرێگەی پەیدابوونی گەشەی نائاسایی خانەکانەوەیە، بۆیە لێنۆڕینی خولی ساڵانە بۆ توێژاڵەکانی منداڵدان باشترین چارەسەرەو لەو رێگەیەوە دەکرێ خۆپارێزی بۆ بکرێت.

پ: خۆرەحەتکردنی کچان بە پەنجەی دەست زیانی هەیە؟

و: پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و نەزۆکی د. زەینەب موحسین: ئەوەی تۆ باسی دەکەی پێیدەڵێن عادە سری یان خووی نهینی، لەڕووی پزیشکیی و ئاینیشەوە دروست نییە. زۆرجار دەبێتە هۆی نەمان و لەدەستدانی پەردەی کچێنی، یان وادەکات کچەکە لەوکارە بەردەوامبێت و بەوهۆیەشەوە لەکاتی هاوسەرگیریشدا ناتوانێت چێژی تەواو لەسێکس وەربگرێت.

**خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:**

**ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان**

تەلەفۆن: 0662647813
ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM

## پێداویستییەکان



ئامادەکردنی:

شیرینی نازک

(وەستا سەنگەر یونس)

## چۆنیەتی سازکردن

پاقلاوەی ئەسمرلیا

ئامادەکردنی وەستا سەنگەر (شیرینی نازک)

پێداویستییەکان

١. ئارد.

٢. شەعریە.

٣. فستق.

٤. شیر+شەکر.

چۆنیەتی ئامادەکردن:

هەویرەکە دەشێلرێت، دواتر لەگەڵ شیر و شەکرەکە تێکەڵ دەکرێت، زۆر بە جوانی تێکدەدرێت، دوای ئەوە شەعریەو فستقەکەی تێدەکرێت و دەخرێتە سەر سینییەوە، پاشان بۆ ماوەی ٤٥ خولەک دەخرێتە نێو فڕن تا بەجوانی سوور دەبێتەوە. ئێستا پاقلاوەکەت ئامادەیەو دەتوانیت بیخۆیت.







فۆتۆ: ڕەفیق شوکری



# ئەگەر٤٠ ساڵ بەر لەئێستا ئەنتەرنێت هەبووایە.....

# د.بەڵقیس هەموو شەوێک مێردێکی دەکرد

فۆتۆ: جومعە ساڵەیی

هەولێر

کە بینیم یەکراست گوتی ژیان ئەحمەد نەمردووە، ئەوەتا چاوپێکەوتن دەکات، ناوی راستەقینەی بەڵقیس عەلی بوو، بەڵام جاران لەترسی بنەماڵەکەی ناوی لەخۆی نابوو ژیان. ئەو باس لەنەمری کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێ، لەگۆرانی گوتن بەردەوام دەبێت. هاوکات نهێنییەکانی دڵی خۆی بۆ وارڤین هەڵدەڕێژێت و دەڵێ:»کەسێکی دڵتەڕم». بەچاوێکی عاشقانەوە خۆزگەیەکی درکاند و گوتی ئەگەر جاران ئەنتەرنێت هەبووایە هەموو شەوێک مێردێکم دەکرد.

دکتۆرە بەڵقیس، یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کەلە تەمەنی ١١ساڵییەوە دەستی بەگۆرانیگوتن کردووەو ساڵی ١٩٥٦ یەکەم گۆرانی چڕیوە. ئاوازی ئەو گۆرانییە لەلایەن محەممەد قەدرییەوە دانراوەو تێکستەکەشی فۆلکلۆرەو لە رادیۆی دەنگی کوردی بەغدا تۆماری کردووە. دواتر دوو گۆرانی لەگەڵ هونەرمەند (شەماڵ سائیب) گووتووە. د.بەڵقیس لەوبارەیەوە دەڵێ:»تەنیا لەگەڵ شەماڵ سائیب گۆرانیم نەگوتووە لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکانی ئەوکات گۆرانیم بەکۆرس گوتووە، چونکە ئەوکات منداڵ بووم و دەنگیشم منداڵانەبوو، هیچ ژنێکیش نەبوو گۆرانی بڵێت، تەنیا نەسرین شێروانی هەبوو ئەویش گەورەبوو، بۆیە زۆربەی هونەرمەندەکان پێیاندەگوتم گۆرانیمان لەگەڵ بڵێ»بەنیو دیناری ئەوکات گۆرانیم دەگوت، بۆمن نیو دینار زۆر بوو».

دکتۆرە بەڵقیس، وەک باسی دەکات، ئێستا بەرهەمێکی تازەی بەناوی (ژیان جارێکە) ئامادە کردووە کەلە نۆ تراک پێکهاتووەو تێکستەکەیشی لەلایەن حەسەن دڵسۆز و رەمەزان زامدارەوە بۆ نووسراوەو ئاوازەکانیشی لەلایەن یاسین شێخلی و محەممەد قەدرییەوە دانراون. هەروەها نایشارێتەوە گۆرانییەکی بەشێوەی دویت لەگەڵ هونەرمەند لۆکە بەناوی (تەمەن بەداخی رۆی) گوتووەو کلیپی بۆ کراوەو ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژکردندایە.

د.بەڵقیس ئەوەی بۆ وارڤین ئاشکرا کرد کە لەسەر داوای هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر لەگەڵ لۆکە گۆرانی گوتووە»هەڵکەوت زاهیر، کەسێکی بەرژەوەندخواز نییەو لەگەڵ زۆر کەس کارم کرد، کاتێک بە یەوەکەوە کارمان نەما، لێیان نەپرسیمەوە». لەبارەی گونجانی ئاستی دەنگی لۆکە، لەگەڵ دەنگی خۆی؟ ئاماژە بەوەدەکات کە بەلای ئەوەوە گرنگ نییە، چونکە لۆکە، بەشێوەیەک گۆرانییەکە دەڵێت و ئەویش بەستایلی خۆی وەڵامی دەداتەوە. دکتۆرە بەڵقیس، لە سێدییە تازەکەیدا سێ کلیپی کردووەو بەنیازیشە ئەم مانگە بۆ کلیپکردن روو لە تورکیا بکات. هەروەها لەبارەی پەخشنەکردنی کلیپی (ئەم کۆڵان و کۆڵانە) لەتیڤییەکاندا، ئاماژەیدا کە سێ جار لەتیڤییە لۆکالییەکانی سلێمانی دابەزیووە، بەڵام کلیپەکەی لەبەر ئەوە راگیراوە کە خزمانی یەکێک لەو کچانەی کە لە کلیپەکەدا بەشدارییان کردووە، رازیینەبوون کە کلیپەکە بڵاوبێتەوە، بۆیە پەخشی کلیپەکە راگیراوە.»ئەگەر کلیپەکەم دانەبەزێت، ئەوا کلیپێکی تر لەهەولێر دەکەم». بەڵقیس، زۆربەی تێکستی گۆرانییەکانی هی خۆیەتی و تائێستاش تێکستی بۆ هیچ هونەرمەندێک نەنووسیوە.

هونەرمەند بەڵقیس، پێشتر لەرۆژنامەی (تاخی )لە بەغدا بەرپرسی مەلەفی رۆشنبیری بووەو تائێستاش ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقە. بەڵقیس، لەساڵی ٢٠٠٢ دا گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان و لە ستۆدیۆی ئەستێرانی کەناڵی زاگرۆس ئەندامێکی سەرەکی لێژنەی بەرنامەکە بووە. ئێستاش لەبەرنامەی (من جیاوازم ) ئەندامی لێژنەکەیە.»بەداخەوە هەر کوڕی جوانم دێننە پێش. منیش بەم تەمەنە چی لە خۆم بکەم یەکێک جوان بێت لای من هەر جوانە! منیش پێیدەڵێم بەڵێ». ئەوەش دەخاتەڕوو تەنیا پیاوە بەتەمەنەکان رەخنەی لێدەگرن و پێیدەڵێن ئەگەر بەشداری لەبەرنامەی من جیاوازم بکەین بە ئێمەش دەڵێی بەڵێ؟ بەڵقیس، لەوەڵامدا دەڵێ،»منیش ئەوکات پێیاندەڵێم کە لەبەر ژنەکانتان ناوێرم پێتان بڵێم بەڵێ».

دکتۆرە بەڵقیس، لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆشەویستی کردووەو دواتریش ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکهێناوە، تا بەوهۆیەوە خۆی لەتیڤی و کاری هونەری دووربخاتەوە، چونکە وەک دەڵێ، لەرێگەی کاری هونەری و تیڤییەوە کێشەی بۆ دروستبووە. لەبارەی ئەوەی چ جیاوازیەک لەنێوان خۆشەویستی ئێستا وکۆن دەبینێ دەڵێ»هەندێک خۆشەویستی راستییەو هەندێکیش تەنیا بۆ رابواردن و کات بەسەربردنە. جاران دەبوایە کوڕ و کچ چەند ساڵێک لەچاوەڕوانی یەکتربوونایە، تا بەیەک دەگەیشتن، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەنتەرنێت و مۆبایلەوە دەتوانن قسە لەگەڵ یەک بکەن و بگەنە لای یەک». د. بەڵقیس، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات»زۆر داوای خۆشەویستیان لێ کردوومەو بێدەنگیش بوومەو پێشم خۆشبووە، بەڵام دڵم لەم دونیایە رەشبووە، چونکە کاتێک سەیری سمێڵی کوڕەکەم دەکەم دونیا هەر ئەوەندەیەو داخی بەسە، مادەم من خۆم بەقوربانی کاری هونەری کرد، ئەوەندە بەسە». ئەو ئاماژە بەوەدەکات کە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە هاوڕێی زۆری هەیەو زۆرجار دەگری، چونکە ئەوەندە هاوڕێی هەیە، «بەڵام بەداخەوە وا نەبوو، ئەگەر چل ساڵ بەرلەئێستا ئەنتەرنێت هەبووایە هەموو شەوێک مێردێکم دەکرد و مێردم بەهەموویان دەکرد». لەبارەی سەماکردنی لەبەرنامەی (من جیاوازم) دکتۆرە بەڵقیس، گوتی، هێشتا دەستم پێنەکردووە با کلیپەکانم دابەزێت دواتر دەزانن چەند جوان سەما دەزانم. لەبارەی جوانکارییەوە، باس لەوەدەکات کە تائێستا جوانکاری نەکردووە، بەڵام گەر پیرتربێت و پێویستی پێبێت دەیکات. ئەو بە تەنیا لەکوردستان دادەنیشێت و دوو منداڵەکەیشی لەدەرەوەی کوردستان دەژین. د.بەڵقیس، منداڵێکی بەنیازە بگەڕێتەوە کوردستان»بە تەنیا دەژیم، بەڵام کەسێکی دڵتەڕم و رۆژانە کاتژمێرێک دەخەوم و دواتر خۆم بەچێشتلێنان و خوێندنەوەو وەرزش خەریک دەکەم. هەروەها سەیری کلیپەکانی رۆتانا دەکەم». دکتۆرە بەڵقیس، تا ئێستا ٣٢ کتێبی نووسیووەو بەونزیکانە ٢ کتێبی دیکەش دەنووسێت و بەوەش ژمارەی کتێبەکانی دەگاتە ٣٤ کتێب. ناوەڕۆکی کتێبەکانی د.بەڵقیس، خۆشەویستی و سیستەمی پیاو لەخۆدەگرێت.



رۆشنە عومەر



www.netewe.com

# نیگار حەسیب .. فەیروزی شانۆ



نیهاد جامی

لەئەزموون و مەشقەکانی لابۆری شانۆی لالش دەنگ سەرچاوەی سەرەکییە، ئێمە لەدوای گەڕانەوەی نیگار حەسیب لەو ورکشۆپەی لەهەولێر ئەنجامیدا وەک چاودێرێک لە ورکشۆپەکە کۆمەڵێک سەرنجمان لەلا درووست بوو، کە تێکستێکی تیۆری تایبەتمان لەوبارەیەوە نووسیووەو ئەوەی لێرەدا بڵاو دەبێتەوە تەنیا لاپەڕەیەکی ئەو تێکستەیە، بەئومێدی ئەوەی لە داهاتوو و لەدەرفەتێکی جیاوازدا تەواوی ئەو تێکستە لە بارەی ئەزموونی لابۆری لالش بڵاو بکەینەوە.

لەناو مەشقەکاندا ئەوەی زیاتر سەرنجت رادەکێشێت بەتەنیا جۆری مەشقەکان نییە کە دەنگ توانای بزواندنی تەواوی جەستەی لەشێوە وەرگرتنی تەکنیکی هەیە، بەڵکو مەشقەکان لەناو دەنگی نیگار حەسیب، بۆ خۆی ئەتمۆسفێرێکی تایبەت بەمەشقەکان دەبەخشێت، ئەو کە خۆی سەرپەرشتیاری مەشقەکان دەکات، لەهەمانکاتدا تۆنی دەنگەکانی پاککردووەتەوە. ئەوەی ئەو لەسەرەتادا وەریگرتووە وەک تەکنیکی دەنگی بەکاری دێنێت، تا تەواو لەناو بونیادێکی دەلالی دەنگی سەربەخۆ دەبێتە هێزێکی چالاک بۆ بوونی مرۆیی.

بۆیە دەنگ، دەبێتە تۆڕێک لە ئاماژە کە هەڵگری توانای خودو جەستەیە، ئەوەش خودی مرۆییە، ئەگەر دەنگی فەیروز لە گۆرانی گوتندا دەنگێک بێت توانای بەجووڵەکەوتنی ناخی هەبێت لەڕێگەی ئەو جووڵەیەی کە دەنگ بنیاتنی دەنێت، ئەوا جێی خۆیەتی لەبەرامبەر دەنگی نیگار، ئەو دەستەواژەیە وا لێبکەین کە نیگار حەسیب.. فەیروزی شانۆیە، چونکە ئەو توانا موعجیزەییەی لە دەنگی فەیروز بەدیدەکرێت، هەمان توانای خولقێنەرە کە لە دەنگی نیگار حەسیب، دەردەکەوێت. توانایەک زمانی شانۆ. زمانی گۆرانی تایبەت بە شانۆیە، ئەوە گۆرانی نووسراوی سەر کاغەز نییە، بەڵکو گۆرانی شانۆ ئەو هەستانەن کە رۆح لەناو قورگدا لەساتی شادی وئازار لەڕێگەی دەنگەوە دەینووسێتەوە، ئەوەش ئامادەبوونی دەنگە کە وشە رەهەندە فاشیزمییەکەی کوژراوەو دەنگ لەناو فرە رەهەندی ئازادی کردووە، بەوەی ئیدی ئێمە خاوەنی یەک وێنەی نەگۆڕ نین. ئەگەر وشەیەک وێنەی نەگۆڕی هەبێت، ئەوا دەنگ خاوەنی چەندین وێنەی جیاوازە، ئەوەش شانۆ لەتاکە راڤەکردن دەگوازێتەوە بۆ خوێندنەوەی فرە تەئویلی. لێرەدا دەنگی نیگار، ئەمانخاتە سەر چەندین هەوڵی تەئویلکاری بۆ ئاماژەی دەنگ، بەوەی ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ناو زانستێکی مرۆیی تایبەت کە ئەنترۆپۆلۆژیایە، ئەوەش ئەنترۆپۆلۆژیای دەنگە، بۆیە دەبێ، لەڕێگەی ئەو زانستەوە لە دەنگ بدوێین، ئەوە دوان نییە لە تێگەیشتن بۆ سەنتەری مانا، بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی دەنگە وەک ئاماژەیەک لەناو فرە دەلالەتیدا، ئەویش خولقاندنی پرسیارە جیاوازەکانە.

WWW.AZMONGARE.KURDBLOGGER.COM



# یەکەم ماچ لەمێژووی مرۆڤایەتییدا



هەولێر

ماچکردن، مێژوویەکی کۆنی هەیەو لەنێو هەر میللەتێکدا مانایەکی تایبەتی و جیاوازی هەیە. لە ئینگلتەرا ماچ بریتبوو لەمتمانە، هاوکات شاژنە کلیۆپاترایش جەنگاوەرە ئازاکانی بەماچ خەڵات کردووە.

لەیەکێک لەئەفسانەکانی یەکەم ماچ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هاتووە، کاتێک ئادەم و حەوا لە بەهەشت بوون، رۆژێک حەوا لەژێر دارێک پاڵدەکەوێت و هەنگێک لەسەر لێوی دەنیشێتەوەو پاشماوەی لەسەر لێوی حەوا جێدەهێلێت. ئەویش دوای ئەوەی خەبەری دەبێتەوە بزەیەک دێتەسەر لێوی و لەوکاتە ئادەم دەیەوێت لاسایی هەنگەکە بکاتەوە لێوی دەخاتەسەر لێوی حەوا، ئەویش پێیخۆش دەبێت. هەندێکیتر دەڵێن ئادەم، ویستوویەتی تامی هەنگوینەکە لەسەر لێوی حەوا بکات، جا هەستی بەخۆشی تامی هەنگوینەکەو لێوی حەوا کردووە، ئەمەش بە یەکەم ماچ لەمێژووی مروڤایەتی دادەنرێت. سادەترین پێناسە بۆ ماچ، بەریەککەوتنی لێوە بە لێو، یان بەریەکەوتنی لێوە بە روومەت، دەست، چاو یان قاچ.

ماچی روومەت، مانای رێزگرتن و هاوڕێیەتی و خۆشەویستییە. ماچی دەم، مانای خۆشەویستی و حەزە. ماچی لوت، مانای بەرزڕاگرتنی کەسەکەیە. ماچی چاو، مانای سۆزە. ماچی سمێڵ (ماچێکی عەشائیریە) مانای ئاشتبوونەوەیە. ماچی دەست، بەمانای رێزلێگرتن بۆ ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان گەورەیە دێت. ماچی قاچ، مانای زەلیلی و ملکەچ بوونە.

رۆمانییەکان زۆرترین جۆری ماچیان هەبووەو ماچی دەم، چاو، جلی مامۆستاکان و بتەکانیان بۆ پیشاندانی رێز و پەرستن کردووە. فیرعەونەکان لەسەر دیوارەکانیان وێنەی ماچیان کێشاوەو لای میسرییەکانیش مانای ژیان بووەو لەزۆربەی هونەرەکانیاندا بەکاریانهێناوە. شاژنە کلیۆپاتراش سەربازە ئازاکانی بە ماچ خەڵات کردووە، بەڵام ژاپۆنییەکان لەژیانی رۆژانەیاندا ماچی یەکتریان نەدەکرد، تا ئەوکاتەی لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوا تێکەڵاویان پەیداکرد. چینییەکان وایاندادەنا کە ماچ لادانە لە رەوشت، بەڵام ئەوکاتەی لەگەڵ رۆژئاوا تێکەڵاو بوون تێڕوانینیان گۆڕا. هیندییەکان، تێڕوانینی جیاوازیان بۆ ماچ هەبوو و بەمانای رۆمانسیەتییان دادەنا. لای فەرەنسییەکان، ماچ لەسەدەی ناوەڕاستدا سیفەتێکی کۆمەڵایەتی بوو. لەئینگلتەرا ماچ، مانای نیشاندانی متمانە بەیەکتر بوو.

لەساڵی١٨٣٧ لەئینگلتەرا تۆماس سافراند، سکاڵای لەسەر ژنێک بەناوی کارۆلین نیوتن تۆمار کرد، چونکە لەوکاتەی ویستوویەتی ماچی بکات گازی لە لوتی گرتبوو، بەڵام دادوەر سکاڵاکەی رەتکردەوەو بڕیاری دەرکرد هەر ژنێک دەتوانێت گاز لە لوتی هەر کەسێک بگرێت ئەگەر بەبێ رەزامەندی ئەو ماچی بکات. لەسەدەی ناوەڕاستدا لەئیتالیا ئەگەر پیاوێک لەشوێنی گشتی کچێکی ماچ کردبا، دەبوو ئەو کچە مارە بکات. لەروسیا یەکەم ماچ، لەکاتی هاوسەرگیریدا بووەو وەک پەیمانێک بۆ هاوسەرگیری درێژخایەن کراوە. تیۆرێک کە پەیوەندی بە ئایینە کۆنەکان و شتە پیرۆزەکانەوە هەیەو تێیدا هاتووە ئەگەر دوو کەس هەناسەیان تێکەڵ بەیەکتر بکەن، ئەوا پەیوەندییەکی روحی لەنێوانیان دروست دەبێت و ئەو تیۆرەش مێژووەکەی بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە.

زاناکان لەرۆژئاوا خەریکی لێکوڵێنەوەن لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندی بەخۆشەویستی هەیە، ماچیش یەکێک لەو بابەتانەیە. ئەوان وایدادەنێن ماچ تەنیا دەرگایەکە بۆ گۆڕانی هۆرمۆنەکان کە کاریگەری لەسەر مێشک هەیەو دەبێتە هۆی ئارامبوونی کەسەکە. زاناکان لەلێکۆڵینەوەکانی پێشتر گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ماچ، پەیوەندی بەدوو هۆرمۆن (ئۆکسیتوسین و کورتیزول) هەیە. لەکاتی ماچکردن هۆرمۆنی ئۆکسیتوسین بەرز دەبێتەوە، چونکە پەیوەندی بەخۆشەویستی هەیە، بەڵام هۆرمۆنی کورتیزول نزم دەبێتەوە، چونکە پەیوەندی بەدڵەراوکێی دەروونی هەیە. لەبەر ئەم دوو هۆرمۆنە ماچ، دەبێتە هۆی لێکنزیکبوونەوەی خۆشەویستەکان و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دەروونی. هەندێک لەتوێژەران دەڵێن، ماچ تەمەن درێژ دەکات و کاریگەری لەکەمکردنەوەی پەستانی خوێن هەیە. لەتوێژینەوەیەک کە د.ئارسور زابو و توێژەرانی دەروونناسی لە ئەڵمانیا ئەنجامیانداوە، بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو ژنانەی هاوسەرەکەیان پێش دەرچوونیان لەماڵەوە بۆ کارکردن ماچ دەکەن، دڵخۆشترو تەندروستترو باشترن لەوانەی کە ماچی هاوسەرەکانیان ناکەن.

درێژترین ماچ لەجیهان کە ٣٢ کاتژمێر و ٧ خولەک و ١٤ چرکەی خایاند لەنێوان دوو هاوسەری ئەڵمانی بوو، بەمەش توانییان لەپێشبرکێی درێژترین ماچ سەرکەوتن بەدەست بهێنن و بە بڕی ١٢٥٠ یۆرۆ خەڵات بکرێن.

یەکەم ماچ لەبواری سینەما بۆ ساڵی ١٨٩٦ دەگەڕێتەوە کە لەنێو فیلمێک بەناوی (ماچ) کرا. درێژترین ماچ سینەما ئەو ماچە بوو کە ٤ خولەکی خایاند و لەفیلمی (تۆ لە سوپایت) لەساڵی ١٩٤١ کە دەرهێنەرەکەی جۆن وایمان بوو، بینرا.

ئا: ساکار رۆستەم



# فریال: کچەکەم خۆشەویسترینە

## 10

١-کەریم کابان: تەمەن.
٢-کازم ساهر: مەحکەمە.
٣-ئەلیسا: بتموون.
٤-عەدنان کەریم: پاییز.
٥-مـەزهـەری خالقی: پەپوولەی ئازادی.
٦-شێرکۆ تالب: جامی لێو.
٧-کانی: کاروانە.
٨-تارا جاف: جەژنانە.
٩-ڕۆژ کەریم: یاد.
١٠شێرکۆ تالب: دە دەرکەوە.

***کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟***

بێژەری سەرەکی هەواڵی سیاسی، لە سەتەلایتی گەلی کوردستان.

***چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟***

بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٨ لەتیڤی لۆکالی زەحمەتکێشان وەک بێژەر دەرکەوتم، کەس هاوکاری نەکردووم و خۆم خۆمم پێگەیاند.

***نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست؟***

کچەکەم خۆشەویسترین کەسمە.

## پرۆفایل

***ناو***: فریال فەیسەل حوسێن
***ڕەگەزنامە***: کوردستانی
***باری خێزانی***: شوویکردووەو کچێکی هەیە.
***ئاستی خوێندەواری***:دەرچووی شەشەمی زانستی.
***شوێنی نیشتەجێبوون***: سلێمانی
***لە دایکبووی***: سلێمانی، ١٩٧٧.



# ئەستێرەکان




٣/٢١-٢٠-٤

هەمووکارێکی تازە ترسناکە، بەڵام پێویستە کارو پیشەی نوێ لەژیان تاقی بکەیتەوە، لەوانەیە هەموو باری ژیانت سەرتاپاو لەناکاو بگۆڕێت. بۆیە بۆ ئەو گۆڕانە ئامادە بەو پێی دڵتەنگ مەبە.




٤/٢١- ٢٠-٥

ڕەنگە ئەم ماوەیە گەشتێکی نوێ بکەیت کە خۆشحاڵ و سەرکەوتوو دەبیت تێیدا، لەنێوان دووهاوڕێتدا بێ بڕیار ماویتەوەو پێویستە هەر چی زووتر خۆت یەکلایی بکەیتەوە، چونکە ئەوە تاکە چارەسەرە.




٥/٢١- ٦/٢١

ئەم ماوەیە هاوڕێکانت لەکارو پرۆژە نوێکانتدا یارمەتیدەرت دەبن و سەرکەوتوو دەبیت. تا بەڕێگایەکی ڕاستدابڕۆیت. پێویستت بەنەخشەیەکی باش و ڕوون و ئاشکرا هەیە. هەروەها پێویستت بەرێنیشاندەرێکی شارەزا دەبێت.




٦/٢٢- ٧/٢٢

ڕەنگە ئـەم ماوەیە هەندێک گۆڕانکاری نوێ لەژیانتدا دروست بێت کە بۆت چاوەڕواننەکراوبوو. لەوانەیە واهەست بکەیت کە هەر لەجێی خۆت وەستاویت، بەڵام وانییەو زۆرپێشکەوتوویت و هەر بەرەوپێشەوە دەچیت.




٧/٢٣-٨/٢٢

ئەو پرۆژە نوێیانەی کە دەتەوێ ئەنجامی بدەیت تێیدا سەرکەوتوو دەبیت، چونکە بەخت یاوەرتە، هەموو هەستەکانت پێتدەڵێن خۆت لەخەڵکی دیکە جیاواز مەکە. بەپێی هەستەکانت کار بکە.




٨/٢٣-٩/٢٢

ئەو خۆشەویستییەی بۆخێزانەکەت هەتە،ڕەنگە لەژیانی کۆمەڵایەتی دوورت بخاتەوەو لەپڕێکدا هەموو شتەکانت لێتێکبچێت. پێویستت بەماوەیەک دەبێ تا ڕێکیاندەخەیتەوەو دێیتەوە سەر خۆت.




٩/٢٣-١٠/٢٣

هەندێ نارێکی لەکارەکانتدا دروستدەبێت کە ڕەنگە تووشی گرفتی داراییت بکات. ئەگەر هەست دەکەیت پێویستت بەپشووە ماوەیەکت لەبەردەستدایە کە پشووی تێدا بدەیت.




١٠/٢٣-١١/٢١

پرۆژەی گەورە سەرکەوتنی گەورە دروستدەکات. بۆیە ئـەم مـاوەیـە هەوڵبدە کە کـاری گەورە ئەنجامبدەیت. بەچاوی داخراوەوەناگەیتە هیچ جێیەک،چاوەکانت بـکـەرەوەو دواتـر ڕێگایەک بۆخۆت هەڵبژێرە.





١١/٢٢-٢١-١٢

ئەم ماوەیە بەوریاییەوە مامەڵە بکە بەتایبەتی لەژیانی ڕۆژانەتدا با تووشی کێشە نەبیت لەدەوروبەر، هاوڕێیەکت خەمبارەو لەوانەیە تۆش خەمبار بکات بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەو کاریگەری لە تۆ بکات هەوڵبدە تۆ کاریگەری لەو بکەیت وخەمبارییەکەی نەهێڵیت.




١٢/٢٢-١/١٩

ئاگاداری باری داراییت بە، چونکە ئەم ماوەیە لەکاتی خەرجییەکانتدا تووشی گرفت دێیت. لەم ماوەیەدا زۆر لاواز دەبیت وپێویستت بەوەیە کەمێک لەکارکردن و سەرقاڵی دووربکەویتەوە.




١/٢٠-٢/١٨

لـــەڕووی کـارگـێڕیـیـەوە سـەرکـەوتـنـی بەرچاو بەدەستدەهێنیت. دەبیتەجێی متمانەی دەوروبەرت، کەمێک لـەدوورەوە تەماشای شتەکان بکە تاهەموو وێنەکە بەتەواوەتی ببینیت، مەهێڵە وردەکارییەکان و شتە گرنگەکانت لەبەرچاو ون بکەن.




نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

کات بەفیڕۆ مەدە،چونکە پێویستت بەهەوڵی جیدی وبـەردەوام هەیەو لەخوێندنتدا چانسێک تاقی بکەوە. کەسێک لەژیانتدا هەبووە کە زۆر پێوەی پابەند بوویت، بەڵام لـەدوای دوورکەوتنەوەی لێت، تەنانەت بیریشی ناکەیت.



ئەنفال لەفیلمی سرتە لەگەڵ با قسە دەکات

# شەهرام عەلیدی روفاتی ئەنفالی لە تابوت دەرهێنا

## ئەو فیلمەی لە کوردستان ڕێگری لێکرا لە کان خەڵات کرا

**تەنیا کوردی**

**ناوی فیلم: سرتە لەگەڵ با.**
**دەرهێنەر: شەهرامی عەلی دی.**
**کات: ٧٧ خولەک.**
**شوێنی وینەگرتن: باشووری کوردستان – ڕەواندز.**
**ئەکتەری سەرەکی: عومەر چاوشین و مریەم بوبانی.**
**بەشداربووانی تر : فاخر محەممەد بارزانی، وەلید مەعروف، موحەرەم حوسین قادر، بێستون علی قاد.**
**خەڵاتەکان:**
**فیستڤاڵی کان**
**١ACID.خەڵاتی پاراستنی**
**٢. خەڵاتی ڕوانگەی گەنج.**
**٣. خەڵاتی ڕەخنەی گەنجانی ئەورووپا.**
**٢. فیستڤاڵی مۆمبای هێندستان-٢٠٠٩- خەڵاتی ڕەخنەگرانی گەنج.**
**٣. خەڵاتی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی ئامازۆن- بەرازیل-٢٠٠٩- خەڵاتی تایبەتی لیژنەی ناوبژیوانان.**
**٤. فێستڤاڵی مێژوویی پساک- فەرەنسا-٢٠٠٩- خەڵاتی ناوبژیوانانی ئاکادمیک.**
**٥. فێستیڤاڵی براتیسلاوا- سلۆڤاکیا-٢٠٠٩- ناوبژیوانانی گەنجی ئاکادمیک.**
**٦. فێستیڤاڵی ترۆمسۆ- نۆرویژ- ٢٠١٠- خەڵاتی زێرینی دۆنکیشوت.**

### ژانری هونەری (ڕەمز، سور ڕیئالی و ئیستاتیکا)

فیلمی سرتە لەگەڵ با، بەشێوەیەکی سوریالی، بەپشتبەستن بەهونەری سیمبول (هێما) و ئیستاتیکای جیوگرافیاو سروشت، دیمەنی ئەنفالکردنی کوردی گواستووەتەوە. ئەو فیلمە لەلایەن دەرهێنەری کورد شەهرامی عەلیدی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەرهەمهێنراوە. لەشارۆچکەی ڕواندزی سەر بەپارێزگای هەولێر کاری وێنەگرتنی بۆکراوەو لەفیستڤالی کانی فەرەنسا (٦.ی، مەی٢٠٠٩)، دوو خەڵاتی پێبەخشراوە، جگە لەوەی ئەو فیلمە تائێستا لە٣٣ وڵاتدا پیشاندەدرێت و لەخەڵاتکردن بەردەوامە.

ئاگر، دەنگ، نزاو میوزیک هێماگەلێکن لەشێوەی ئیستاتیکادا ڕێکخراون و دەرهێنەر توانیویەتی سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ هونەری هێما (ناساندنی فەرهەنگی کوردی) بکات.

### نزا (ئەو نزایەی چۆکدادانی تێدانییە)

فیلمی سرتە لەگەڵ با، بەنزا دەستپێدەکات و خەڵکی لادێکان نامەی خۆیان رادەستی پیاوێک بەناوی مام باڵدار دەکەن، مام باڵدار (پیاوێکی ئەفسانەییە لەرێگەی ریکۆردێکی شێوە رادیۆییەوە دەنگی ئەو هاووڵاتییانە ریکۆرد دەکات کە دوای تۆمارکردنی دەنگیان ئەنفال دەکرێن و نزاکانیان دەگەیەنێتەسەر ئەو گۆڕستانەی کە دۆعایان بۆ کردووە). مام باڵدار، لەدیدی شەهرامەوە هێمای کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتییە کە گوزراشت لەراستگۆیی تاکەکان و دڵسۆزی دەکات»واتای کۆدەنگی ئەو خەڵکە لەنێو جەستەی ئەو پیاوەدا، هەستی پاکی کۆمەڵگای کوردستان دەردەخات». نزا، لەروانگەی دەرهێنەر شەهرامی عەلیدییەوە، بریتییە لە خولقاندن»مێژووی کورد هەمووی نزابوو. دەرفەتی جوانناسیمان زۆر کەمبوو، تەنانەت میوزیکی ئێمە بەڵگەیە بۆ کۆمەڵناسی، ئەفسانەناسی و زماننناسی. غەزەل و حەیرانی کوردیش پڕە لەنزاو بەیەکنەگەیشتن، تەنانەت شیعرو مۆسیقاو گۆرانییەکانیشمان بەئاخو ئۆف تەواودەبێت، چونکە لەکۆمەڵگایەک دەژین کە شێوەی چەوسانەوەی تێدایە، جا لەبەر ئەو هۆیانە بوو فیلمەکەم بەنزا دەست پێکرد».

لەو فیلمەدا کارەسات بەرەورووی کورد دێت و کورد کارەسات ناخولقێنێت، چونکە نەتەوەیەک کە نەتەوەیەکیتری چەوساندەوە، نەتەوەی چەوسێندراوە حەماسەت دەیگرێت»حەماسەت لەخۆیەوە سەرکەوتنێکی تێدایە، بەڵام تراژیدی نزایە، بۆیە لەسەرەتای فیلمەکەدا پەنام بردووەتەبەر نزا، نزایش لەروانگەی منەوە لەهی خەڵک جیاوازە، نزای من چۆکدادانی تێدا نییە».

### مانەوەو نەمری(بەبەردبوونی ژن)

لەبەشێکی فیلمەکەدا ژمارەیەک ژن لەسەر گۆڕستانێک کۆبوونەتەوەو بەبەرد شێوەی هەرێمێکیان کێشاوە، ئەم دیمەنە لای نامەبەر (مام باڵدار )زۆر بەقووڵی سەیر دەکرێت. هاوکات ژنێک هاوار دەکات و دەڵێ (بەدوای نەمریدا دەگەڕێم). واتای ئەو نەمرییەش بە نزا هاتووەتەگۆ، دواتر ژنەکان وەک پەیکەرێک لای بەردەکان دەمێننەوە، دواتر دەبن بە بەرد. شەهرام، دەڵێ:»ئەو نزاو نەمرییە بەو واتایە دێت کە کورد کاتێ تووشی تراژیدیا هات، ئەو تراژیدیایە بۆسرینەوەی ناسنامەی کورد بوو، ئەو نزایە پیشاندانی هێمایەکە کە ژن لەو فیلمەدا لەنێو گۆڕەکان دەبن بە بەرد». مانای بەبەردبوون لە دیدی شەهرامەوە»هیچ شتێک لەجیهاندا وەک بەرد نییە کە هێمای چاوەڕوانی بێت. بەرد، دەتوانێت هەزاران شەو، مانگ و ڕۆژ لەچاوەڕوانیدابێت، ئەو دایکانەی لەپاڵ بەردەکە وەستان، ئەوانە خۆیان پەیکەرن لەپاڵ بەردەکە. لێرەدا ژنەکان وەک پەیکەرێک لەتەنیشت بەردەکان دەوستن و قسەناکەن، ئەمەش هونەرێکی سورریئالییە وەک چۆن سەیری خانوویەکی رووخاوی کوردستان بکەی و لەخۆتەوە قسەی لەگەڵدا بکەیت، بەهەمانشێوە ئەو بەبەردبوونە هێمای مانەوەو نەمرییە کەبە سەیرکردنێک قسەت لەگەڵ دەکات».

### میوزیک( ژەنینی نزا)

لەبەشێکی دیکەی ئەو فیلمەدا زەماوەندێک پیشاندەدرێت و لەشوێنێکی زۆر بەرزدا کەسێکی میوزیکژەن و گۆرانیبێژ، ساز دەژەنێت کەلە سەرووی هەموو مرۆڤەکانەوەیە. وەک ئەوە وایە کە ژەنینەکە رۆحی ئەو مرۆڤانەبێت و لەبەرگێکی نەمریدا دوا نزای ئەو خەڵکە بگەیەنێت. شەهرام، لەوبارەیەوە دەڵێ:»میوزیکی کوردی مێژو و گێڕانەوەو هونەریشە. پیشاندانی میوزیک لەسەرووی کەسەکانەوە بەمانای مانەوەو پاراستنی کەلتووری کوردستانە، ئەمەش مانایەکە کە ڕۆحیەتی میوزیک و ناسنامەی ئەوکەسانە دەهێڵێتەوە کە مەبەستمان لێی هونەرە». میوزیک، لەو فیلمەدا پردی پەرینەوەی خەونەکانی کوردە کە گوزارشت لە راسپاردنی ئەمانەتێک دەکات ئەویش تۆمارکردنی ناوەکانە بۆ مێژوو، ئەمەش بەلای شەهرامەوە پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتییە.

### پەیکەر لە نزای بەردا

وێرانبوونی جوگرافیاو خاپوورکردنی گوندەکان لەو فیلمەدا دیمەنێکی تراژیدی هەیە، بەڵام شوێنەواری خاپوورکراو مانای مانەوەی کەلتووری کوردستانە. دەرهێنەر دەڵێ:»ئەگەر سەیری هەمبانەبۆرینە بکەیت نزیکەی ٤٠٠ تا٥٠٠ ناوی ئەو گوندانەت بەرچاو دەکەوێت. ئەو گوندانە ئێستا نەماون ئەمە باشترین، وەڵامە بۆ ئەم پرسیارە کە نەوەی ئێستا دوای ئێمە بیرلەوە بکاتەوە کە ئەمانە هەمووی هەبوون، بەڵام ئێستاکە نین، وەک ئەوەی مام باڵدار گوند بە گوند لەو فیلمەدا دەگەڕێت».

ئەو کەسانەی کە هەڵگری پەیامبوون لەو فیلمەدا لە شوێنێک کۆکرانەوەو لەلایەن ڕژێمی عەرەبی عێراقەوە دەستگیرکران. واتای یەکەمی ئەو دەستگیرکردنە لەروانگەی شەهرامەوە ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ پاکتاو و قرکردنی کورد و مانای دووهەمیشی شەڕی ڕاگەیاندنە»شەڕی ئێستا پاکتاوێکی مۆدێرنە کە دەنگی تۆ کپ دەکات و ناهێڵێت بەجیهان بگەیەنرێت. بەمانایەکیتر کاتێ ئەنفال کرا هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن نەهاتە گۆ؟ دەستبەسەرداگرتنی بەمانای ئەو دەسەڵاتە بوو کەهەموو ڕاگەیاندنی جیهانی لەپرسی ئەنفالدا کپ کرد».

### نزای منداڵ لە دیمەنی ئاگردا

لەناوەڕاستی فیلمی سرتە لەگەڵ با، منداڵێک لەگەڵ پیشاندانی دیمەنی ئاگر لەدایکدەبێت و مام باڵداریش دەنگەکەی ریکۆرد دەکات. شەهرام، دەڵێ»ئەنفال مانای هەوڵێکە بۆ نەمانی تۆوی کورد و بەلەدایکبوونی ئەو منداڵە هەوڵێکی نەتەوەی کورد پیشاندەدرێت کە ژیانەوەو پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتییە». لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک منداڵ





وێنەکان: جەواد جەلالی



دەبینرێن کە کۆلارەکانیان بەرەو ئاسمان دەفرێنن، ئەوەش لەدیدی شەهرامەوە نەگەیشتنی دەستی ئەو منداڵانەیە بە ئاسمان. رەنگە لێرە خەیاڵی دەرهێنەر خەونی کورد بێت بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

## هیماکان وەک نزا مانەوە

فیلمی سرتە لەگەڵ با، لەدیمەنێکدا هاوشێوەی فیلمی ئاڤاتاری جێمس کامیرۆنە کاتێ لە ئاڤاتاردا هێرش دەکرێتە سەر خاکی نەتەوەیەک بۆ قڕکردن، باڵندەکانیش شەڕی پاراستنی کەلتووری خۆیان دەکـەن. لە فیلمی شەهرامی عەلیدی، دا کاتێ جیوگرافیای کورد دەڕوخێنرێت، هێماکان ئاسەوارێکن بۆ مانەوەو نەمری، ناسنامەی فەرهەنگی کوردی دەپارێزن.

مـام باڵدار لـەدوا ریکۆردیدا دەنگی منداڵێکی لەدایکبوو لەئێزگەی ئەوکاتی دەنگی پێشمەرگە دا بڵاودەکاتەوە. گریانی ئەو منداڵە هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەڕەمەی کە ژنانی ئەنفاڵ بەبێدەنگی لەو فیلمەدا وەک پەیکەرێک لەپاڵ لوتکەی هەڕەمەکە بوونەتە بەرد. ئەو دیمەنەی فیلمەکە زۆرترین هاووڵاتییانی دنیای سەرسام کردووە.

## ئەو ژنەی بەبێدەنگی مایەوە

بەبەردبوون و دروستبونی هێمای ئەنفال لە تابلۆی ژن لەو فیلمەدا مانای قوربانیبوونی ژن دەگەیەنێت، شەهرام لەودیوی سنووری کوردستانەوە هەستی بەئازاری ئەنفال کردووە. لەو فیلمەدا ئەکتەرێکی گـەورەی فارس بەناوی(خاتوو مریەمی بوبانی) کە خێزانی مام باڵدارە بەشداریکردووە. ئەو ژنە چاوی وەک کامێرایەک لەسەر زۆربەی رووداوەکانە، بەڵام هەرگیز قسە ناکات و بێدەنگە. ئەو ژنە لەو فیلمەدا ناڵەی ١٠٠هەزار دایکی کورد پیشاندەدات کە بەبێدەنگی و بـەردەوام فرمێسکیان رشتووە. شەهرام، هەست بەوەش دەکات کە ژنی کورد وێڕای ئەو قوربانییەی کە داویەتی دیسان لەو فیلمەدا بەدەستی پیاوی کوردیش دەچەوسێندرێتەوە. نامەی هەرزەکارێک کەلەسەر شووشە بۆ خۆشەویستەکەی جێدەهێڵێت و رێگری لەهاوسەرگیرییان دەکرێت، بـاران وشەکانی نامەکە دەسڕێتـەوە. ئەوەش پیشاندانی نەریتێکی نەرێنییە کە تائێستا لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا تارادەیەک ماوەتەوە.

## سرتە لەگەڵ با دەچێتە کان

ئـەم فلیمە لەزیاتر لـە٣٣ وڵاتـدا پیشانداروەو بەزمانگەلی ژاپۆنی، ئەڵمانی، چیک، نۆروێژ، فەرەنسی، ئینگلیزی هیندی و وەرگێڕدراوە. وەک شەهرام، دەڵێ، ئێستا لەسەرانسەری گۆی زەویدا بڵاوبووتەوەو ناتوانێت کۆی بکاتەوە. جاران بەهۆی داخرانی سنوورەکان بەسەر کـورد دا، دەنگی ئەنفال نەدەگەیەشت، بەڵام ئێستا سینەما سنوورەکان دەبەزێنێت و بەخێرایی ئەنفال بەگۆی زەویدا بڵاو دەکاتەوە. شەهرام، دەڵێ:»سەدان و هەزاران ئیمێڵم لەبارەی ئەو فیلمەوە لە تێکڕای جیهان پێگەیشتووە. بەڵام لەگەڵ ئەو پێشوازییە گەرمەی جیهانییان لەهەرێمی کوردستان رێگەنەدرا پیشانبدرێت». شەهرام، دەڵێ پاڵپشتی یەکەمی سینەمای کـوردی نێچیرڤان بارزانی و وەزیری رۆشنبیری پێشوو فەلەکەدین کاکەیی ئەو فیلمەیان لەمەرگ رزگارکرد و لە دواهەنگاویشدا د.بەرهەم ساڵح کارئاسانی بۆ گەیاندین بە فیستیڤاڵی کان کرد.

## سیناریۆیەکی تر

شەهرام عەلیدی، سیناریۆی فیلمێکیتری تەواو کـردووەو دەڵێ:»کوردەکانی ئەورووپا دەستی یارمەتی بۆ کارەکانم درێژ دەکەن و ئەگەر بەپارەی کوردەکانی سەر شەقامیش بێت کارە تازەکەم تەواو دەکەم». ٧٠ ٪ـی ئەکتەرانی فیلمە تازەکەی ژنە. شەهرام، دەڵێ:»فیلمی یەکەمم تۆزێک دیپلۆماسی بوو، تا خەڵکی دنیا ئەو ستەمە ببێنێت کەلە کورد کراوە، بەڵام کاری ئەمجارەم ناوەڕۆکەکەی مۆدێرنەو باس لەپێکەوەژیانی چەندین نەتەوەی جیاواز لەگەڵ کورد دەکات». هەروەها ئاشکرای کرد کە جگە لەچەندین هونەرمەندی بیانی بەناوبانگترین ژنـە گۆرانیبێژی عـەرەب لە فیلمە نوێیەکەیدا بەشداردەبێت.



www.netewe.com

# ئەختەبوتەکە.. مالکی یا عەلاوی ..؟



تەنیا کوردی

مۆندیاڵ کۆتایی هات و ئیسپانیا وەک ملوکەت ئاسا، تاجی شایی تۆپی پێی جیهانی لەسەر نا. بەرلە ٤٠ کاتژمێر لەلایەن ئەختەبوتەکەی ئەڵمانیاوە راگەیاندرا کە ئیسپانیا براوەی یاریکەیە، بەڵام یارییەکەی عێراق کە هەڵبژاردنی پەرلەمان بوو، ماوەی ٣ مانگ زیاترە کۆتایی هاتووەو دەبوو کابینەی نوێ، تا ئەو وادەیە دیاریکرابا. تائێستا ئەنجامی یاریەکە نەزانراوە، لەکاتێکدا یارییەکە بەردەوامە، چونکە کاتی زیادکراو لەتاران و واشنتن، درێژکرایەوە. بەشێکی یارییەکە لەسیستەمی حوکمڕانی عێراقە کە بەدروشم تەوافوقی دیموکراسییە، بەڵام لەجەوهەردا وێستگەی دیاریکردنی حوکم، مەزهەبی-تایفییەو لەدوو دەروازەی پێشوەختەی شیعی و سونیدا دیاریکردنی پۆستە سیادییەکان، لەلایەن ئەختەبوتەکانی ئەمریکاو ئێران، یەکلاکراونەتەوە. ئەختەبوتەکانی عێراق، ئەوەندە زۆرن ئەگەر بەدرێژایی مێژوو هاتبنەگۆ یەکڕاست قڕکراون، بۆیە ئەختەبوتە تازەکانیش کە ئێرانی و ئەمریکین، هەر رۆژەو جارێک عێراقییەک بە دۆڕاو و براوە، دیاریدەکات. ئەختەبوتەکەی عێراق، هەشتپێی نییە تەنیا دوو پێی هەیە..! یەکێکیان لە واشنتن و ئەویتریان لە تارانە. ئەو ئەختەبوتە کەسی ئیزدواجی سیاسی هەڵدەبژێرێت، تا بتوانێت لەدوو هێڵی سیاسی ئیتلاعات و سی ئای ئایدا یاریچییەکی سوپەرهاتریک بێت. ئەختەبوتەکەی مۆندیاڵ سێ دڵی هەبوو، بەڵام ئەختەبوتەکەی عێراق لەوکاتەی کە سێ دڵی (ئەمریکا، ئێران و وڵاتانی عەرەبی) هەیە، کەسانێکی بۆ حوکمرانی عێراق هەڵبژاردوون کە لەرابردوو لەغیابی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکاندا قسەکەرێکی باش بوون.

## ئەختەبوتی شیعە

ئەمەیان لەئێرانەوە دیاریکراوەو هەمیشە گوتوویەتی مالکی و هاوپۆلانی قابیلی موناقەشە نییە. رەنگە ئەختەبوتەکە لێرە سیستانی بێت کە یەکەم مەزهەبی گەورەی شیعی عێراقەو رۆڵی لەدیاریکردنی سەرۆکوەیرانی عێراق هەیە. ئەو ئەختەبوتە یەک دڵ و یەک پێی هەیەو لە تێڕوانینێکی شیعە مەزهەبەوە دەڕوانێتە حوکمی عێراق و تەمەنی تەریقەتی ئەو ئەختەبوتە بێکۆتاییە.

## ئەختەبوتەکەی سوننی

ئەختەبوتەکە، پای تەرازووی بەلای ئەیادعەلاوییەو لە تورکیاو ئەمریکا پێشوەختە بڕیاری خۆی دەرکردووە. ئەو ئەختەبوتە چەندین جەمسەری هەیە، رۆژێک لەسەر خوانی هاشمی، رۆژێک موتڵەگ و سامەرائی، رۆژێکیش بۆمبێکی تەوقیتکراوە.. لەواشنتن عەلاوی هەڵدەبژێرێت و لەتورکیاو سعودیەش، خۆراکی بۆ دەنێردرێت.

## ئەختەبوتەکەی کورد

کورد تەنیا دەیەوی ئەختەبوتەکە بەلای ماددەی ١٤٠و مانەوەی تاڵەبانی لەپۆستی سەرۆککۆمار، بڕوات، بەڵام تائێستا ئەختەبوتەکەی ئەمریکاو ئێران لەبارەی کوردەوە هیچ قسەی نەکردووە. کوردێکی بەشداربووی کۆبوونەوەکانی بەغدا کە شاندی کوردستانی بوو پێیگوتم تائێستا هیچمان بە هیچ نەکردووە کەواتە ئەختەبوتەکە گوناهی چی بێ کە کورد تائێستا رێککەوتنی نەکردووە. بەڵام رەنگە لە کۆشکی سەلامی تاڵەبانی، ئەختەبوتێک بەنهێنی بژی و شای ئەختەبوتەکانیتر بێت، بۆیە هەموو لیستەکان لەسەر مانەوەی تاڵەبانی هاوڕان.

بەهەموو پێودانگێکەوە ئەگەر نفوزی ئەمریکا لەگۆڕەپانی عێراقدا زیادیکردبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەختەبوتەکە بەگوێی واشنتن دەکات و عەلاوی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاریدەکات. ئەگەریش دوا رێنمایی شیعییەکان لەمێزگردێکی تارانەوە خۆراکیان بە ئەختەبوتەکە دا، ئەوا بەدڵنیاییەوە کۆدەنگی شیعەکان مالکی لەپۆستەکە دیڵێتەوە. ئەختەبوتەکە بەرەو دەستنیشانکردنی عەلاوی دەچێ، بەڵام چاوێکیشی لەسەر مالیکییە!! رەنگە ئەختەبوتەکەی مۆندیاڵ بمرێت کە تەنیا شەش مانگی تر دەژیت، تا ئەختەبوتەکەی عێراق، مالکی یان عەلاوی، بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران یەکلا دەکاتەوە.



www.netewe.com